# رێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2016
# رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان

پاڵپشت بە بڕیاری (1)ی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (15) لە (2010/4/5) دەرکراوە، و بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەن (نهێنی) ژمارە (1127) لە (2010/5/5)،

ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرچوواند:


# رێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2016
# رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان


## دەروازەی یەکەم
## حوکمە گشتییەکان ( GENERAL PROVISIONS )

**ماددەی - 1 - پێناسەکان** ( Definitions )

1. **رێککەوتنی چوارچێوە (Framework agreement)**: رێککەوتنێکە لە نێوان یەك یان زیاتر لە دەسەلآتەکانی گرێبەستکردن لەگەڵ یەك یان زیاتر لە دابینکاران یان بەڵێندەران یان پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری بە راوێژکارانیشەوە، مەبەستەکەشی بریتییە لە دیارکردنی ئەو مەرجانەی حوکمی ئەو گرێبەستانە دەکات کە لە ماوەیەکی دیارکراودا دەسپێردرێن، بەتایبەتیش لەوەی پەیوەستە بە نرخەکان، و بڕی پێشبینیکراو لە هەر شوێنێك ئەمە گونجاو بێت.
2. **پێشخستنی لۆکاڵی (Domestic preference)**: ئەو تەکنیکەی بەکارهێنراوە بۆ هاندانی گرێبەستکردن بۆ دابینکردنی ئەو کالآو خزمەتگوزارییانەی لە ناوەوە بەرهەمهێنراون، و بەشداریکردنی بەڵێندەرە لۆکاڵەکان بە پیادەکردنی پەراوێزی پێشخستنێکی نرخانە لەکاتی هەڵسەنگاندنی ریزکردنی تەندەرەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم رێنماییە و ئەو رێژانەی لە پاشکۆی (أ) دەقیان لەسەر کراوە.

3. **تێچووی سووڕی ژیان (Life cycle cost)**: پێوەرێکی هەڵسەنگاندنە بۆ پێوانەکردنی تێچووی یەکێك لە بنەچەکان لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن، بە تێچووی گرێبەستکردن و تێچووەکانی بەستن و بەکارخستن و چاککردنەوە بە درێژایی تەمەنی بەرهەمهێنانی، و بەهاکەی لە کاتی دووبارە فرۆشتنەوەی لە کۆتایی تەمەنی بەرهەمهێنانی. ئەم تێچووەش لەسەر بنەمای پووختەی بەهای هەنووکەیی هەژمار دەکرێت، وە تەنها بۆ بەراوردکردنی تەندەرەکان پەیڕەو دەکرێت نەوەك بۆ دیارکردنی نرخی تەندەرەکە.

4. **دابینکار (بەڵێندەر) (Supplier/ Contractor)**: کەسی سروشتی یان مەعنەوی، یان کۆمەڵێك لەم کەسانە لەوانەی توانایان هەیە کالاَ یان کار یان خزمەتگوزاری بەپێی بابەتی دەق، دابین بکەن. لەوانەیە ئەم پێناسەیە بۆ ئاماژەکردن بە راوێژکاریش بەکار بێت.

5. **هاوبەندیی پێشکەشکارانی تەندەر (Joint venture)**: هاوبەشی یان یەکێتییەکی گرێدراو بە رێککەوتنی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان دوو یان زیاتر لە کەسانی سروشتی یان مەعنەوی لەپێناو بەشداریکردن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن، وە بەرپرسێتی هەر هاوبەشێك بەرپرسێتیەکی کەسێتی و پێکەوەییە (تضامنية).

6. **شیاندنی پێشوەختە (Pre-qualifiaction)**: کۆمەڵێك رێکارە دەسەلاتی گرێبەستکردن پێی هەڵدەستێت بەر لە پێشکەشکردنی تەندەر یان ئۆفەرەکان بۆ دڵنیابوون لە هاتنەدی توانای تەکنیکی و توانای مرۆیی و دارایی و ئامێری پێویست لە لای پێشکەشکارانی داواکاریی شیاندن بۆ جێبەجێکردنی گرێبەست بە رێگەیەکی رازیکارەوە.

7. **شیاندنی دواوەختە (Post-qualifiacation)**: رێکارەکانی هەڵسەنگاندنی شیاوبوونەکانی پێشکەشکاری تەندەرە کە دەسەلاتی گرێبەستکردن پێی هەڵدەستێت بۆ دڵنیابوون لە لێهاتوویی و شیاوبوونەکانی پێشکەشکاری تەندەری سەرکەوتوو بەر لە قەبولکردنی تەندەرەکەی.

8. **بەڵێننامەی نووسراوی گەرەنتیکاری تەندەر (Bid securing declaration)**: بەڵێنێکە بە پابەندبوونی پێشکەشکاری تەندەر لەسەر بێبەشکردنی لە بەشداریکردن لە هەر چالاکیەکی گرێبەستکاریی داهاتوو بۆ ماوەیەکی دیارکراو لە حاڵەتی پێشێلکردنی هەر مەرجێك لەو مەرجانەی لە بەڵێننامەکەدا دەقیان لەسەر کراوە.

9. **دەسەلاتی گرێبەستکردن (Contracting authority)**: هەر وەزارەتێك یان لایەنێکی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگایەك یان ئیدارەیەکی سەربەخۆ یان ئەو فەرمانگانەی سەر بە ئەون. زاراوەکە "خاوەنکار" یان هەر لایەنێکی سوودمەند دەگرێتەوە کە دەسەلاتی گرێبەستکردن بە بریکاری ئەو رێکارەکانی گرێبەستکردنی ئەنجامداوە.

10. **کۆمپانیا نیشتیمانییەکان (National companies)**: هەر کۆمپانیایەکی دامەزراو بەپێی یاسا لە ناو عێراقدا و لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی – حکومەتی ئیتیحادی و/یان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی بنەمایی (أصولي) تۆمار کراوە.

11. **کۆمپانیا بیانییەکان (Foreign companies)**: هەر کۆمپانیایەکی دامەزراو بەپێی یاسا لە دەرەوەی عێراق و بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمار کراوە یان لقێکی هەیە لە هەرێمی کوردستان.

12. **ماوەی راوەستان (Standstill period)**: ئەو ماوەیەی لە ناردنی ئاگادارکردنەوە دەست پێدەکات بەو شێوەیەی لە ماددەی (37/دووەم) یان ماددەی (54/حەوتەم)ی ئەم رێنماییە داواکراوە، و تیایدا ناکرێت دەسەلآتی گرێبەستکردن تەندەر یان ئۆفەری سەرکەوتوو قەبول بکات و نووسراوی سپاردن دەربکات و تیایدا دەکرێت پێشکەشکارانی تەندەر تانە بگرن لەسەر بڕیاری سپاردنی پێشنیازکراو، بەپێی ماددەی (63).

13. **باشترین بەهای دارایی گشتیی (Value for money)**: بەکارهێنانی دارایی گشتی بەو شێوازەی زیاترین بڕی سوود بۆ دەسەلآتی گرێبەستکردن دەهێنێتە ئاراوە لە ئابووریی و کارامەیی و کاریگەری پرۆسەی گرێبەستکردن، و ئامانجە کارپێکراوەکانی بەردەوامیی، پالپشت بە هەلسەنگاندنی تێچووەکان و سوودەکان و مەترسییەکان لە ماوەی سووڕی ژیاندا.

14. **نووسراوەکی/ بەنووسین (In writing or written)**: هەر گوزارشتکردنێك بە پیت یان ژمارە کە دەکرێت بخوێندرێتەوە یان دووبارە کۆپی بکرێتەوە و دواتر پێڕاگەیاندنی پێبکرێت، وە لەوانەیە ئەو زانیاریانەش بگرێتەوە کە بە ئەلیکترۆنی نێردراون و سێیڤکراون.

15. **پێشکەشکاری تەندەر (Bidder)**: هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، یان هەر یەکێتییێکی نێوانیان لەسەر شێوەی هاوبەندی بەپێی رێککەوتنێك کە لە ئارادایە یان لەسەر بنەمای نیاز بۆ چوونە نێوی بە فەرمی، کە پالپشت بێت بە نووسراوێکی نیاز بە چوونەناوەوەی هاوبەندییەکە.

16. **پیادەکاریی فریودانەیی (Fraudulent practice)**: هەر کردارێك یان نەکردنی کردارێك بە تەحریفکردنیشەوە کە بە پێزانین یان ملهوری ببێتە مایەی سەرلێشێواندنی لایەنێکی دیکە بۆ دەستکەوتنی سوودێکی دارایی یان هەر سوودێکی دیکە، یان خۆدوورخستنەوە لە پابەندبوونێك، یان بۆ کاریگەری خستنەسەر پرۆسەی گرێبەستکردن یان جێبەجێکردنی گرێبەست.

**17. ئاستەنگ دروستکردن (Obstructive practice):**

أ. تێکدانی بەئەنقەست یان ساختەکاریی یان گۆڕین یان شاردنەوەی بەڵگەکان لە لێکۆڵینەوە، یان درکاندنی قسەی ناڕاست بۆ لێکۆڵەرەکان لەپێناو لەمپەرخستنە بەردەم لێکۆڵینەوە لە مەزەندەکانی (مزاعم) گەندەڵی یان فریودان یان زۆرلێکردن یان پیادەکاریی دەستتێکەڵکردن، و/یان هەڕەشەکردن یان تەنگاوکردن یان ترساندنی هەر لایەنێك بۆ ڕێگەگرتن لێی لە ئاشکراکردنی زانیارییەکانی لەو پرسانەی پەیوەندارن بە لێکۆڵینەوە یان بەردەوامی لێکۆڵینەوە.

ب. ئەو کارانەی ئامانجیانە بەڕاستی ئاستەنگ بخەنە بەردەم پیادەکاریی ئەو پشکنین و ووردبینیکردنەی بەپێی یاسای بەرکار ئەنجام دەدرێت.

**18. پیادەکاریی دەستێکەڵکردن (Collusive practice):** ڕێککردن لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر، پێش یان دوای پێشکەشکردنی تەندەر بۆ هێنانەکایەی مەبەستێکی ناڕەوا، بە کارلێکردن بەشێوەیەکی نابنەماییشەوە لەسەر ڕەفتارەکانی لایەنێکی دیکە بۆ دابەشکردنی گرێبەستەکان لە نێوان پێشکەشکارانی تەندەر، یان جێگیرکردنی نرخی تەندەر لە چوارچێوەی ئاستی دەستکردی ناکێبڕکێکار یان شتی دیکە، بۆ بێبەشکردنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە سوودەکانی کێبڕکێی ئازاد و کراوە.

**19. پیادەکاریی گەندەڵی (Corrupt practice):** هەر خستنەڕوویێك یان پێدانێك یان وەرگرتنێك یان داواکردنێك، چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، بۆ هەر شتێکی خاوەن بەها بۆ کارلێکردن بەشێوەیەکی ناڕەوا لەسەر کردارەکانی لایەنێکی دیکە بۆ کارلێکردن لەسەر پرۆسەی گرێبەستکردن یان جێبەجێکردنی گرێبەست، بە هاندانیش لەسەر ئەنجامدانی کرداری ناگونجاو و دەستخستنەناو توانای پێشکەشکارانی تەندەر بۆ بەشداریکردن لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن.

**20. پیادەکاریی زۆرەکیی (Coercive practice):** هەر لاوازکردن یان زیانگەیاندن یان هەڕەشەکردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە لاوازکردن یان زیانگەیاندن بە هەر لایەنێك یان مولکوماڵی ئەو لایەنە بۆ کاریگەری لێکردن بەشێوەیەکی ناڕەوا لەسەر ڕەفتارەکانی و بەشدارکردنی لە پرۆسەی گرێبەستکردن، یان لەسەر جێبەجێکردنی گرێبەست.

**21. دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە (Pre-qualification documents):** ئەو دۆکیومێنتانە لەخۆ دەگرێت کە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی داواکارییەکان و خشتەکانی ئامادەکراو لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن و ڕەنگدانەوەی پێداویستی و داواکارییەکانیەتی و/یان لایەنەکانی سوودمەند لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

**22. گرێبەستکردنی بەردەوامپێدراو (Sustainable procurement)**: ئەو پرۆسەیەی لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێداویستییەکانی لە کاڵا و کار و خزمەتگوزارییەکانی دەست دەکەوێت بەشێوەیەك کە باشترین بەها بۆ دارایی گشتی دەهێنێتە کایەوە لەسەر بنەمای تەواوی سووڕی ژیانی ئەو پێداویستییانە لە ڕووی هێنانەکایەی سوود بۆ دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن و کۆمەڵگە و ئابووریی و کەمکردنەوەی زیانەکان لەسەر ژینگە.

**23. گوژمەی تەرخانکراو (Allocated budget)**: پارەدانی (تمویل) تەرخانکراو بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ مەبەستەکانی گرێبەستکردن و تێچووی مەزەندەکراوی (خەملێندراو) گرێبەست لەخۆ دەگرێت لەگەڵ تێچووی سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی گرێبەستەکە و تێچووە کارگێڕییە پەیوەندارەکانیش بە گرێبەستکردنەوە بۆی، سەرباری گوژمەی یەدەگیش.

**24. تەندەر یان ئۆفەرە هاوتاکان (Tied bids or proposals)**: ئەو تەندەر و ئۆفەرانەی وەڵامدەرن بۆ پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی لێهاتوون و پلە و پایەی وەك یەکیان وەرگرتووە لە دوای هەڵسەنگاندن.

## ماددەی - 2 – ئامانج و پرنسیپەکان (Objectives and principles)

**یەکەم**: ئامانجەکانی ئەم ڕێنماییە بریتین لە:

أ. دیارکردنی ئەو ئامانج و بنەما گشتییانەی لەسەر پلاندانان بۆ گرێبەستکردن پیادە دەکرێت، و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان لە فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی لە بوارەکانی کاری گشتی و کاڵا و خزمەتگوزاری دیکەی پەیوەندار، و گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی، و گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی ناڕاوێژکاریی لەگەڵ کەسانی سروشتی یان مەعنەوی لەوانەی عێراقین یان عێراقی نین.

ب. ڕێکخستنەکانی میتۆدەکانی جێبەجێکردن.

جـ. دیارکردنی ئەو لایەنانەی ڕێگەپێدراون بە کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەرەکان و سپاردنی گرێبەستەکان.

د. ڕێکخستنی پێشکەشکردنی سکاڵا، و پێشکەشکردنی داواکارییەکان بە ئەنجومەنی پێداچوونەوەی سکاڵای گرێبەستکردنەکان (ئەنجومەنی پێداچوونەوە)ی دامەزرێنراو بەپێی ماددەی (71).

هـ- دیارکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکانی فەرمانگەکانی گرێبەستکردن.

ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، پێویستیی هەڵسان بە گشت ڕێکارەکانی گرێبەستکردن ڕەچاو دەکەن بەشێوەیەك کە هاودەرفەتی و هێنانەکایەی باشترین بەهای دارایی گشتی و گونجاوی

گرێبەستکردن بۆ مەبەستی داواکراو و پتەوکردنی شەفافیەت، و دەستپاکی، و دادپەروەری و یەکسانی لە کێبڕکێ، و بەردەوامپێدراویی، و لێپرسینەوە، مسۆگەر بکەن.

**دووەم**: ئامانجی هێنانەکایەی باشترین بەهای دارایی گشتی لە کاتی گرێبەستکردن لەسەر کار یان کالاٌ یان خزمەتگوزاری پێویست بە دۆزینەوەی باشترین ئەنجام کە لە توانادا بێت بۆ تێچووی گشتیی خاوەندارێتی (بۆ نموونە، تێچووەکانی سووڕی ژیان)، بەپێی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی نرخی و نانرخی جێگیرکراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە.

**ماددەی – 3 – چوارچێوەی پیادەکردن ( Scope of application )**

**یەکەم**: حوکمەکانی ئەم رێنماییە پیادە دەکرێن لەسەر ئەو گرێبەستانەی دەسەلاٌتەکانی گرێبەستکردنی گشتی ئەنجامی دەدەن، لەگەڵ بەشداربووە عێراقی و ناعێراقییەکان بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی کار و/یان خزمەتگوزاریی راوێژکاریی و خزمەتگوزاریی ناراوێژکاریی و/یان دابینکردنی کالاٌ یان خزمەتگوزاریی پەیوەندار بەو پرۆژانەی ئاماژەیان پێکراوە.

**دووەم**: ئەگەر حوکمەکانی ئەم رێنماییە ناکۆك بێت لەگەڵ پابەندبوونەکانی حکومەتی هەرێم یان ئەو پابەندبوونانەی دروستبوون لە هەر حاڵەتێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ. پەیماننامەیەك یان هەر شێوەیەکی دیکەی رێککەوتننامەیەك کە هەرێم لایەنە تیایدا لەگەڵ یەك دەوڵەت یان زیاتر.

ب. رێککەوتننامەیەك لەگەڵ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پارەدانی (تمویل) حکومیی.

ئەوا پێداویستییەکانی پەیماننامەکە یان رێککەوتننامەکە حوکم دەکات، و گرێبەستکردن لە گشت لایەنەکانی دیکە ملکەچ دەبێت بۆ حوکمەکانی ئەم رێنماییە.

**سێیەم**: حوکمەکانی ئەم رێنماییە پیادە ناکرێن لەسەر گرێبەستەکانی هەڵکۆڵین و دەرهێنانی نەوت و گاز کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات. ئەم گرێبەستانە هەر بە ملکەچی دەمێننەوە بۆ حوکمەکانی یاسای نەوت و گازی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی - 4 – پلاندانان بۆ گرێبەستکردن (Procurement planing)**

**یەکەم**: أ. دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن هەڵدەستن بە پرۆسەی پلاندانان بۆ گرێبەستکردنەکان بە ئامادەکردنی پلانێکی ساڵانەش بۆ مەبەستەکانی ئامادەکردنی بودجە، و ئامادەکردنی پلانەکانی گرێبەستکردن بۆ پرۆژە و پلانەکانی گرێبەستکردنی تاکانە. پێویستە هێنانەکایەی باشترین بەهای دارایی گشتی پرنسیپێکی ناوەندیی بێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی پلانەکانی گرێبەستکردن.

ب. پلانی گرێبەستکردنەکانی ساڵانە ئەوەی لەگەڵ بودجەی پەیڕەوکراو کۆکە لە سەرەتای ساڵی دارایی لە دەروازەی ئەلیکترۆنیی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستکردنە گشتییەکان رادەگەیندرێت کە بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم) بڕیار دراوە.

**دووەم**: پێویستە لەسەر گشت دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن ئەم پێداویستییانەی خوارەوە پێش ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە، تەواو بکەن:

أ. بوونی پەسەندکردنێکی پێشوەختە لە وەزارەتی پلاندانان لەسەر راپۆرتەکانی کەلکی تەکنیکی و ئابووریی بەپێی ئەو رێکارانەی پەیڕەوکراون پێش دەستکردن بە رێکارەکانی گرێبەستکردن. فۆرمی داواکردنی پرۆژە لەگەڵ ئەم راپۆرتانە هاوپێچ دەکرێت لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەکە بۆ خستنەناوەوەی لە پلانی ساڵانە لە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەی خاوەن داهاتی ئابوورین وە بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و ژێرخان و دووبارە شیاندنەوە (ئەو پرۆژانەی خاوەنی داهاتێکن کە شیاوی پێوانەکردنی بڕەکی نین) راپۆرتی تەکنیکی ئامادە دەکرێت لە جیاتی راپۆرتی کەلکی تەکنیکی و ئابووریی.

ب. بوونی لێکۆڵینەوەیەکی نوێکراو بۆ تێچووی مەزەندەکراوی بابەتی گرێبەستکردن کە دەسەڵاتی پەیوەندار بەدیارکردنی خەسڵەتە تەکنیکییەکان و خشتەی بڕەکان و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی هاتوو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە ئامادەی دەکات، بە پشتبەستن بە راپۆرت یان لێکۆڵینەوەی کەلکی تەکنیکی و ئابووریی یان ئەو کارەی داواکراوە جێبەجێ بکرێت هەروەك لە بڕگەی (أ)ی سەرەوەدا باسکراوە، لە پێناو بەکارهێنانی وەك پێوەرێك بۆ شیکردنەوە و سپاردنی گرێبەستەکان.

جـ- پێویستە تێچووی مەزەندەکراوی گرێبەستکردن کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئامادەی دەکات، بەرزترین بەهای سەرجەمی مەزەندەکراوی گرێبەست یان گشت ئەو گرێبەستانەی لە پلاندایە ببەسترێن بەپێی رێککەوتنی چوارچێوەی لە ماوەی تەواوی وادەکەی، لەخۆ بگرێت، لەگەڵ رەچاوکردنی گشت شێوەکانی قەرەبووکردنەوە.

د- پێویستە پێداویستییەکانی گرێبەستکردنەکان بەش بەش نەکرێن بەمەبەستی خۆدووورخستنەوە لەو ئاستە پارانەی لەم رێنماییە یان رێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانە دەقیان لەسەر کراوە.

هـ- گوژمەی تەرخانکراوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی گرێبەست لە بودجەی ساڵانە دابینکراو بێت بە پشتگیریکردنی لایەنە تایبەتمەندەکان (وەزارەتی پلاندانان و/ یان وەزارەتی دارایی و ئابووریی) لەگەڵ ئاماژەکردن لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بۆ ریزبەندی تایبەت بە پرۆژەکە لە پلانی گرێبەستکردندا.

و- پێویستە مەرجەکانی گرێبەست و خەسڵەتە تەکنیکییەکان و نەخشە ئەندازەییەکان و خشتەی برەکان و مەرجەکانی مەرجەعیەت و پێداویستییەکانی دیکەی جێبەجێکردنی گرێبەست وورد و تەواوکراو بێت بۆ خۆدووورخستنەوە بەپێی توانا لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری یان سەرباركردن لەسەر گرێبەست لەکاتی جێبەجێکردندا، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو دەسەڵاتە داراییانەی تەخویلکراون بۆ تێڕوانین لەم بابەتە ئەوانەی لە رێنمایی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانەی هەرێم و پێڕەو و رێنماییەکانی دیکەی پەیوەندار دەقیان لەسەر کراوە.

ز- مسۆگەرکردنی هاتنەدی ئەم پێداویستییانەی خوارەوە وەك هەنگاوی بەرایی گرێبەستکردن:

1. بەدەستهێنانی رەزامەندی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لەوەی پەیوەستە بە پێگە و تەرخانکردنی زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لەکاتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی کار.
2. لابردنی کێشە یاسایی و ئاستەنگە ماددییەکان ئەگەر لە پێگەی کار هەبێت لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی کار، بە رێکارەکانی بەخاوەنکردنی زەوی پێگەکە، و کوژاندنەوەی مافەکانی رەفتارکردن لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانیشەوە.
3. پێویستە پێگەکە هەموو یان بەشێکی ئامادە بێت بۆ دەستکردن بەکار تیایدا بەو شێوەیەی گونجاو دەبێت لەگەڵ ئەو بەرنامە زەمەنییەی بڕیاردراوە.

ح- هەڵسان بە هەر رێکارێکی دیکە کە سروشتی کارەکە یان ئەو گرێبەستەی داواکراوە جێبەجێ بکرێت پێویستی دەکات.

**سێیەم**: پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەم پێداویستییانەی خوارەوە تەواو بکات پێش ئامادەکردنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بۆ دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییە ناراوێژکارییەکان:

أ. دیارکردنی پێویستیی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ کەرەستە و خزمەتگوزارییەکان، و دڵنیابوون لەم پێویستییانە بە هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لایەنە سوودمەندەکان.

ب. دەبێت پێویستییەکان خەسڵەتی تەکنیکی وورد لەخۆبگرن.

ج. بوونی لێکۆڵینەوەیەکی نوێکراو و وورد بۆ تێچووی مەزەندەکراوی ئەو کەرەستە و/یان خزمەتگوزارییانەی داواکراوە دابین بکرێن کە لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لایەنە سوودمەندەکان ئامادەکراوە بەپێی حوکمەکانی برگەی (دووەم/ب)ی ئەم ماددەیە.

د- گوژمەی تەرخانکراوی پێویست بۆ پرۆسەی دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، دابینکراو بێت بە پشتگیریکرنی فەرمانگەی تایبەتمەند لە دەسەڵاتی پەیوەندداردا.

هـ- بەدەستهێنانی رەزامەندییە پێویستەکان لە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی دابینکردنی کاڵا و/ یان خزمەتگوزارییەکان بەگوێرەی دەسەڵاتە داراییە بەرکارەکان.

**چوارەم**: بەهای یەك کۆمەڵە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بە نرخێك دیار دەکرێت کە بگونجێت لەگەڵ گرنگی و تێچووی ئامادەکردنی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی لە پاشکۆی (ج)دا هاتووە بۆ هاندانی بەشداریکردنی راستەقینە (جدي) تیایدا، وە پێشکەشکاری ئەو تەندەرەی کە پێشتر بەشداربووە لەو کەمکردنەوەیەی دووبارە راگەیاندراوەتەوە بۆی هەیە پسوولەی کڕینی پێشوو لەگەڵ دۆکیومێنتەکانی تەندەرەکە لەکاتی دووبارەکردنەوەی پێشکەش بکات، وە لە حاڵەتی هەمووارکردنی نرخەکانی کڕینی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە لە کاتی دووبارە کردنەوەیدا ئەوا پێشکەشکاری تەندەرەکە جیاوازی نێوان هەردوو نرخ لە ئەستۆ دەگرێت و هەردوو پسوولەی یەکەم و دووەم لەگەڵ تەندەرەکەی هاوپێچ دەکات.

## ماددەی – 5 – شێوازی گەیاندنەکان ( Form of communication )

**یەکەم**: أ. ئەو دۆکیومێنت و ئاگادارکردنەوە و بڕیار و زانیاری و گەیاندنەکانی دیکەی نێوان دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن و پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی لەم رێنماییە دەقیان لەسەر کراوە، پێویستە نووسراو بن.

ب. خستنەناو و بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان لە رێکارەکانی گرێبەستکردندا ملکەچ دەبن بۆ رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

جـ. دەسەڵاتی گرێبەستکردن، کاتێك بانگهێشتی پێشکەشکارانی تەندەر دەکات بۆ بەشداریکردن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن، ئەمانەی خوارەوە دیار دەکات:

1. پێداویستیی تایبەت بە شێوازی گەیاندنەکان.

2. ئەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێن بۆ گەیاندنی زانیارییەکان لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات بۆ پێشکەشکارانی تەندەر یان هەر کەسێکی دیکە، یان لە پێشکەشکارانی تەندەر بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان بۆ هەر قەوارەیەکی دیکە کە نوێنەرایەتی دەکات.

3. ئەو ئامرازانەی بۆ دابینکردنی گشت پێداویستییەکان بەکاردەهێنرێن بەپێی ئەم ڕێنماییە لەوەی پەیوەستە کە زانیارییەکان نووسراو بن لەگەڵ واژووکردن.

4. ئەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێن بۆ بەستنی هەر کۆبوونەوەیەك لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر.

5. ئەو ڕێگەیەی پێشکەشکارانی تەندەر زانیارییان دەست دەکەوێت لەسەر ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی تەندەر بەئەلیکترۆنی، بە هەر ڕێوشوێنێکیشەوە کە پەیوەستە بە ئاسایشی زانیارییەکان یان کات مۆرکردن.

**دووەم**: لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستکردن بە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان، ئەمانەی خوارەوە لە سەر دەسەلاتی گرێبەستکردن پێویستە:

أ. مسۆگەرکردنی ڕێکارەکانی ئەنجامدانی پرۆسەکانی گرێبەستکردن بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و سۆفتویرەکان (بەو شتانەی پەیوەستن بە دۆکیومێنتکردن و جەفرەکردنی زانیارییەکانیشەوە) ئەوانەی بەردەستن بۆ گشت پێشکەشکارانی تەندەر و شیاوی کاری دوولایەنەن لەگەڵ سیستەمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاریی بەردەست بەگشتی، و بەشداریکردنی پێشکەشکارانی تەندەر لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن سنووردار ناکات.

ب. پەیڕەوکردنی ئەو میکانیزمانەی دەسپاکی داواکارییەکانی بەشداریکردن و پێشکەشکردنی تەندەر بە دیارکردنی کاتی وەرگرتن و ڕێگەگرتن لە گەیشتنی ناگونجاوی داواکاری و تەندەرەکان.

ج. بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی بەشداریکردنی تەواو و هاوکاتی پێشکەشکارانی تەندەر لە هەر کۆبوونەوەیەك کە لەگەڵ دابینکاران/ بەڵێندەران/ پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکان دەبەسترێت.

د- دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ دەستەبەرکردنی ڕاستیی و سەلامەتیی و نهێنی زانیارییە پەیوەندارەکان.

هـ- وەرنەگرتنی هیچ ڕەسمێك بەرامبەر بە دابەزاندنی (download) دۆکیومێنتەکانی تەندەر یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە ئەوانەی بەشێوەی ئەلیکترۆنی بەردەستن.

**سێیەم**: دەسەلاتی گرێبەستکردن ئاستی ئاسایشی پێویست بۆ ئامرازەکانی گەیاندنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی دیارکراو بۆ پرۆسەی گەرێبەستکردن دیاردەکات بەو شێوەیەی گونجاو بێت لەگەڵ ئەو مەترسییانەی ئەم قۆناغانە لەخۆی دەگرن و بەپێی ئەو ڕێسا و ڕێکارانەی کارپێکراون.

**چوارەم**: پێویستە بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان لە گرێبەستکردن خەسڵەتی دەستەبەرکردنی ڕێڕەوێك بۆ ووردبینیکردنی ئەلیکترۆنی مامەڵەکان و ڕێگەدان بە دەزگاکانی چاودێریکردن بۆ دڵنیابوون لە ئاسایش و سەلامەتیی سیستەمەکان لە هەر کاتێك بێت، لەخۆ بگرێت.

## ماددەی-6– دارشتنی خەسڵەتە تەکنیکییەکان ( Formulation of technical specification )

**یەکەم**: پێویستە ئەو دۆکیومێنتانەی کەمکردنەوە و دیارکردنی خەسڵەتەکان و نەخشە و وێنە و دیزاینانەی خەسڵەتە تەکنیکییەکان کوالیتیی کاڵاکان یان کارەکان یان خزمەتگوزارییە پێویستەکان دیار دەکەن، هەروەها پێداویستی تایبەت بە پشکنینەکان و جۆرەکانی و پڕکردن (تعبئة) و داپۆشین (تغليف) و هێمادانان و پۆلینکردن یان بڕوانامەکانی وەکیەکیی و هێماکردن (ترميز) و زاراوە و یان وەسفکردنی خزمەتگوزارییەکان و هەر مەرجێکی دیکەی گرێبەستکردن، ئامادە بکرێن بە ڕێگەیەکی بابەتیانە بەپێی توانا لەسەر بنەمای ئەنجامدان و وەزیفە بۆ هێنانەدی بەرزترین ئاستی کێبڕکێ و خۆدوورخستنەوە لە دروستکردنی ئاستەنگی ناپێویست لەبەردەم بەشداریکردنی پێشکەشکارانی تەندەر لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن.

**دووەم**: بەدەر لە پێویستبوون و لەبەر هۆی یەکخستنی پێوانەیی بەپێی ماددە (45)، نابێت خەسڵەتە تەکنیکییەکان یان دۆکیومێنتەکانی دیکەی کەمکردنەوە هیچ پێداویستییێك یان نیشانەیەکی بازرگانی یان ناوێکی دیارکراو یان مارکەیەك یان دیزاینێك یان جۆرێك یان شوێنلێدروستکراوێکی دیارکراو یان بەرهەمێك یان پێشکەشکارێکی خزمەتگوزاری، لەخۆ بگرێت، تەنها ئەگەر ڕێگەیەك نەبێت بۆ وەسفکردنی پێداویستییەکان یان تایبەتمەندییەکانی بابەتی گرێبەستکردنەکە بەووردی و بەڕوونی. ئەوکاتە پێویستە ووشەی وەك "یان ئەوەی هاوشانیتی لە کارکردن" یان هەر مەرجێکی هاوشێوە لە خەسڵەتەکان یان پێداویستییەکان، جێگیر بکرێت.

**سێیەم**: أ. پێویستە جیاکارییەکان (مميزات) و پێداویستی و هێما (رموز) و زاراوەی پێوانەیی پەیوەندار بە خەسڵەتە تەکنیکییەکان و کوالیتی و ئەنجامدانی بابەتی گرێبەستەکە، بەکاربهێندرێن هەر کاتێك لەتوانا دابێت لە دارشتنی خەسڵەتەکان بۆ ئەوەی بخرێنەناو دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە ئەگەر هەبێت.

ب. پێویستە بەکارهێنانی زاراوە بازرگانییە یەکخراوەکان یان هەر مەرجێکی پابەندکاریی یەکخراو ڕەچاو بکرێت، هەر کاتێك لە توانا دابێت، لە دارشتنی بەند و مەرجەکانی کەمکردنەوە و گرێبەست یان ڕێککەوتنی چوارچێوە ئەوەی لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن ئەنجام دەدرێت، هەروەها لە دارشتنی لایەنەکانی دیکەی پەیوەندار لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە، ئەگەر هەبێت.

## ماددەی - 7 – بەردەوامکاری لە بواری گرێبەستکردنی گشتیدا

Sustainability policies in public procurement

**یەکەم**: بە کارکردن و بەپێی ئەو سیاسەت و ئاراستانەی لە لایەن وەزارەتی پلاندانان یان دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی دیکە دەردەکرێن، و سەرباری لەبەرچاوگیراوی کوالیتی و تێچوو و باشترین بەهای دارایی گشتی لە دیارکردنی پێداویستییەکانی گرێبەستکردن، پێویستە پێوەرەکانی شیاندن و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و ئاماژەکانی بەجێگەیاندنی گرێبەست، رەگەزەکانی گرێبەستکردنی بەردەوامکاریی لەخۆ بگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. هەڵسەنگاندنی تێچووەکان و سوودەکان لە ماوەی سووڕی ژیاندا.

ب. کڕینی کاڵا و کارەکان و خزمەتگوزاری دۆستی ژینگە، بۆ نموونە بەو کاڵا و پێکهاتانەشەوە کە خاوەن کارامەیی بەرزن لە بەکارهێنانی ووزە وەك بەشێك لە ستراتیجییەتێکی گشتگیر بۆ سنووردارکردنی هەڵقولانی گازە گەرمەکان.

جـ- بەکارهێنانی ووزەی نوێکراوە.

د- کەمکردنەوەی بەکاربردنی ئاو و لەدەستدانی.

هـ- سنووردارکردنی خاشاك و هاندانی گۆڕینی کەرەستەکانی و هاندانی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی ریسایکل کراون لە دروستکردن و دووبارە بەکارهێنانەوە و دووبارە ریسایکل کردنیان.

و- سیاسەتەکانی بەڕێوەبردنی سوارۆ و ئامێر و کەرەستەی دیکەو ئەو پیادەکردنانەی جەخت دەکەنەوە لە توانستی سووتەمەنی و جۆرەکانی سووتەمەنیی جێگرەوە.

ز- پتەوکردنی رۆشنبیریی بەرپرسێتی هاریکاری، کە وێرای پیادەکاری و پرۆسەکان و بەرهەمەکانی دۆستی ژینگە، کاری کۆمەڵایەتی (بارودۆخی کار و شەفافیەت) و کاری مەدەنی (گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییەکان و هی دیکە) و کاری ئابووریی (نرخی باش و کوالیتی بەرز و پەیوەندیی بازرگانی باش لەگەڵ خاوەن کار و بەڵێندەرەکان) لەخۆ دەگرێت.

ح- پتەوکردنی گەشەپێدانی ئابووریی و مرۆیی لە هەرێم بە کەرتی کارە قەبارە بچووك و مامناوەندییەکانیشەوە.

**دووەم**: پێویستە هەر پابەندبوونێکی سەپێندراو لەسەر پێشکەشکاری تەندەری براوە گەرەنتی بکرێت (تضمین) لە ئەنجامی سیاسەتەکانی گرێبەستکردنی بەردەوامکاری لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە لەگەڵ دیارکردنی پەیوەندی بە جێبەجێکردنی گرێبەستەوە.

## ماددەی - 8 – پێداویستییەکانی لێهاتوویی ( Eligibility requirements )

**یەکەم**– پێویستە لەسەر پێشکەشکاری تەندەر پێداویستییەکانی لێهاتوویی ئاماژەپێکراو لەخوارەوەی لێ بێتەدی بۆ ئەوەی شیاو بێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەست یان پێشکەشکردنی تەندەرێك لە حاڵەتی شیاندنی پێشوەختەدا، ئەوەی پتەوکراوە بە دۆکیومێنت بەپێی ئەو شێوازەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە دیارکراوە:

أ. لێهاتوویی یاسایی بۆ ئەنجامدانی گرێبەست.

ب. نەدار (معسر) نەبێت یان نەخرابێتە ژێر پاسەوانیی دادوەریی یان مایەپووچ نەبێت یان لەژێر مایەپووچی نەبێت یان هەڵپەساردنی چالاکییە بازرگانییەکان نەیگرێتەوە، هەروەها ملکەچ نەبێت بۆ ڕێکارە یاساییەکانی هەر کامێك لەوانەی پێشتر ئاماژەیان پێکراوە.

ج– پابەندبوونەکانی باج و بیمەی کۆمەڵایەتی تێدا بێتەدی.

د– هاودژی لە بەرژەوەندییەکان نەبێت ئەوەی لەوانەیە سوودی هەبێت بۆی لە بردنەوەی گرێبەستەکە سەرباری سەرنەکەوتوویی.

هـ– حوکم نەدرابێت بەهیچ تاوانێکی تاوانکاریی پەیوەست بە ڕەفتارخراپیی بازرگانی یان پیشەیی یان پێشکەشکردنی داتای ناڕاست بۆ مەبەستەکانی شیاندن بۆ گرێبەستکردن، لە ماوەی سێ ساڵی پێش ڕێکارەکانی گرێبەستکردن.

و– لەو کەسانە نەبێت کە بێبەشکردن لە بەشداریکردن بەپێی ماددەی (94)ی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە.

ز– بەشداربوو نەبێت لەگەڵ پێشکەشکارێکی تەندەرێك کە ئێستا لە ژێر حاڵەتی بێبەشکردن دایە.

ح– بەجێگەیاندنی پێداویستییەکانی تۆمارکردن یان پۆلینکردن ئەوانەی کارپێکراون.

گ– بێبەشکردن لە بەشداریکردن بەپێی یاسا یان ڕێنمایی دەرکراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و/ یان حکومەتی ئیتیحادی عێراقی، نەیگرێتەوە ئەوانەی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ وڵاتی پێشکەشکاری داواکاریی شیاندنی پێشوەختە یان تەندەر قەدەغە دەکەن.

ی- پابەندبوونی بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بەشی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەسەر پیادە بکرێت، وە لە وڵاتێك نەبێت کە قەدەغەکراوە لە سەر کۆماری عێراقی ئیتیحادی بەپێی ئەم بڕیارانە هەر کاڵایەکی لێ هاوردە بکات یان گرێبەست بکات بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێك یان خزمەتگوزارییەك لێیەوە یان خەرجکردنی هەر پارە پێدانێك (مدفوعات) بۆ ئەو کەسانە یان لایەنانەی لەوێوەن.

**دووەم–** پێویستە ئەو تەندەرە یان ئەو داواکارییەی شیاندن ڕەتبکرێتەوە کە پێشکەشکارەکەی ئەو پێداویستییانەی لێ نایەتەدی کە لە بڕگەی (یەکەم) دەقیان لەسەر کراوە.

**سێیەم–** پێشکەشکاری تەندەر بۆی هەیە تەنها یەك تەندەر پێشکەش بکات یان بەشداری تیادا بکات لە کەمکردنەوە، یان لە یەك داواکاری لە ڕێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە، ئەویش یان بەشێوەی تاکانە یان وەك هاوبەشێك لە هاوبەندیی پێشکەشکارانەی تەندەر. وە بەشداریکردن لە زیاتر لە یەك داواکاری لە هەمان پرۆسەی شیاندنی پێشوەختە یان بە زیاتر لە یەك تەندەر لە هەمان کەمکردنەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ نەشیاوبوونی سەرجەم داواکارییەکانی شیاندن یان ئەو تەندەرانەی تیایدا بەشداربووە، وە ئەمەش ڕێگر نابێت لەبەردەم بەشداریکردنی کۆمپانیا و تاکەکەسەکان:

أ. وەك ڕاوێژکاری لاوەکی یان بەڵێندەری لاوەکی لە زیاتر لە یەك تەندەر یان یەك ئۆفەر.

ب. وەك پێشکەشکاری تەندەر یان ڕاوێژکار و بەڵێندەرێکی لاوەکی لە هەمان کاتدا لە تەندەر و ئۆفەری جۆراوجۆردا.

## ماددەی - 9 - پێداویستییەکانی شیاندن ( Qualification Requirements )

**یەکەم–** پێویستە لەسەر پێشکەشکاری تەندەر لەسەر بنەمای سەرکەوتن/ سەرنەکەوتن پێداویستییەکانی شیاندنی گونجاو ئەوانەی لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن دیارکراون و لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە جێگیرکراون، بەجێبگەیێنێت لە پێناو ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵی یان بەشداریکردن لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن ئەگەر شیاندنی پێشوەختە ئەنجامدرا.

**دووەم–** پێداویستییەکانی شیاندن، هەروەك لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە ووردەکارییان بۆ کراوە، پەیوەستن بە توانا تەکنیکی و دارایی و کارگێڕیی، و بڕی پابەندبوونە گرێبەستییەکانی پێشکەشکارانی تەندەرەوە، بەپێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە، و بەو شێوەیەی گونجاوە لەگەڵ قەبارە و بەها و پلەی ئاڵۆزی گرێبەست:

أ- شارەزایی گشتی و تایبەت و کارە هاوشێوەکان لە رووی سروشت و قەبارە و پێکهاتە و تۆمارێکی قەبولکراو بۆ کارەکانی پێشوو.

ب- توانا داراییەکانی پێشکەشکاری تەندەر هەڵقولاوییەکانی نەختینە و تێکڕای خولانەوەی ساڵانەی سەرمایە.

جـ- تواناى پێشکەشکاری تەندەر لەسەر دابینکردنی توانا کارگێڕی و تاکەکەسییەکان و ئامێری تایبەتمەند و پێداویستی دیکەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی گرێبەست.

د- پێویستە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە، یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە ئەگەر شیاندنی پێشوەختە ئەنجامدراو، پێداویستییەکانی شیاندن دیار بکەن، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو زانیاری و دۆکیومێنتانەی پێویستە پێشکەش بکرێن لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەر بۆ سەلماندنی دابینکردنی پێداویستییەکان، وە ئەم زانیاری و دۆکیومێنتانە پەیوەستن بە چەند شتێك وەك:

1. ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو یان بۆ ژمارەی ئەو ساڵانەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دیارکراون، کە لە لایەن ژمێریارێکی یاسایی متمانەپێدراوەوە پەسەند کرابێت.

2. داهاتی ساڵانە بۆ ژمارەی ئەو ساڵانەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە جێگیرکراوە، لەگەڵ رەچاوکردنی هەر حوکمێکی تایبەت بە کۆمپانیا نوێیەکان بەپێی ئەو رێنماییەی لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دەردەکرێت.

3. قەبارەی پابەندبوونە داراییەکانی پێشکەشکاری تەندەرەکە لە ماوەی ساڵی پەیوەندارادا.

4. قەبارەی پابەندبوونە گرێبەستکارییە هەنووکەیی و داهاتووەکانی پێشکەشکاری تەندەر.

5. بڕوانامەکانی بەجێگەیاندنی دەرکراو لە لایەن دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردنە گشتییەکان کە پشتگیری بکەن بۆ بەجێگەیاندنی پێشکەشکاری تەندەر بۆ کارەکانی بەشێوەیەکی گشتی یان کارە هاوشێوەکانی بەشێوەیەکی رازیکار.

6. رێبەرێك لەسەر بوونی تواناى تەکنیکی و لێزانیی بۆ جێبەجێکردنی گرێبەست (ئەندازیار و، تەکنیکساز و ئامێری تایبەتمەند).

**سێیەم**: دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن بۆیان هەیە داوای مەرجی سەربار بکەن بۆ بەشداریکردنی کۆمپانیا بیانییەکان، وەك:

أ- بەکارخستنی کادیری تەکنیکیی پسپۆڕی نێوخۆیی بە جۆرێك لە (25٪)ی قەبارەی ئەو کادیرە تەکنیکییە پسپۆڕانە کەمتر نەبێت کە کۆمپانیای بیانی بەکاریان دەهێنێت.

ب- بەکارخستنی هێزی کاری ناوخۆ بە جۆرێك لە (50٪)ی قەبارەی ئەو هێزی کارە کەمتر نەبێت کە کۆمپانیای بیانی بەکاریان دەهێنێت.

ج- پابەندکردنی کۆمپانیا بیانییەکان بە بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازیی نێوخۆیی بەردەست لە هەرێمی کوردستان (لیم، چەگڵ، بەرد، بلۆك، کاشی، ئاسن ...)، بەو مەرجەی ئەم کەرەستانە سەرکەوتووبن لە پشکنینە تاقیگەییەکان.

**چوارەم**: پێویستە لەکاتی گرێبەستکردن بۆ کاری گشتیی گەورە یان ئاڵۆز شێوازی شیاندنی پێشوەختە بەکاربهێنرێت، وە دەکرێت دەسەڵاتی گرێبەستکردن شیاندنی پێشوەختە ئەنجام بدات لە گرێبەستەکانی تایبەتمەندی خاوەنی بەهای بەرز یان ئاڵۆز لەبەر ئەوەی لەوانەیە تێچووی بەرزی ئامادەکردنی تەندەر ببێتە مایەی وازهێنانی پێشکەشکارانی تەندەر لە بەشداریکردن وەك گرێبەستەکانی دامەزراوە پیشەسازییەکان و ئەو ئامێرانەی دروستکردنیان تایبەتمەندە و خزمەتگوزاریی تایبەتمەند و هەندێك تەکنەلۆجیای (تقنیات) زانیاریی ئاڵۆز، یان ئەو گرێبەستانەی بەرپرسێتییەکەی تاکانەیە لەوانە گرێبەستەکانی رادەستکردنی کلیل، یان گرێبەستەکانی دیزاینکردن و جێبەجێکردن، یان گرێبەستەکانی بەڕێوەبردن، ئەویش بە ئامانجی دڵنیابوون لە توانا و شیاوبوونەکانی پێشکەشکارانی تەندەر پێش بانگهێشتکردن بۆ پێشکەشکردنی تەندەر، وە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە کاتی هەڵسانی بە رێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە، دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە بۆ گشت پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی وەڵامدەرن بۆ بانگهێشتی شیاندنی پێشوەختە، دابین بکات.

**پێنجەم**: پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە حاڵەتی هەڵنەستان بە رێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە، شیاندنی دواتر بکات، بۆ دڵنیابوون لە شیاوبوونی پێشکەشکاری ئەو تەندەرەی کاندیدە بۆ سپاردن بەپێی پێوەرە دیارکراوەکان لە دۆکیومێنتی کەمکردنەوە.

**شەشەم**- دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە داوا لە پێشکەشکارانی تەندەر بکات کە زانیاری و دۆکیومێنتی پێبدەن دەربارەی بەڵێندەرە لاوەکییەکان یان دابینکاران یان پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری ئەوانەی بەشدار دەبن لە جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستەی واژوو دەکرێت لە نێوان پێشکەشکاری تەندەری براوە و دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەپێی حوکمەکانی ئەم رێنماییە. لە پێناو بەرژەوەندیی گشتییدا، دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە راستەوخۆ دروستی شیاوبوونی بەڵێندەرە لاوەکییەکان دیار بکات.

**حەوتەم**- پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن تەندەری ئەو بەڵێندەرانە رەتبکاتەوە کە بەڵگەیان لەخۆ نەگرتووە لەسەر بوونی توانستی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی پێشوو بۆ کاری هاوشێوە بەپێی ئەو

مەرجانەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەدا هاتوون. هەمان شتیش لەسەر دابینکاران و راوێژکاران پیادە دەکرێت، وە پێویستە توانستی نزم لە راپۆرتی لیژنەی هەڵسەنگاندن دۆکیومێنت بکرێت.

**هەشتەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن پێشکەشکارانی ئەو تەندەرانە دووربخاتەوە ئەگەر سەلمێنرا کە زانیاری ناراستیان لەسەر لێهاتوویی یان شیاندن پێشکەش کردووە لەگەڵ بەدواداچوونی رێکاری یاسایی دەرهەقیان.

## ماددەی – 10 – هاوبەندی پێشکەشکارانی تەندەر (Joint Venture - JV)

**یەکەم**: ئەگەر دەسەلاتی گرێبەستکردن بەباشی بزانێت رێگە بدات یان داوای بەشداریکردنی هاوبەندی پێشکەشکارانی تەندەر بکات لە رێکارەکانی گرێبەستکردن، ئەوا پێویستە ئەمانەی خوارەوە بخرێنەناو دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە یان داواکردنی پێشکەشکردنی ئۆفەر:

أ. شێوازی هەڵسانگاندنی شیاوبوونەکانی پێشکەشکارانی تەندەر لەسەر شێوەی هاوبەندی، بەو پێوەرانەش کە ئەرکە لە هەموو هاوبەندییەکە پێکەوە بێنەدی، وە ئەوەی پێویستە لە هەر ئەندامێکی هاوبەندییەکە بە تەنیا بێتەدی.

ب. پێشکەشکردنی رێککەوتنێکی هاوبەشیی کە لە رووی بنەماییەوە پەسەند کراوە یان نامەیەکی نیاز لە گشت ئەندامەکانی هاوبەندییەکە وەك بەشێك لە دۆکیومێنتەکانی تەندەر یان داواکاریی شیاندن یان گوزارشتکردن لە گرنگی پێدان، بۆ چوونەناوەوەی هاوبەندییەکە بە فەرمی لە کاتی سپاردنی تەندەرەکە بۆ هاوبەندییەکە.

ج– ئەندامانی هاوبەندی هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی ئەو هاوبەشەی تەخویلکراو و راسپێردراوە لە لایەن گشت هاوبەشەکانی هاوبەندی (سەرۆکی هاوبەندی) بۆ هەڵسان بە سەرجەم رێکارەکان بە ناوی هاوبەندییەوە لە کاتی پرۆسەی گرێبەستکردن و لە کاتی جێبەجێکردنیدا ئەگەر سپاردنکرا بۆ هاوبەندییەکە.

**دووەم–** پێویستە گشت ئەندامانی هاوبەندی بەتەواوکراوی و پێکەوەیی بەرپرس بن لە جێبەجێکردنی گرێبەست بەپێی حوکمەکانی.

**ماددەی – 11 – تەندەری نرخنزم بەشێوەیەکی ناسروشتی (Abnormally low-priced bids)**

دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە هەر تەندەرەکی کار و کاڵا و خزمەتگوزاری ڕەتبکاتەوە ئەگەر نرخەکەی بەشێوەیەکی ناسروشتی نزمتر بێت لەو نرخەی بۆی مەزەندە کراوە لە دوای دڵنیابوون لێی، بەو مەرجەی یەکەم بەنووسراوی داوا لە پێشکەشکاری تەندەر بکرێت کە ووردەکاری ئەو ڕەگەزانە پێشکەش بکات کە تەندەرەکانی پێکدەهێنن بەو شێوەیەی قەناعەت بە دەسەلاتی گرێبەستکردن دەهێنێت کە لە توانای دا دەبێت گرێبەستەکە بەم نرخە جێبەجێ بکات. دەسەڵاتی گرێبەستکردنیش هەڵدەستێت بە دڵنیابوون لەم ڕەگەزانە و بەڵگە و زانیاری پێشکەشکراو لە لایەوە بەهەند وەردەگرێت بۆ گەیشتن بە بڕیارەکەی. ئەم ووردەکارییانەش بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەستن بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم–** ئابوورییانەی ڕێگەی بیناکردن و پرۆسەی دروستکردن یان خزمەتگوزاریی پێشکەشکراو.

**دووەم–** چارەسەرە تەکنیکییە هەڵبژێردراوەکان و/ یان هەر بارودۆخێکی تایبەتی هەڵکردوو و بەردەست بۆ پێشکەشکاری تەندەر بۆ جێبەجێکردنی کارەکان یان دابینکردنی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکان.

**سێیەم–** ڕەسەنایەتیی کارەکە یان کاڵاکان یان خزمەتگوزارییە پێشنیارکراوەکان لە لایەن پێشکەشکاری تەندەرەوە.

**چوارەم–** مەودای پابەندبوون بە پێڕەو و ڕێنمایی پەیوەست بە پاراستنی دەستی کار و بارودۆخی کارکردن لەو پێگەیەی کە گرێبەستەکە تیایدا جێبەجێ دەکرێت.

**پێنجەم–** دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ئەو بڕە پارەیە زێدە بکات کە گەرەنتی باش جێبەجێکردن دەکات ئەوەی لە ماددەی (81/دووەم) دەقی لەسەر کراوە، بە ڕێژەیەك کە لە (5٪)ی بەهای گرێبەست تێپەڕ نەکات ئەگەر بڕیاری قەبولکردنی تەندەرەکەی دابێت، بۆ داپۆشینی زیانی دارایی لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی پێشکەشکاری تەندەر بۆ حوکمەکانی گرێبەست.

**ماددەی – 12 – ماوەی زەمەنیی (Time periods)**

وادەی کۆتایی بۆ پێشکەشکردنی تەندەر و داواکارییەکانی شیاندنی پێشوەختە و وەڵامدانەوەی ئاگادارییەکانی گوزارشتکردن لە گرنگیپێدانی بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی سنووردار، و چوونەناوەوەی لیستی کورتکراوە و پێشکەشکردنی ئۆفەر بۆ گرێبەستکردن لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری، بۆ ماوەی گونجاو دیاردەکرێت بۆ دابینکردنی کاتی پێویست بۆ پێشکەشکارانی

تەندەر یان ئۆفەر ئەوانەی بەنیازن بەشداری بکەن بۆ ئەوەی بە ئاگادارکردنەوەی وەڵامدانەوەی بزانن بەپێی ئەو پێوەرانەی لە پاشکۆی (أ)ی ئەم ڕێنماییە دیارکراوە.

**ماددەی – 13 – تەندەرە هاوتاکان ( Tied bids )**

**یەکەم–** کاتێك دوو تەندەر یان دوو ئۆفەری وەڵامدراوە یان زیاتری پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی بە هەمان پلە و پایە لە دوای هەڵسەنگاندن یەکسان دەبن، پێویستە تەندەری براوە بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە دیار بکرێت:

**دووەم–** أ. ئەگەر لە نێوان پێشکەشکارانی تەندەرە هاوتاکان یەك پێشکەشکاری تەندەری لە هەرێم تیادا بێت، ئەوا پێویستە گرێبەستەکە بۆ ئەو سپاردن بکرێت.

ب. ئەگەر تەندەرەکان لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەر تەنها لە هەرێم پێشکەش کرابێت، و تەندەرەکان لەسەر بنەمای پێوەری نرخیی و نانرخیی هەڵسەنگاندنیان بۆ کرابێت، ئەوا پێویستە گرێبەستەکە بۆ پێشکەشکاری ئەو تەندەرە بسپێردرێت کە کەمترین نرخی هەیە لە نێوان پێشکەشکارانی تەندەرە هاوتاکان.

ج. ئەگەر هەڵسەنگاندنی هاوبەش بۆ هەردوو ئۆفەری تەکنیکی و دارایی، لە حاڵەتی خزمەتگوزارییە راوێژکارییەکان، یەکسان بێت لە پایە (مرتبة) ئەوا پێویستە گرێبەستەکە بۆ پێشکەشکاری ئەو ئۆفەرە تەکنیکییە سپاردن بکرێت کە بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە.

د. ئەگەر تەندەرەکان یان ئۆفەرەکان تەنها لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەر لە دەرەوەی هەرێم پێشکەشکرابن، و تەندەرەکان لەسەر بنەمای پێوەری نرخیی و نانرخیی هەڵسەنگاندنیان بۆ کرابێت، ئەوا پێویستە گرێبەستەکە بۆ پێشکەشکاری ئەو تەندەرە بسپێردرێت کە کەمترین نرخی هەیە لە نێوان پێشکەشکارانی تەندەرە هاوتاکان.

**سێیەم–** لە سەرجەم حاڵەتەکانی دیکە کەمکردنەوە بە ڕێگەی تیروپشك دەسپێردرێت، تەنها ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بڕیار بدات کە بەشبەشکردنی سپاردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی دەبێت بەهۆی پێویستی بۆ مسۆگەرکردنی دابینکردن، یان بەشبەشکردنەکە پێویست بێت یان ئارەزوکراو بێت بۆ هاندانی کێبڕکێ لە داهاتوودا، بەو مەرجەی پێشکەشکارانی تەندەر لەسەر بەشبەشکردنی سپاردن ڕەزامەندبن.

## ماددەی – 14 – ڕەتکردنەوەی سەرجەم تەندەرەکان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن

## Rejection of all bids and cancellation of procurement proceedings

**یەکەم–** دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە گشت تەندەرەکان پێش دەرکردنی نووسراوی سپاردن ڕەتبکاتەوە، کاتێك هیچ کام لە تەندەرە پێشکەشکراوەکان وەڵامدانەوەیان نەبووە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆ پێداویستییەکانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە، یان ئەگەر نرخی گشت تەندەرەکان ئەو گوژمەیە تێپەڕێنن کە بۆ گرێبەست تەرخان کراوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی 38/یەکەم/ب و ج.

**دووەم–** دۆکیومێنتکردنی ڕەتکردنەوەی گشت تەندەرەکان و هۆیە پێویستکارەکانی لە تۆماری ڕێکارەکانی گرێبەست، و پێشکەشکارانی تەندەریش لەم بارەیەوە ئاگادار دەکرێنەوە.

**سێیەم–** أ. دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بۆ هێنانەکایەی بەرژەوەندیی گشتی، هەڵبوەشێنێتەوە، لە کاتی:

1. نەمانی پێویستی بۆ کاڵا یان کار یان خزمەتگوزاری، لەم حاڵەتەشدا بەردەوامبوونی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن لە بەرژەوەندیی گشتییدا نابێت.
2. دۆزینەوەی کەموکورتییەك یان هەڵەیەکی ڕاستەقینە (جدی) لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بەجۆرێك بەردەوامبوون لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بێهودە دەبێت.
3. ڕوودانی بارودۆخی ئابووریی نائاسایی کە بەردەوامبوون لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بێهودە دەکات. یان
4. سەلماندنی بوونی دەستتێکەڵکردن لە نێوان پێشکەشکارانی تەندەر یان پیادەکارییەکانی فێڵبازیی یان گەندەڵی یان دەستتێکەڵکردن یان زۆرلێکردن (قسر).

ب. پێویستە ئەو بڕە پارەیەی پێشکەشکاری تەندەر داویەتی بەرامبەر بە بەهای دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە لەو حاڵەتانەی لە بڕگەی (سێیەم/أ) ئاماژەیان پێکراوە، بۆی بگەڕێندرێتەوە، جگە لە پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی ئەو حاڵەتەی لە بڕگەی (أ/4) ئاماژەی پێکراوە، دەیانگرێتەوە لە کاتی سەلماندنی بوونی دەستتێکەڵکردن، وە پێشکەشکارانی تەندەر شایستەی هیچ قەرەبوویەکی دیکە نابن لە لای دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە.

**چوارەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە ئاماژە بە مافی خۆی بکات لە ڕەتکردنەوەی سەرجەم تەندەرەکان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن پێش دەرکردنی نووسراوی سپاردن.

## ماددەی – 15 – زمان ( Language )

پێویستە گشت دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە و ڕێککەوتن و مەرجەکانی گرێبەست بە زمانی کوردی یان عەرەبی بن، وە لە حاڵەتی گرێبەستکردنی نێودەوڵەتی دۆکیومێنتەکان بە زمانی ئینگلیزی دەبن هەروەها بە زمانی کوردی یان عەرەبی، وە کاتێك ئەم دۆکیومێنتانە بە زیاتر لە یەك زمان دەبن، پێویستە دۆکیومێنتەکان لە حاڵەتی هاودژی نێوان ئەم زمانانە ئەو زمانە روون بکەنەوە کە حوکم دەدات، وە لەوانەیە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە رێگە بدەن کە خەسڵەت و نەخشە و راپۆرتە تەکنیکییەکان و نامەگۆڕینەوە بە زمانی ئینگلیزی بێت لە حاڵەتی نەبوونی دەقێکی پێچەوانە لەم رێنماییە.

## ماددەی – 16 – بلاوکردنەوەی سپاردنی گرێبەست

## Public notice of procurement contract awards

پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن، لەو حاڵەتانەی لەو رێنماییە دیارکراون کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دەرکراوە، نووسراوی سپاردنی گرێبەست لەسەر تابلۆی راگەیاندنەکانی لای خۆی بلاو بکاتەوە، هەروەها لە دەروازەی ئەلیکترۆنی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستکردنە گشتییەکانیشەوە کە بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم) بڕیاردراوە، بلاوبکاتەوە.

## ماددەی – 17 – روونکردنەوەی زانیاری بۆ پێشکەشکارانی تەندەری سەرنەکەوتوو

## Debriefing of unsuccessful bidders

**یەکەم–** پێشکەشکاری تەندەر، لە حاڵەتی پێشکەشکردنی بۆ تەندەرێك یان داواکارییەك بۆ شیاندنی پێشوەختە یان گوزارشتکردنێك لە گرنگیپێدان بۆ ئەوەی بخرێتە نێو لیستی کورتکراوەی راوێژکاران، بۆی هەیە بە نووسراوی داوا لە دەسەلاتی گرێبەستکردن بکات کە هۆیەکانی پشتگوێخستن یان رەتکردنەوەی تەندەرەکەی یان داواکاریی شیاندنە پێشوەختەکەی یان گوزارشتکردنی گرنگیپێدانەکەی بۆ روون بکاتەوە لە ماوەیەکی زەمەنی دیارکراو لە پاشکوی (أ)ەوە.

**دووەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن داواکارییەکە وەلامبداتەوە لەو ماوە زەمەنییەی لە پاشکۆی (أ) دیارکراوە لە رێگەی وەرگرتنی ئەو داواکارییەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە.

## ماددەی - 18 – پارێزگاریکردن لە دۆکیومێنتەکان ( Retention of documents )

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن دۆسیەیەکی تایبەت بە هەر پرۆسەیەکی گرێبەستکردن بکاتەوە، تیایدا گشت زانیاری و دۆکیومێنتی پەیوەست بە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن دەپارێزرێت وەك بانگهێشتکردن بۆ پێشکەشکردنی تەندەر و دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە و کۆنووسی کردنەوەی تەندەرەکان، و پووختەی ئەو تەندەرانەی پێشکەشکراون لە نێوانیشیاندا تەندەرە سەرنەکەوتووەکانیش، و گشت تەندەر و داواکاریی پێشکەشکراو، و ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندن، و ئاگادارکردنەوە و نووسراوی سپاردن، و وێنەیەك لە تەندەری سەرکەوتوو لەگەڵ گرێبەست، هەروەها گشت ئەو نامەگۆڕینەوانەی ئەنجامدراون لە دوای واژووکردنی گرێبەست تا دەگاتە بەجێگەیاندنی گرێبەستەکە.

**دووەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ڕاپۆرت و تۆمار و دۆکیومێنتی دیکەی دەرکراو لە ماوەی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن لە نێوانیشیاندا تەندەری سەرکەوتوو گشت تەندەرەکانی دیکە، و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی گرێبەست، لای خۆی بپارێزێت بۆ ماوەیەك لە (7) حەوت ساڵ کەمتر نەبێت لە ڕێکەوتی دەستکردن بە پرۆسەی گرێبەستکردن، یان بۆ ماوەیەکی درێژتر کە لەوانەیە ڕێنمایی پیادەکراو بۆ ڕێکارەکانی بەئەرشیفکردنی حکومیی دیاری بکات، لە نێوانیشیاندا ڕێساکانی ئەرشیفکردنی ئەلیکترۆنی و خەزنکردنی دۆکیومێنتەکان.

**سێیەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن تۆمارێك بۆ گشت زانیاری بنەڕەتی پەیوەست بە گشت قۆناغەکانی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن لای خۆی بپارێزێت، بەو زانیاریانەش کە لە پاشکۆی (ب) دیارکراون. وە پێویستە تۆمارەکە و دۆکیومێنتەکانی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بەردەستبن بۆ پشکنین لەسەر داواکاریی ئەنجومەنی پێداچوونەوە یان دەزگاکانی دیکەی چاودێریی.

## ماددەی - 19 – ڕاپۆرت دەربارەی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن

## Reports on procurement proceedings

پێویستە لەسەر دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن ڕاپۆرتەکانیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان بکەن لە وەزارەتی پلاندانان دەربارەی چالاکییەکانی گرێبەستکردن بەپێی ئەو پێداویستیی و نموونانەی بەڕێوەبەرایەتی دەریان دەکات.

# دەروازەی دووەم

# ڕێکارەکانی گرێبەستکردن

# PROCEDURES FOR CONDUCTING PROCUREMENT

## بەشی یەکەم

## هەڵبژاردنی شێوازی گرێبەستکردن

## Choice of procurement method

**ماددەی – 20 – شێوازەکانی گرێبەستکردن (Types of procurement method)**

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن یەکێك لەم شێوازانەی لە خوارەوە باسکراون هەڵبژێرێت بەپێی ئەو پاساوانەی لەم ڕێنماییەدا هاتوون:

أ. گرێبەستکردن لەسەر کاڵا و کاری گشتی و خزمەتگوزاریی ناراوێژکاریی:

1. کەمکردنەوەی کراوە، ئەوەی لەوانەیە لە حاڵەتی گونجاودا، ڕێکاری شیاندنی پێشوەختەی پێش بکەوێت.

2. کەمکردنەوەی سنووردار لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (39) ئاماژەیان پێکراوە.

3. کەمکردنەوە بە دوو قۆناغ لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (41) ئاماژەیان پێکراوە.

4. داواکردنی ئۆفەرەکانی نرخ (لیژنەکانی کڕین) لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (43) ئاماژەیان پێکراوە.

5. گرێبەستکردن لەگەڵ تاکە سەرچاوە لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (45) ئاماژەیان پێکراوە.

6. ڕێککەوتنی چوارچێوە لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (60) ئاماژەیان پێکراوە.

7. جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (47) ئاماژەیان پێکراوە.

ب. پێویستە تەنها (حصراً) شێوازی کەمکردنەوەی کراوە پەیڕەو بکرێت لەکاتی گرێبەستکردن لەسەر کاڵا و کار و خزمەتگوزارییە ناراوێژکارییەکان. وە نابێت هیچ شێوازێکی دیکە بەکاربهێنرێت تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە ئەم ڕێنماییە ڕێگەی پێدەدات.

ج. دەکرێت گرێبەستکردن بە شێوازی کەمکردنەوەی کراوە قۆناغی شیاندنی پێشوەختە لەخۆ بگرێت. وە لە حاڵەتی ئەنجامنەدانی شیاندنی پێشوەختە پێویستە ڕێکارەکانی شیاندنی دواتر پیادە بکرێت پێش هەڵبژاردنی پێشکەشکاری تەندەری براوە.

**دووەم–** گرێبەستکردن لەسەر خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان:

ئەو شێوازەی پێویستە لە گرێبەستکردن لەسەر خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری پەیڕەو بکرێت بریتییە لە شێوازی کێبڕکێکردن لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکاریی ئۆفەری خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان، مەگەر بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنمایییە شێوازی دیکە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕاوێژکار لەسەر بنەمای:

أ. کوالیتی و تێچوو (Quality and Cost-Based Selection - QCBS) لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (54) ئاماژەیان پێکراوە.

ب. کەمترین تێچوو لەگەڵ کوالیتییێکی قەبوڵکراو (Least Cost Selection - LCS) لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (55) ئاماژەیان پێکراوە.

ج. لێهاتووییەکانی ڕاوێژکار (Consultants' Qualification Selection - CQS) لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (56) ئاماژەیان پێکراوە.

د. ڕاوێژکاری تاکەکەس (Individual Consultant - IC) لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (57) ئاماژەیان پێکراوە.

هـ. هەڵبژاردنی تاکە سەرچاوە (Single – Source Selection - SSS) لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (58) ئاماژەیان پێکراوە.

**سێیەم–** لەوانەیە ئەو ڕێنوێنیانەی بەپێی ئەم ڕێنمایییە دەردەکرێن، مەرجی وەرگرتنی تەخویلکردنی پێشوەختەی بەکارهێنانی شێوازی دیکەی گرێبەستکردن جگە لە کەمکردنەوەی کراوە بسەپێنێت لە حاڵەتی گرێبەستکردن لەسەر کاڵا و کار و خزمەتگوزاریی ناڕاوێژکاری و داواکردنی پێشکەشکردنی ئۆفەر لە حاڵەتی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری کاتێك بەهای مەزەندەکراوی گرێبەستکردن لەو ئاستانە تێپەڕ دەکات کە لەم ڕێنمایییە دەقیان لەسەر کراوە.

## بەشی دووەم

## ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی کراوە

## Procedures for the public tendering method

### لقی یەکەم

### بانگهێشتکردن بۆ پێشکەشکردنی تەندەر

### Solicitation of bids

**ماددەی – 21 – کەمکردنەوەی کراوە ( Public Tender )**

دەسەلاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی تەخویلی دەکات بانگهێشتی گشتی بۆ کەمکردنەوە (نێوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی) بۆ گشت ئەو کەسانەی مەرجەکانی بەشداریکردنیان لێ دێتەدی و ئەوانەی بەنیازن بەشداری بکەن لە جێبەجێکردنی گرێبەست، رادەگەیێنێت، بەو مەرجەی ڕێکارەکان پشتبەست بێت بە پرنسیپەکانی بەشداریکردنی گشتیی کراوە و کێبڕکێکار و دادپەروەری و شەفافیەت و یەکسانی.

**ماددەی – 22 – بڵاوکردنەوەی بانگەواز ( Publication of Advertisement )**

**یەکەم–** پێویستە بانگەوازی کەمکردنەوەی کراوە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

أ. ناوی کەمکردنەوە و ژمارە و ناونیشان و ریزبەندیی هاتوو لە بودجە.

ب. وەسفکردنێکی کورت و روون بۆ ئەو پرۆژە یان گرێبەستەی داواکراوە جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ روونکردنەوەی ئەو خزمەتگوزاری و کاڵایانەی داواکراون.

جـ. روونکردنەوەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە و دیارکردنی شوێن و کات و نرخی فرۆشتنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە ئەوەی بە پێی پاشکۆی (ج) دیارکراون، وە قابیلی گەڕاندنەوە نییە لەگەڵ رەچاوکردنی ماددەی (14/سێیەم/ب).

د. روونکردنەوەی شوێنی پێشکەشکردنی تەندەر و ڕێکەوت و دوایین وادە بۆ پێشکەشکردنیان.

هـ. روونکردنەوەی ماوەی بەسەرچوونی تەندەرە پێشکەشکراوەکان.

و. روونکردنەوەی جۆر و بەها و ماوەی بەسەرچوونی گەرەنتی تەندەر کە لە پێشکەشکارانی تەندەر داواکراوە یان بەڵێننامەی نووسراو.

ز. روونکردنەوەیەك ئەوە بخاتەڕوو کە رێگەدراوە بە پێشکەشکارانی تەندەر بڕواننە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بەر لە کڕینیان، و ئاماژەکردن بەو ماوە زەمەنییەی دەکرێت تیایدا دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەیان دەست بکەوێت ئەگەر ئەم ماوەیە دیارکرابێت، و ئاماژەکردن بە پێویستی راگرتنی فرۆشتنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە لە ماوەی ئەو دوو رۆژەی دەکەونە پێش دوایین وادەی پێشکەشکردنی تەندەر.

ح. پێگەی ئەلیکترۆنیی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، و ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنیی بەشی کارگێڕی بەرپرسی کەمکردنەوەکانی سەر بەم لایەنە.

**دووەم**– أ– بانگەوازی کەمکردنەوەی نێوخۆیی کراوە یان بانگهێشتکردن بۆ شیاندنی پێشوەختە بەلای کەم لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی خاوەن بڵاوکردنەوەی فراوان لە هەرێم و لەسەر دەروازەی ئەلیکترۆنیی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستکردنە گشتییەکان ئەوەی بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم)ی ئەم رێنماییە بڕیاردراوە، بڵاودەکرێتەوە.

ب– بانگەوازی کەمکردنەوە نێودەوڵەتییە کراوەکان، وێرای ئەوەی لە بڕگەی (أ)دا هاتووە، لەسەر پێگەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDB ئۆنلاین) یان لەسەر پێگەی دەروازەی (dgMarket.com) بڵاودەکرێتەوە هەروەها لە پاشکۆ بازرگانییەکانی سەر بە باڵیۆزخانە و قونسولگەرییە عێراقییەکانیش لە دەرەوە هەر کاتێك لە تواناداببێت.

**سێیەم**– پێویستە نزمترین ئاستی ماوەی زەمەنی بانگەوازەکان بەپێی پاشکۆی (أ) بێت وە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەیان. وە بەو شێوەیەی لەگەڵ گرنگی و تایبەتمەندی گرێبەست دەگونجێت.

**چوارەم**– بانگەواز بە قەبارە و پیتی ئەوتۆ بڵاودەکرێتەوە کە بەروونی بخوێندرێتەوە.

**پێنجەم**– پێشکەشکاری ئەو تەندەرەی سپاردنی بردۆتەوە تەنها تێچووەکانی بڵاوکردنەوەی دوایین بانگەوازی کەمکردنەوە لەئەستۆ دەگرێت.

## ماددەی - 23 – ئەو کەمکردنەوانەی ڕێکارەکانی شیاندنی پێشوەختەیان دەکەوێتە پێش

## Tendering preceded by pre-qualifiaction

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختەی پێویست بە ژمارەیەکی شیاو ئامادە بکات (دەکرێت نموونەکانی داواکاریی ئەلیکترۆنی بەکاربهێندرێت) بۆ دەرکردنیان بۆ ئەوانەی لە پرۆسەی شیاندنی پێشوەختە هاتوونەتەپێش.

**دووەم–** پێویستە بانگەوازی ڕێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە و داواکارییەکانی شیاندنی پێشوەختە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (22/دووەم) بلاَوبکرێتەوە.

**سێیەم–** بانگەوازی شیاندنی پێشوەختە پێویستە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

أ. ناو و ژمارە و ناونیشانی کەمکردنەوە هەروەك لە بودجەی سالانەدا هاتووە.

ب. وەسفکردنێکی کورت و روون بۆ پرۆژە یان گرێبەستی پەیوەندار لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو کالا و خزمەتگوزارییانەی داواکراون.

جـ. ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی دۆکیومێنتەکانی شیاندن و دیارکردنی شوێن و کات و نرخی فرۆشتنی دۆکیومێنتەکانی شیاندن ئەوانەی قابیلی گەراندنەوە نین (لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماددەی (14/سێیەم/ب) کە بەپێی پاشکۆی (ج) دیارکراون، ئەگەر هەبێت.

د. ڕوونکردنەوەی شوێن و ڕێکەوت و دوایین وادەی پێشکەشکردنی داواکارییەکانی شیاندن بەپێی نزمترین ئاستی ماوەی زەمەنی کە لە پاشکۆی (أ) دیارکراون.

هـ. پێگەی ئەلیکترۆنی و ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنیی دەسەلاتی گرێبەستکردن و زانیاریی پەیوەندیکردن بە فەرمانبەری تایبەتمەند بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری زیاتر.

**چوارەم–** پێویستە دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرن:

أ. ئەو زانیارییانەی لە برگەی (سێیەم/أ، ب، د، هـ)ی سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە.

ب. ئەو زانیارییانەی لە ماددەی (10/یەکەم) ئاماژەیان پێکراوە کە پەیوەستن بە داواکارییەکانی پێشکەشکراو لە لایەن هاوبەندییەکانی پێشکەشکارانی تەندەر.

جـ. پێداویستییەکانی لێهاتوویی و شیاندن، و ئەو زانیاری و دۆکیومێنتانەی پێویستە پێشکەش بکرێن لە لایەن پێشکەشکارانی داواکاریی شیاندن بۆ سەلماندنی بەدیهێنانیان بۆ ئەم پێداویستییانە.

د. ڕێنماییەکانی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی داواکارییەکانی شیاندنی پێشوەختە بەپێی ئەو نموونە پێوانەییانەی لە بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان دەردەکرێن.

هـ. زانیاری دەربارەی ڕێکارەکانی دەستکەوتنی ڕوونکردنەوەی دۆکیومێنتەکانی شیاندن.

و. زانیاری دەربارەی پیادەکردنی پەراوێزی پێشخستنی لۆکاڵی ئەگەر لە پرۆسەی گرێبەستکردندا پیادەکرابێت.

**پێنجەم**– دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە هەر هەموارکردنێك بکات لەسەر دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە لە ڕێگەی دەرکردنی پاشکۆ لەهەر کاتێك بێت بەر لە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی داواکارییەکان، وە ئەم پاشکۆیانەی هەموارکردنەکان بە بەشێك دادەندرێن لە دۆکیومێنتەکانی داواکردنی شیاندنی پێشوەختە.

**شەشەم**– دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ماوەی بانگەواز (بەگوێرەی پێویستی) درێژبکاتەوە بە مەبەستی بەخشینی کاتێکی شیاو بە پێشکەشکارانی داواکاریی شیاندن بۆ ئەوەی هەموارکردنەکان لەبەرچاو بگرن لە کاتی ئامادەکردنی داواکارییەکانیان لە ڕێگەی دەرکردنی پاشکۆیەك بۆ بانگەوازەکە یان ئاگادارکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی گشت پێشکەشکارانی داواکارییەکان ئەوانەی دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختەیان وەرگرتووە و بلاۆکردنەوەی لە هەمان ئەو ڕۆژنامانەی یەکەمجار بانگەوازەکە تیایاندا بلاۆکراوەتەوە هەروەها لە دەروازەی ئەلیکترۆنیی فەرمیی یەکخراویی گرێبەستکردنە گشتییەکان کە بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم)ی ئەم ڕێنماییە بڕیاردراون.

**حەوتەم**– پێویستە لەسەر پێشکەشکارانی داواکاریی شیاندنی پێشوەختە نموونەکانی داواکاریی شیاندن پڕبکەنەوە و تەواوی بکەن و دۆکیومێنتی سەلمێندراوی داواکراو ئەوانەی لە دۆکیومێنتەکانی شیاندن باسکراون، پێشکەش بکەن، و پێویستە داواکارییەکان لە زەرفێکی داخراو و مۆرکراو لە کات و شوێنی دیارکراو لە بانگەوازەکەدا پێشکەش بکرێن، وە لە وانەیە داواکارییەکە ڕەتبکرێتەوە لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی پێشکەشکاری داواکاری لە پێشکەشکردنی زانیاری و دۆکیومێنتی داواکراو لە دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە.

**هەشتەم**– دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەڵدەستێت بە پێکهێنانی لیژنە بۆ کردنەوە و هەڵسەنگاندنی داواکارییەکانی شیاندن. ئەم لیژنەیە هەڵدەستێت بە پێداچوونەوە و پشکنین و هەڵسەنگاندنی گشت داواکارییە پێشکەشکراوەکان بەپێی ئەو پێداویستییانەی لە دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە دەقیان لەسەرکراوە بۆ دیارکردنی پێشکەشکارە لێهاتووەکان، وە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن گشت

پێشکەشکاران ئاگادار بکاتەوە  لە ناوی ئەو کەسانەی شیاندنیان بۆ کراوە، و ئامادەکردنی کۆنووسی ڕێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە.

**نۆیەم–** بانگهێشتێکی ڕاستەوخۆ (خۆڕایی) بۆ پێشکەشکارانی ئەو داواکارییانە دەنێردرێت کە قۆناغی شیاندنی پێشوەختەیان تێپەڕاندووە بۆ بەشداریکردن لە کەمکردنەوە و پێشکەشکردنی تەندەریان بەو مەرجەی ژمارەیان لە سێ شیاندراو (مؤهل) کەمتر نەبێت.

**دەیەم–** ئەگەر ژمارەی پێشکەشکارانی داواکاری ئەوانەی شیاندراون لە سێ کەمتر بێت، ئەوا دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە بچێتە سەر ڕێکاری شیاندنی دواوەختە و بانگهێشتی پێشکەشکارانی تەندەر بکات ئەوانەی شیاندراون بۆ بەشداریکردن لە کەمکردنەوەکە، یان دووبارە کردنەوەی ڕێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە لەدوای دووبارە چاوخشاندنەوە بە ڕێکارەکانی پێشوو.

## ماددەی - 24 – دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە ( Bidding Documents )

پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەمانەی خوارەوە بخاتە نێو دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە:

**یەکەم–** وەسفکردنی بابەتی گرێبەستکردنەکە لەگەڵ هەر وەسفکردنێکی تەکنیکی پێویست، و دەرهاوێشتە (مخرجات) داواکراوەکان و ئاستەکانی بەجێگەیاندن و خەسڵەتی دیکە.

**دووەم–** پێناسەکردنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، و ناوی فەرمانبەری دەستنیشانکراو بۆ بەدواداچوونی پرسیارەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوە و ناونیشانی ووردی بە پۆستی ئەلیکترۆنیشەوە.

**سێیەم–** پێداویستییەکانی لێهاتوویی و پێداویستییەکانی شیاندن ئەوانەی پێویستە پێشکەشکارانی تەندەر لێیان بێتەدی بە مەبەستی سپاردنی گرێبەست ئەگەر شیاندنی پێشوەختە ئەنجام نەدرابێت. لەگەڵ وەسفکردنی ئەو زانیاری و دۆکیومێنتانەی پێویستە پێشکەشکارانی تەندەر پێشکەشی بکەن لەپێناو دەرخستنی بەجێگەیاندنیان بۆ ئەو پێداویستییانە بەمانەی خوارەوەش:

أ. کارە هاوشێوەکان ئەوانەی جێبەجێکراون یان لە باری جێبەجێکردندان کە لە لایەن خاوەنکاری پەیوەندارەوە پشتگیری دەکرێت.

ب. لێهاتووییەکانی کادیرە تەکنیکییەکان، و پسپۆڕان ئەوانەی کار دەکەن بە کاتی تەواو یان بەشەکی لە کاتی ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان یان گرێبەستەکانی ڕاوێژکاری.

جـ. ئەو زانيارييانەی پێويستە پێشكەش بكرێن لە لايەن هاوبەندييەكانی پێشكەشكارانی تەندەر بەپێی حوكمەكانی ماددەی (10).

**چوارەم**– ئەو زمان يان زمانانەی لە ئامادەكردنی تەندەر بەكاردێن.

**پێنجەم**– رێكەوت و كات و شوێنی كردنەوەی ئاشكرای تەندەرەكان، و ئاماژەكردن بەوەی پێشكەشكارانی تەندەر يان نوێنەرەكانيان دەتوانن لە دانيشتنەكانی كردنەوەی تەندەرەكان ئامادەبن.

**شەشەم**– ماوەی بەركاربوونی پێويست بۆ تەندەرەكان، و ئاماژەكردن بە رێگەدان بەوەی پێشكەشكارانی تەندەر تەندەرەكانيان رابكێشنەوە يان هەمواری بكەن بەبێ دەستبەسەرداگرتنی گەرەنتی تەندەر تەنها بەر لە وادەی كۆتايی پێشكەشكردنی تەندەر.

**حەوتەم**– روونكردنەوەيەك كە جەخت دەكات لەسەر قەدەغەكردنی گەندەڵی و پيادەكارييە زۆرەكييەكان و دەستێكەڵكردن و تەگەرەخستنەبەردەم و فيڵبازی.

**هەشتەم**– روونكردنەوەی ئەوەی ئەگەر پێشكەشكردنی تەندەری جێگرەوە (تەندەرێك جێگرەوەی تەكنيكی يان گرێبەستكاری بۆ ئەو مەرج و خەسڵەتانەی لە دۆكيومێنتەكانی كەمكردنەوە دياركراون لەخۆگرتووە) رێگەپێدراون يان داواكراوە، و دياركردنی هەر پێداويستييەكی پەيوەست بە پێشكەشكردنی ئەو تەندەرانە و رێگەی هەڵسەنگاندنيان ئەگەر پێويست بكات.

**نۆيەم**– دياركردنی ئەو وادەيەی لەسەری پێكهاتوون بۆ گرێدانی كۆبوونەوەيەكی رێخۆشكاری تايبەت بە پێشكەشكارانی بەشداربوو لە كەمكردنەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسيارەكانيان، ئەگەر ئەم جۆرە كۆبوونەوەيە پلانی بۆ داندرابێت، و روونكردنەوەی چۆنيەتی پێشكەشكردنی پرسيارەكان. پێويستە ئەو كۆبوونەوەی باسكراوە بەلای كەم لە ناوەڕاستی ئەو چوارچێوە زەمەنييە گرێبدرێت كە بۆ وادەی كۆتايی پێشكەشكردنی تەندەر دياركراوە لەگەڵ رەچاوكردنی دەرفەتدان بە پێشكەشكارانی تەندەر بۆ ئەنجامدانی سەردانی مەيدانی، ئەگەر پێويست بكات، لەگەڵ روونكردنەوەی ئەوەی كۆنووسی كۆبوونەوەكە بۆ گشت پێشكەشكارانی تەندەر دەنێردرێت ئەوانەی دەسەڵاتی گرێبەستكردن دۆكيومێنتەكانی كەمكردنەوەی پێداون.

**دەيەم**– أ. روونكردنەوەيەك ئاماژە بكات بە پلەی پۆلێن و ئەو ئاستەی لە بەڵێندەرانی پرۆژەكانی كاری گشتی داواكراوە و/ يان مەرجی پێشكەشكردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی كۆمپانيای بەڵێندەرايەتی، و مۆڵەتی پيادەكردنی پيشە بۆ كۆمپانيا ئەندازەييەكان ئەوانەی بەفەرمی مۆڵەتدراون.

ب. بەڵام سەبارەت بە كۆمپانيا بيانييەكان بەڵگەنامەكانی دامەزراندن و پێڕەوی ناوخۆ و نووسراوەكانی ئەو كەسانەی بە واژووكردن راسپێردراون كە بەپێی بنەماكان پەسەندكراوە، لێيان وەردەگيرێت، و دەكرێت

داوای زانیاری دیکەیان لێبکرێت لەسەر بنەمای مەرجەکانی کەمکردنەوە و ڕێنمایی پەیوەنداری کارپێکراوەوە.

جـ. پێویستە لەسەر پێشکەشکارە بیانییەکانی تەندەر لە کاتی بەشداریکردنیان لە کەمکردنەوەی نێوخۆیی ئەو دۆکیومێنتانە پێشکەش بکەن کە هاتنەدی پێداویستییەکانی پلەی پۆلینکردنی پێویست لێیان بەپێی پێڕەوی پۆلینکردنی بەڵێندەرانی کارپێکراوەوە بسەلمێنێت، و بەکارهێنانی پەراوێزی پێشخستنی لۆکاڵی بۆ ئەم جۆرە بەشداریکردنانە بەباش دەزاندرێت.

**یازدەم–** خەسڵەتەکانی دراو یان دراوەکانی تەندەرە پێشکەشکراوەکان لەگەڵ ئاماژەکردن بەوەی پێویستە تەندەرە نێوخۆییەکان بە دراوی عێراقی بن، لە کاتێکدا دەکرێت تەندەرە نێودەوڵەتییەکان بەهەر دراوێك بێت کە شیاوی گۆڕینە لەگەڵ دیارکردنی سەرچاوە و ڕێکەوتی ئەو نرخەی گۆڕینەوە کە بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی نێوان ئەو تەندەرانەی بە نرخی دراوی جۆراوجۆرن.

**دوازدەم–** ڕوونکردنەوەیەك دەری بخات کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پابەند نییە بە قەبوڵکردنی ئەو تەندەرەی کەمترین نرخی هەیە لەسەر حیسابی خەسڵەتە تەکنیکی و مەرج و پێداویستییەکانی شیاندن.

**سێزدەم–** ڕوونکردنەوەیەك دەری بخات کە ڕێگەدراوە بە هەڵسانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بە هەڵوەشاندنەوەی کەمکردنەوە بەر لە دەرکردنی نووسراوی سپاردن پاڵپشت بە هۆکاری بەپاساو بەبێ هیچ قەرەبوویێك بۆ پێشکەشکارانی تەندەر بێجگە لە پارەی کڕینی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە کە پێویستە بگەڕێندرێتەوە بۆ پێشکەشکارانی تەندەر.

**چواردەم–** ڕوونکردنەوەیەك دەری بخات کە پێشکەشکارانی تەندەر بۆیان نییە هیچ مەرجێك لە مەرجەکانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بسڕنەوە (شطب) یان هەر گۆڕانکارییەکی لەسەر بکەن.

**پازدەم–** ڕوونکردنەوەی ئەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن مافی پارێزراوە لە هەموارکردنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە لە هەر کاتێك بێت بەر لە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر، لە ڕێگەی دەرکردنی پاشکۆ کە ئەم هەموارکردنانە وورد دەکاتەوە و بۆ گشت ئەو کەسانە دەنێردرێت کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەی پێداون، ئەم پاشکۆیانەش دەبنە بەشێك لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە.

**شازدەم–**

أ. گشت ئەو پێوەر و میتۆدانەی لە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەر پیادە دەکرێن، و ڕوونکردنەوەی ئەوەی هیچ پێوەرێکی دیکە جگە لە نرخ پیادە دەکرێت وەك شیکردنەوەی تێچووی سووڕی ژیان

(هۆکاری وەك بەکاربردنی ووزە و تێچووەکانی چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە و بەهای مایەوە لە کۆتایی خزمەتکردن)، و بەجێگەیاندنی ژینگەیی.

ب. شێوازی هەڵسەنگاندنی پێوەرە نرخییەکان و هەر پێوەرێکی نانرخی دیکە.

جـ. حیسابی هاوتای نەختینەیی (المكافئ النقدي) پێوەرە نانرخییەکان ئەگەر لەتوانا دابێت، لەگەڵ روونکردنەوەیەك ئەوە دیار بکات کە کام پێوەری نانرخی بەپێی رێسای سەرکەوتن/ سەرنەکەوتن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت لەسەر بنەمای خاڵەکانی پێڕەوابوون (جدارة)، و روونکردنەوەی چۆنییەتی دیارکردنی ئەو تەندەرەی باشترین بەهای بۆ دارایی گشتی دەستەبەر دەکات بەپێی ئەم بڕگەیە.

د. ئەو هاوکێشەیەی بەکاردێت لە هەژمارکردنی کێش (وزن) بۆ گشت جۆرەکانی ئەو پێوەرانەی لە هەڵسەنگاندن و دیارکردنی باشترین تەندەر متمانەیان پێدەکرێت بەپێی پێوەری نرخی و پێوەرە نانرخییەکانی نەشیاو بۆ هاوتای نەختینەیی.

**حەڤدەم**– مەرجە سەرەکییەکانی گرێبەستکردن، و رێگەی پێشبینیکراو بۆ هەژمارکردنی شایستە داراییەکان وەك نرخی یەکە یان گوژمەی بڕاوە یان رێژە یان رێگەکانی نرخدانانی دیکە کە لە مەرجەکانی کەمکردنەوە دەقیان لەسەر کراوە لەگەڵ روونکردنەوەی ریزبەندی پێشەنگیی مەرجەعی دۆکیومێنتەکانی گرێبەست.

**هەژدەم**– داواکردنی دیارکردنی نرخی گرێبەستەکانی هاوردەکردن بەپێی شوێنی رادەستکردن و مەرجەکانی دیکەی بارکردن هەروەك لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دیارکراون یان لەو دەرکراوەیە هاتوون کە ئێستا کارپێکراوە لە زاراوە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان (INCOTERMS).

**نۆزدەم**– روونکردنەوەیەك دەری بخات کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەوانەیە ئەو کاڵا یان خزمەتگوزارییانەی دەویسترێن گرێبەست لەسەر جێبەجێکردنیان بکرێت زیاد بکات یان کەمیان بکات، لە کاتی پێویستی، لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (4/دووەم/ هـ، و).

**بیستەم**– ئاماژەکردن بەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ئەو کاڵا یان خزمەتگوزارییانەی دەویسترێت گرێبەستیان لەسەر بکرێت بۆ دەستە (lots) دابەشیان بکات، بەو مەرجەی ئەم جۆرە دابەشکردنانە لە مەرجەکانی کەمکردنەوە باسکرابن. و روونکردنەوەی ئەوەی ئایا رێگەپێدراوە بە پێشکەشکارانی تەندەر کە تەندەرەکانیان تەنها بۆ یەك دەستە پێشکەش بکەن لەو بڕگانەی دەویسترێن گرێبەستیان لەسەر بکرێت، و روونکردنەوەی چ دابەشکردنێکی کاڵا یان کارەکان بۆ دەستە، و پێویستە ئەو دەستە یان دەستانەی دەکرێت پێیانەوە تەندەر پێشکەش بکرێن وەسف بکرێت، هەروەها شێوازی هەڵسەنگاندنی ئەو دەستانە.

**بیست و یەکەم**– روونکردنەوەی خشتەی کاتی بارکردن و شێواز و ئامرازەکان و خەسڵەتەکان و سروشتی پڕکردنەوە و داپۆشین و هەر نیشانەیەکی تایبەت.

**بیست و دووەم**– دیارکردنی ماوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی گرێبەست یان دابینکردنی کالاَ.

**بیست و سێیەم**– خەسڵەتەکانی گەرەنتی تەندەر و گەرەنتی باش جێبەجێکردنی بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ئەگەر داوا بکرێت، بەو جۆر و گوژمە و نموونانەش کە پێویستە لە ڕێکخستنی گەرەنتییەکان متمانەیان پێبدرێت. وە پێویستە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە نموونەیەك لەخۆ بگرێت بۆ بەڵێننامەی نووسراوی گەرەنتیکار ئەگەر لە جیاتی گەرەنتی تەندەر داوا بکرێت.

**بیست و چوارەم**– کاتێك ئەو کالاَیانەی گرێبەستیان لەسەر دەکرێت پێویستیان بە هاوردەکردنی پارچەی یەدەگ یان کەرەستە بێت، ئەوا دەسەلاَتی گرێبەستکردن بۆی هەیە داوا لە دابینکار بکات کە دابینکردنی پارچەی یەدەگ و کەرەستەی باسکراو بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیارکراو و بە نرخی کێبڕکێکاری لەسەر پێکهاتوو بەشێوەیەکی هاوبەش، مسۆگەر بکات.

**بیست و پێنجەم**– ئاگادارینامەیەك دەربارەی مافی پێشکەشکارانی تەندەر لە پێشکەشکردنی سکالاَ و پێداچوونەوەیان بەپێی ماددەی (63)ی ئەم ڕێنماییە.

**بیست و شەشەم**– زانیاری دەربارەی پیادەکردنی پەراوێزی پێشخستنی لۆکالی ئەگەر لە پرۆسەی گرێبەستکردندا متمانەی پێبدرێت.

**بیست و حەوتەم**– هەر ڕێنماییەکی دیکە بۆ پێشکەشکارانی تەندەر یان ئەو دۆکیومێنت یان داتایانەی سروشتی ئەو کارەی داواکراوە جێبەجێ بکرێت یان ئەو کالاَیانەی دەویسترێت دابین بکرێن یان ئەو خزمەتگوزارییانەی داوای دابینکردنیان کراوە، پێویستی بکات.

## ماددەی - 25 – روونکردنەوەی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە

## Clarification of bidding documents

**یەکەم**– پێویستە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە راسپاردن لەخۆ بگرێت بۆ پێشکەشکارانی تەندەر بە سەردانیکردن و پشکنینی پێگەی پرۆژە و ناوچەی دەوروبەری بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست بۆ ئامادەکردنی تەندەر لەسەر بەرپرسێتی تایبەتیان، کاتێك ئەمە گونجاو دەبێت. وە پێشکەشکارانی تەندەر هەر تێچوویێکی دیکە لەئەستۆ دەگرن کە لەهەر یەکێك لەم سەردانانە بێنە ئاراوە.

**دووەم–** پێشکەشکاری تەندەر مافی هەیە داوای هەر روونکردنەوەیەك بکات دەربارەی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە پێش وادەی دیارکراو بۆ پێشکەشکردنی تەندەر لەناو ماوەی زەمەنیی دیارکراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە. دەسەلاتی گرێبەستکردن بەنووسین هەلدەستێت بە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پێشکەشکارانی تەندەر لە ماوەی زەمەنیی دیاکراودا لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە پێشکەشی دەکەن. وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانەش بۆ گشت پێشکەشکارانی تەندەر دەنێردرێت ئەوانەی لە پرۆسەی گرێبەستکردن بەشدارن بەبێ ئاشکراکردنی پێشکەشکاری ئەو تەندەرەی داوای روونکردنەوەی کردووە.

**سێیەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن کۆنووسی کۆبوونەوەی رێخۆشکار، و گشت ئەو پرسیارانەی لە پێشکەشکارانی تەندەر هاتوون (بەبێ دیارکردنی سەرچاوەکانیان) و وەلامدانەوەکانیان بۆ گشت پێشکەشکارانی تەندەری بەشداربوو بە پرۆسەی گرێبەستکردن، بنێرێت، و دەسەلاتی گرێبەستکردن دەتوانێت هەمواری دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بکات ئەگەر بەپێویستی بزانێت لەبەر رۆشنایی هەر پرسیارێك کە لە کۆبوونەوەی رێخۆشکار پێشکەش دەکرێت، و دەسەلاتی گرێبەستکردن ئەم جۆرە هەموارە لە پاشکۆیەك رێکدەخات کە دەردەکرێت و بۆ دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە زێدە دەکرێت، و گشتاندنی بۆ دەکرێت بەسەر گشت پێشکەشکارانی تەندەری بەشداربوو نەوەك تەنها لە رێگەی کۆنووسی کۆبوونەوە.

**چوارەم–** ئامادەنەبوونی هەر پێشکەشکارێکی تەندەر لە کۆبوونەوەی رێخۆشکار نابێتە هۆیەك بۆ رەتکردنەوەی تەندەرەکەی.

## لقى دووەم

## پێشکەشکردنی تەندەر

## Submission of bids

### ماددەی - 26 – ماوەی زەمەنیی پێشکەشکردنی تەندەر

### Time period for submission of bids

**یەکەم–** لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (12)، پێویستە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر دیار بکرێت، بە پێشکەشکردنی تەندەریش لە هەردوو قۆناغی کەمکردنەوە بە دوو قۆناغ، و لە دوای قۆناغی شیاندنی پێشوەختە لەو ڕێکارانەی کەمکردنەوە کە بە شیاندنی پێشوەختە دەست پێدەکەن، بەپێی ئەو سنوورانەی لە پاشکۆی (أ) دەقیان لەسەر کراوە.

**دووەم–** دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ماوەی پێشکەشکردنی تەندەر درێژ بکاتەوە، بە مەرجی:

أ. وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختەی سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی رایدەسپێرێت.

ب. دەرکردنی پاشکۆیەك بۆ بانگەواز و بڵاوکردنەوە لە هەمان ئەو ڕۆژنامانەی بانگەوازی یەکەم تیایدا بڵاوکراوەتەوەو لە دەروازەی ئەلیکترۆنی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستە گشتییە فەرمییەکانیش کە بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم) بڕیاردراوە، لەگەڵ ناردنی وێنەیەکی بۆ گشت بەشداربووانی کەمکردنەوە پێش ڕێکەوتی وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر.

### ماددەی - 27 – گەرەنتی تەندەر (Bid security)

**یەکەم–** لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگەی (سێیەم)، پێویستە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە پێشکەشکردنی گەرەنتی تەندەر لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەرەوە لەخۆ بگرێت بە گوژمەیەکی بڕاوە یەکسانە بە (1–3٪)ی تێچووی مەزەندەکراوی گرێبەست لەگەڵ ڕەچاوکردنی سروشت و گرنگییەکەی:

أ. پێویستە گەرەنتی تەندەر بەرکاربوونی بەردەوام بێت بۆ ماوەی (28) ڕۆژ لە دوای ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ڕەسەنەکە یان ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی بەسەرچوونی، لەگەڵ جێگیرکردنی لایەنی سوودمەندو ناوی پرۆژەکە یان بابەتی گرێبەستکردنەکە هەروەك لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دەقی لەسەر کراوە.

ب. ئەگەر گەرەنتی تەندەرەکە لەسەر شێوەی نووسراوی گەرەنتییێکی بانکی (خطاب ضمان) یان چەکێکی پارەی پەسەندکراو پێشکەش کرابێت، ئەوا پێویستە لە بانکێکی مۆڵەتدراو لە هەرێمی کوردستان دەرکرابێت یان گەرەنتی کرابێت. هەروەها پێویستە مەرجدار نەبێت و شیاوی هەڵوەشاندنەوە نەبێت، و بەو بەهاو دراوە بێت کە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە جێگیر کراون، وە گەرەنتی تەندەر لە کەمکردنەوە نێودەوڵەتییەکان قەبولکراو دەبێت ئەگەر لەسەر شێوەی گەرەنتی بانکی بێت لە بانکی بیانی (کە لە عێراق کار ناکەن) و لە لایەن بانکی ناوەندیی هەرێمەوە متمانەیان پێدراوە، دەرچووبێت.

جـ. پێویستە گەرەنتی تەندەری هاوبەندییەکانی پێشکەشکارانی تەندەر بەناوی ئەو هاوبەندییە دەرکرابێت کە تەندەرەکە پێشکەش دەکات یان بەناوی هاوبەشی راسپێردراوەوە بێت. وە لەو حاڵەتانەی تیایدا هاوبەندی پێشکەشکارانی تەندەر لە رووی یاساییەوە تۆمار نەکرابێت لە کاتی پێشکەشکردنی تەندەر، ئەوا پێویستە نووسراوی گەرەنتییەکە بەناوی گشت هاوبەشەکانی داهاتوو بێت لە هاوبەندییەکە.

**دووەم**– پێویستە گەرەنتی تەندەر تەنها (حصراً) لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەستی بەسەردا بگیرێت:

أ. لێسەندنەوە یان هەموارکردنی تەندەرەکە لە دوای وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر.

ب. پێشکەشکاری تەندەرەکە قەبولکردنی راستکردنەوەی هەڵەیەکی ژمێرەیی کە لە تەندەرەکەی سەریهەڵداوە، رەتبکاتەوە، لەگەڵ رەچاوکردنی ماددەی (32/سێیەم).

جـ. واژوونەکردنی گرێبەست بەپێی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان پێشکەش نەکردنی گەرەنتی باش جێبەجێکردن.

**سێیەم**– پێویستە لەسەر دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن پەنا ببەنە بەر بەڵێننامەی نووسراوی گەرەنتیکار بۆ تەندەر بەپێی ئەو دارشتن و رێنوێنیانەی وەزارەتی پلاندانان دەریان دەکات لەو حاڵەتانەی بەکارهێنانی گەرەنتی تەندەر تیایاندا گونجاو نابێت بۆ گرێبەستە بچووکەکان لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەی لە پاشکۆی (أ) دەقیان لەسەر کراوە. وە بەڵێننامەی نووسراو دەق دەکات لەسەر رەزامەندی پێشکەشکاری تەندەر لە رێگەی واژووکردن لەسەری و پێشکەشکردنی لەگەڵ تەندەرەکە بە پیادەکردنی لەخۆیی (التطبیق التلقائي) سزای بێبەشکردن لە بەشداریکردن بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیارکراو (یەك ساڵ بۆ دوو ساڵ) لە حاڵەتی روودانی یەکێك لەو بارودۆخانەی لە برگەی (دووەم) ئاماژەیان پێکراوە، بەو مەرجەی پیادەکردنی پرنسیپی بەڵێننامەی نووسراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە جێگیر کرابێت و بەسەر گشت پێشکەشکارانی تەندەر پیادە بکرێت.

## ماددەی - 28 – پێشکەشکردنی تەندەر ( Submission of bids )

**یەکەم–** پێویستە پێشکەشکردنی تەندەر بەنووسین بێت و بەشێوەیەکی بنەمایی واژوو کرابێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی (پێنجەم)، وە لە یەك زەرفی داخراوو مۆرکراودا بێت لەسەر ئەو ناونیشانەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دیارکراوە. دەکرێت تەندەر بە دەست یان لە ڕێگەی پۆستی تۆمارکراو یان لە ڕێگەی پۆستی خێرا یان لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان ڕادەست بکرێن ئەگەر دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە ڕێگەی پێبدەن بەپێی ئەم ڕێنماییە. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئامادەسازی بکات بۆ پێشوازیکردن لە تەندەر لە کاتی دابەشکردنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە تاوەکو کۆتایی هاتنی وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر. وە پێویستە لە دوای وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر تەندەری هاتوو وەرنەگیرێت و بەبێ کردنەوەی بگەڕێندرێتەوە.

**دووەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن پارێزگاریکردن لەو تەندەرانەی پێشکەشکراون بە ڕێگەیەکی دڵنیاکارو نهێنی بەبێ کردنەوە پێش وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر و گرێدانی دانیشتنی کردنەوە، مسۆگەر بکات.

**سێیەم–** پێویستە پارێزگاری بکرێت لە تەندەرەکان لە سندوقێکی تایبەت بە فەرمانگەی تایبەتمەند کە بە پسوولەی وەرگرتنی بە دوو کۆپی پاڵپشت کرابێت، کۆپیەکیان دەدرێتە پێشکەشکاری تەندەرەکە یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت و کۆپیەکی دووەمیش لە فەرمانگەی تایبەتمەند هەڵدەگیرێت. وێرای ئەمەش پێویستە ئەم زانیارییانەی خوارەوە لە تۆمارێکی تایبەت تۆمار بکرێن:

أ. ناوو ژمارەی کەمکردنەوە بەو شێوەیەی لە دۆکیومێنتەکانی باسکراوە.

ب. ناوی پێشکەشکاری تەندەر یان نوێنەری ڕاسپێردراوی، لەگەڵ ناونیشانی تەواوی لە ناو هەرێمی کوردستان یان لە دەرەوەی لەگەڵ ئەو دۆکیومێنتانەی ئەو ووردەکارییانە دەسەلمێنن.

جـ. ناوو ناونیشان و واژووکردنی هەڵگری تەندەرەکە.

د. کات و ڕێکەوتی پێشکەشکردنی تەندەرەکە.

هـ. هاوپێچی سەربار کە لەگەڵ تەندەرەکە پێشکەش دەکرێت، ئەگەر هەبێت.

**چوارەم–** ئاشکراکردنی هەر زانیارییەك دەربارەی ناوو ناونیشانی پێشکەشکارانی تەندەر یا نوێنەرەکانیان لەو ماوەیەی دەکەوێتە پێش کردنەوەی تەندەر قەدەغە دەکرێت بۆ پارێزگاریکردن لە نهێنیی ڕێکارەکان.

**پێنجەم–** بەدەر لە پرۆسەی گرێبەستکردن لە یەك زەرفدا، و بۆ مەبەستی گرێبەستکردن لەسەر کار و کاڵا و پرۆژەکانی ڕادەستکردنی کلیلی خاوەن سروشتی ئاڵۆز:

أ. دەكرێت شێوازی گرێبەستكردن بە دوو زەرف بەكار بهێنرێت، ئەگەر دۆكیومێنتەكانی گرێبەستكردن دەقی لەسەر بكات.

ب. لە كاتی گرێبەستكردن بە دوو زەرف، پێویستە زەرفێك پێشكەش بكرێت بۆ ئۆفەری تەكنیكی و زەرفێكی دووەم بۆ ئۆفەری دارایی بە شێوەیەكی سەربەخۆ لە هەمان كاتدا، هەروەها بۆ هەردووكیان بەشێوەیەكی سەربەخۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت.

جـ. پێویستە دۆكیومێنتەكانی كەمكردنەوە زانیاری پێویست بۆ ئەو هەنگاوانەی پێویستە بگیرێنەبەر بۆ رێكارەكانی گرێبەستكردن بە دوو زەرف بۆ پێشەشكارانی تەندەر دابین بكات. هەروەها پێویستە بە پێشكەشكارانی تەندەر رابگەیندرێت دەربارەی نزمترین ئاستی هەر پێداویستییەكی تەكنیكی كە پێویستە ئۆفەرە تەكنیكییەكان لێیان بێتەدی بە مەبەستی كردنەوەی ئۆفەرە داراییەكانی بەرامبەریان لەگەڵ پێوەرو رێكارەكانی هەڵسەنگاندنی پلەكان، وێرای پێویستی بانگهێشتكردنی پێشكەشكارانی تەندەر بۆ ئامادەبوونی كردنەوەی ئاشكرای هەر یەك لە ئۆفەرە تەكنیكی و ئۆفەرە داراییەكان بەشێوەیەكی سەربەخۆ.

د. پێویستە ئەو زەرفانەی ئۆفەری تەكنیكی لەخۆدەگرن راستەوخۆ لە دوای كۆتاییهاتنی وادەی كۆتایی پێشكەشكردنی تەندەر و بە ئامادەبوونی ئەوەی نیازی هەیە لە پێشكەشكارانی تەندەر، بكرێنەوە. هەروەها پێویستە تەنها ئەو زەرفانەی ئۆفەرە داراییە بەرامبەرەكانی ئۆفەرە تەكنیكییەكانن، بكرێنەوە كە پلەی پێویستیان بۆ سەركەوتن بەدەستهێناوەو بە ئامادەبوونی ئەوەی نیازی هەیە لە نێوانیان.

## لقی سێیەم

## کردنەوە و هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان

## Opening and evaluation of bids

**ماددەی – 29 – دانیشتنی کردنەوەی تەندەرەکان ( Bids – opening session )**

**یەکەم–** پێویستە لەسەر سەرۆکی لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان بەمانەی خوارەوە هەڵبستێت:

أ. دڵنیابوون لە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی لیژنە بەر لە کردنەوەی تەندەرەکان. وە لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی هەندێك لە ئەندامان پێویستە لەسەر سەرۆکی دەسەلاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی رایدەسپێرێت جێگرەوەیان بە پسپۆڕی هاوشێوە دەستنیشان بکات.

ب. دڵنیابوون لەوەی گشت پێداویستییەکانی پێویست بۆ کردنەوەی تەندەرەکان بەردەستن بەر لە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر.

**دووەم–** پێویستە تەندەرەکان لە وادە و شوێنی دیارکراو لە دۆکیومێنتی کەمکردنەوە یان هەر هەموارکردنێکی، بکرێنەوە. پێویستە لەسەر لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەستبەکاربن لە دانیشتنی کردنەوەی تەندەرەکان دەستبەجێ لەگەڵ تەواوبوونی وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر یان لە دوای ئەمە لە کاتی پێویستی و بەکەمترین ناوبڕی زەمەنی لەبەر هۆکاری لۆجیستی و لەسەر رەزامەندی سەرۆکی دەسەلاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی رایدەسپێرێت بۆ ئەوەی دەست بکرێت بە کردنەوەی ئاشکرای تەندەرەکان بە ئامادەبوونی ئەوەی نیازی هەیە لە پێشکەشکارانی تەندەر یان نوێنەرە راسپێردراوەکانیان. پێشکەشکارانی تەندەر یان نوێنەرە راسپێردراوەکانیان پابەند نین بە ئامادەبوون لە دانیشتنی کردنەوەی تەندەرەکان.

**سێیەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن هەر تەندەرێك لەدوای وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر بێتن رەتی بکاتەوە و بەبێ کردنەوەی بۆ کەسی نێردەرەکەی بنێرێتەوە.

**چوارەم–** پێویستە بە دەنگێکی بیستراو ناو و ناونیشانی پێشکەشکاری تەندەر، و هەر کشانەوەیەك یان هەموارکردنێك بەر لە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر هاتبێت، و کۆی گشتی گوژمەی هەر تەندەرێك، و هەر داشکاندنێك، و نرخی هەر جێگرەوەیەك خرابێتەڕوو، بوونی گەرەنتی تەندەر یان نەبوونی ئەگەر داواکراوبێت، بەهای گەرەنتی، و دۆکیومێنتی داواکراو و هاوپێچ نەکراو لەگەڵ تەندەرەکە، بخوێندرێتەوە، ئەو زانیارییانەش لەو کۆنووسە تۆمار دەکرێن کە لە بڕگەی (پێنجەم) ئاماژەی پێکراوە.

پێویستە وێنەیەکی راپۆرتەکە بۆ هەر پێشکەشکارێکی تەندەر دابین بکرێت کە داوای دەکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی لە تابلۆی راگەیاندنەکان. نابێت لە دانیشتنی کردنەوەی تەندەرەکان هیچ بڕیارێك بگیرێتەبەر دەربارەی ئەوەی هەر تەندەرێك بە رەتکراو یان نالێهاتوو دادەندرێت یان ئەمە رابگەیێنن.

**پێنجەم–**

**أ–** پێویستە ئەمانەی خوارەوە لە کۆنووسی لیژنە بنووسرێنەوە:

1. ئەو زانیارییانەی بەپێی بڕگەی (چوارەم) خوێندراونەتەوە.
2. بوونی مۆر یان مۆری مۆمیی (شمع) لەسەر زەرفەکانی تەندەر بە مەبەستی نهێنی.
3. ئەو تەندەرانەی گەرەنتی تەندەر لەخۆ ناگرن ئەوەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە داواکراوە.
4. ئەو تەندەرانەی پشتیان بەستووە بە کەمکردنەوەیەك بەرێژەیەکی سەدیی دیارکراو یان گوژمەیەکی بڕاوە لە بەهای تەندەرەکانی دیکەی پێشەشکراو بۆ ئەم کەمکردنەوەیە.
5. ئەو تەندەرانەی لە رووی تەکنیکی و/ یان دارایی هەموارکراون و جێگرەوەی ئەو تەندەرە رەسەنانەن کە مەرجەکانی کەمکردنەوە پێویستی دەکەن، کاتێك ئەم مەرجانە رێگە بە تەندەری جێگرەوە دەدەن، بەڵام نابێت تەندەری جێگرەوە پێشکەش بکرێت مەگەر لەگەڵ تەندەرە رەسەنە داواکراوەکانەوە هاوپێچ کرابێت.
6. ژمارەی لاپەڕەکانی پێکهێنەر بۆ هەر تەندەرێك.
7. دانانی ئاماژەیەکی روون لەسەر هەر نیشانەیەك یان سڕینەوەیەك یان زێدەکردنێك یان راستکردنەوەیەك لە خشتەی نرخ بۆدانراوی گوژمەکان لەگەڵ واژووی سەرۆکی لیژنە لەگەڵ مۆرکردنی.
8. دانانی هێڵێکی ئاسۆیی لەتەك هەر بڕگەیەکی نرخ بۆ دانەندراو لە خشتەی نرخ بۆ دانراوی گوژمەکان لەگەڵ واژووی سەرۆکی لیژنە لەگەڵ مۆرکردنی.
9. دڵنیابوون لە بوونی نووسراوێکی راسپاردنی کەسی راسپێردراو بە واژووکردن لە جیاتی پێشکەشکاری تەندەر لەسەر گشت لاپەڕەکانی خشتەی نرخ بۆدانراوی گوژمەکان و دۆکیومێنتە هاوپێچەکان.

ب. پێویستە راپۆرتی لیژنە تێبینی یان پارێزکاریی (تحفظات) هاتوو لە تەندەرەکان و دۆکیومێنتە هاوپێچەکان لەخۆ بگرێت.

جـ. دانانی نیشانە لەسەر گشت ئەو سامپڵ و نموونە و دیزاینانەی لەگەڵ تەندەرەکان پێشکەشکراون و دیارکردنی خەسڵەتە گشتی و سیما جیاکراوەکانیان.

د. مۆرکردنی گشت لاپەڕەکانی تەندەر بە مۆری لیژنە لەگەڵ مۆر و واژووی سەرۆکی لیژنە لەسەر نووسراوی تەندەرەکە و خشتەی نرخ بۆدانراوی گوژمەکان، پێویستە بەشێوەیەکی تۆکمە پارێزگاری لە تەندەرەکان بکرێت بۆ دووربوونەوە لەهەر هەوڵێکی یاریپێکردنی لاپەڕەکانی تەندەر.

هـ. بەڕوونی ئاماژەکردن بەو زانیاری و ووردەکارییانەی لەگەڵ تەندەر پێشکەش نەکراون کە بەپێی ڕێنمایی ئەرکە بۆ پێشکەشکارانی تەندەر دابین بکرێن ئەوانەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دەقیان لەسەر کراوە بە پسوولەی کڕینی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەشەوە.

و. لە دوای کردنەوەی گشت تەندەرەکان بەو شێوەیەی لەم ڕێنماییە دیارکراوە، سەرۆکی لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان بەمانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

1. جێگیرکردن و ڕاگەیاندنی نرخ و خەسڵەتە تەکنیکی و ماوەکانی جێبەجێکردن بۆ پێشکەشکارانی تەندەر هەروەك لە تەندەرەکانیان لەسەر تابلۆی ڕاگەیاندنەکان دیارکراوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەم نرخ و خەسڵەتانە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنن.

2. سەرۆك و ئەندامان و سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان هەڵدەستن بە ئامادەکردن و واژووکردنی ڕاپۆرتەکە لەگەڵ باسکردنی هەر تێبینییەك دەربارەی کاری لیژنە ئەگەر هەبێت و دەکرێت پێشکەشکارانی تەندەر یان نوێنەرە ڕاسپێردراوەکانیان ئەوانەی ئامادەن، واژوو بکەن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنە ئەگەر ئەمە کردەیی (عملي) بێت.

ز. تەندەرەکان و هاوپێچەکانیان بە ڕاپۆرتێکی تایبەت بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕادەستی لیژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بکات.

## ماددەی - 30 – نهێنیی و دەسپاکی و لێهاتوویی لە هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان

## Confidentiality, integrity and efficiency in evaluation of bids

**یەکەم–** لە دوای کردنەوەی تەندەرەکان تاوەکو ئاگادارکردنەوەی خاوەن تەندەری سەرکەوتوو بە سپاردنی گرێبەست بۆی، هیچ پێشکەشکارێکی تەندەر بۆی نییە هەر پەیوەندییێکی ناداواکراو لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات یان هەوڵی کارتێکردن بدات بە هەر ئامرازێك بێت لەسەر پرۆسەی پشکنین و هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان.

**دووەم–** أ. نابێت هیچ زانیارییەکی پەیوەست بە پشکنین و ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەرەکان، یان هەر ڕاسپاردەیەك دەربارەی سپاردنی گرێبەست بۆ پێشکەشکارانی تەندەر یان بۆ هەر

لایەنێکی دیکەی نابەشداربوو بەشێوەیەکی فەرمی لە پشکنین و هەڵسەنگاندن یان بەراوردکردنی تەندەرەکان یان لە بڕیاری قەبولکردنی تەندەر تاوەکو ڕاگەیاندنی سپاردنی گرێبەست بۆ خاوەن تەندەری براوە و ئاگادارکردنەوەی گشت پێشکەشکارانی تەندەر لەم بارەیەوە، ئاشکرا بکرێت مەگەر یاسا پێچەوانەی ئەمە دەق بکات یان پاڵپشت بە فەرمانێکی دەرکراو لە لایەن دادگایەکی تایبەتمەندەوە.

ب. هەر هەوڵێك لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەر بۆ کاریگەری خستنە سەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە کاتی پشکنینی بۆ تەندەرەکان یان بڕیاری سپاردنی گرێبەست دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تەندەرەکانیان.

**سێیەم**– نابێت تەندەرەکان ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکرێن بۆ شیکردنەوەیان. وە پێویستە ئەو ڕاوێژکارانەی لە دەرەوەی هەرێم کار دەکەن نوێنەرەکانیان بۆ هەرێم بنێرن بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوە، مەگەر سروشتی کارەکە پێچەوانەی ئەمە بخوازێت. و سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ڕەزامەندی بدات لەسەر ئەم جۆرە ڕێکارە بەپێی دەسەڵاتە بەرکارە پەیوەندارەکان. پێویستە پارێزگاری بکرێت لە دۆکیومێنتەکانی تەندەرە ڕەسەنەکان لە لای دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە.

**چوارەم**– لیژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تەندەرەکانی پێکهاتوو بەپێی مادده (69) ئەرکەکانی لە پشکنین و شیکردنەوەی تەندەرەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکانی سپاردن بەجێ دەگەیێنێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی واژووکردن و دەرکردنی نووسراوی سپاردن بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی بەرکاربوونی تەندەرەکە ئەوەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دەقی لەسەر کراوە یان کۆتاییهاتنی هەر درێژکردنەوەیەکی.

## ماددەی – 31 – پشکنینی بەرایی تەندەرەکان (Initial examination of bids)

**یەکەم**– لیژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان هەڵدەستێت بە پشکنینی تەندەرەکان بۆ دیارکردنی ئەوەی ئایا:

أ. ئەم تەندەرانە بەشێوەیەکی فەرمی تەواون و واژووکراون بەپێی ڕێنماییەکان لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەر کە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دەقی لەسەر کراوە.

ب. ئەو دۆکیومێنتانەی داواکراون بۆ دیارکردنی دەسەڵاتە یاساییەکان و گەرەنتی تەندەری داواکراو دابینکراون.

جـ. ئەم تەندەرانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پێداویستییە تەکنیکی و مەرجەکانی گرێبەستکردنی دەقنووسکراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەی لێهاتۆتەدی.

**دووەم-** أ. لیژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای خودی ناوەڕۆکی تەندەر بڕیاری بەوەڵامهاتنی بنەڕەتی تەندەرەکە دەدات.

ب. تەندەر بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە وەڵامدەر دادەندرێت ئەگەر پێداویستییەکانی کەمکردنەوەی بەبێ هیچ لێلادانێکی سەرەکی لێهاتبێتەدی.

جـ. لێلادانی سەرەکی بریتییە لە هەر جیاوازییەك لە پێداویستییەکانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە، ئەوانەی ئەگەر قەبول بکرێن، دەبنە مایەی:

1. کارتێکردن بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە کوالیتی و بەجێگەیاندنی کارەکان ئەوانەی لە گرێبەست دەقیان لەسەر کراوە.

2. کارتێکردنی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە مافەکانی خاوەنکار یان پابەندبوونەکانی پێشکەشکاری تەندەر لە گرێبەستی پێشنیارکراوەوە.

3. کارتێکردنی بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە لە ئاستی کێبڕکێکاری پێشکەشکارانی دیکەی تەندەرەکان ئەوانەی لە رووی بنەڕەتییەوە تەندەری وەڵامدەریان پێشکەش کردووە.

د. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەر تەندەرێك کە وەڵامدانەوەی بنەڕەتی پێداویستییەکانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەی نییە رەتبکاتەوە و لە هەڵسەنگاندن دووری بخاتەوە. وە نابێت ئەم جۆرە تەندەرە لە قۆناغێکی دواتر بکرێتەر وەڵامدەر لە رێگەی هەموارکردنی لێلادانە سەرەکییەکان یان پارێزکارییەکان یان هەڵەکردن.

**سێیەم-** لیژنە بەپێی بڕگەی (دووەم) هەڵدەستێت بە دوورخستنەوەی ئەو تەندەرانەی:

أ. ناتەواون.

ب. واژوونەکراون.

جـ. گەرەنتی تەندەر بەو گوژمەیە و مەرجانەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە داواکراون، ئەگەر داواکراو بێت، لەخۆناگرن.

د. پشتبەستن بە کەمکردنەوە بە رێژەیەکی دیارکراو یان گوژمەی بڕاوە لە هەر یەکێك لەو تەندەرانەی دیکەی پێشکەشکراو لەم کەمکردنەوەیە، و رەتکردنەوە یان پارێزکاری یان کەمکردنەوەی نرخی پێشکەشکراو لە دوای رێکەوتی داخستنی کەمکردنەوەکە.

هـ. لێلادانی سەرەکی لەخۆبگرن، و ئەوانەی لە رووی بنەڕەتییەوە وەلامدانەوەیان نەبێت بۆ خەسلەتە تەکنیکییەکان یان مەرجەکانی گرێبەست یان مەرجە گرنگەکانی دیکە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بە نەبوونی توانای پێشکەشکاری تەندەریشەوە لەسەر پابەندبوون بە رێکەوتەکانی بەجێگەیاندن و رادەستکردنەوەی کۆتایی لە چوارچێوەی ئەو ئاستەی بۆ دەسەلاتی گرێبەستکردن قەبولکراوە هەر وەك لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان شیاندنی پێشوەختە دەقیان لەسەر کراوە، ئەگەر ئەم جۆرە شیاندنە ئەنجام بدرێت.

و. ماوەی بەسەرچوونی کورتتر بێت لەو ماوەیەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دەقی لەسەر کراوە.

ز. لەو پێشکەشکارانەی تەندەر هاتبێت کە پێشتر شیاندنی پێشوەختەیان بۆکراوە ئەگەر تەندەری دیکەیان لە هەمان کەمکردنەوە پێشکەش کردبێت یان تیایدا بەشداربووبن، لەم حالەتەش پێویستە هەردوو تەندەرەکە رەتبکرێنەوە، مەگەر بەشێوەیەکی بنەمایی تەندەرەکەی دیکە رابکێشێتەوە بەر لە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر یان پێشکەشکاری تەندەر تەندەرێکی جێگرەوەی بەپێی دۆکیومێنتەکانی تەندەر پێشکەش کردبێت.

## ماددەی - 32 – هەڵەی ژمێرکاری و بڕگەی نرخ بۆدانەنراو لە تەندەرەکان

## Arithmetical errors and un-priced items in bids

**یەکەم–** نرخەکانی گشت تەندەرەکان لەسەر بنەمایەکی یەکخراو و دەقنووسکراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە هەژمار دەکرێن.

**دووەم–** ئەگەر هەڵەیەکی ژمێرکاری هەبێت، پێویستە ئەم هەڵەیە راست بکرێتەوە و پێشکەشکاری تەندەر لەم بارەیەوە ئاگادار بکرێتەوە، و پێویستە راستکردنەوە ژمێرکارییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام بدرێن:

أ. لە حالەتی بوونی جیاوازی لە نێوان نرخی یەکە و کۆی گشتی، پێویستە نرخی یەکە متمانەی پێبکرێت و کۆی گشتی و نرخی سەرجەمی بەپێی ئەمە راست بکرێتەوە، مەگەر شتێك هەبێت بەشێوەیەکی روون ئەوە بسەلمێنێت کە فاریزەی یەك لە دەیانە (الفارزة العشرية) لە جێی خۆی نییە.

ب. لە حالەتی بوونی هەڵە لە کۆی گشتی گوژمەکان لە خشتەی بڕەکان لە ئەنجامی کرداری کۆکردن و لێکەمکردنی کۆمەڵە لاوەکییەکان، پێویستە کۆمەڵە لاوەکییەکان متمانەیان پێبکرێت و نرخی سەرجەمی بەم پێیە راست بکرێتەوە.

جـ. لە حاڵەتی بوونی هاودژی لە نێوان ووشە و ژمارەکان، ئەو گوژمەیەی بە نووسین جێگیر کراوە متمانەی پێدەکرێت مەگەر ئەم گوژمەیەی بە ووشە گوزارشتی لێوەکراوە پەیوەست بێت بە هەڵەیەکی ژمێرکارییەوە، لەم حاڵەتەش ئەو گوژمەیەی بە ژمارە گوزارشتی لێوەکراوە متمانەی پێدەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی هەردوو بڕگەی (أ) و(ب)ی سەرەوە.

**سێیەم**– ئەگەر پێشکەشکاری تەندەری کاندیدکراو بۆ سپاردن لە دوای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ڕاستکردنەوەی هەڵەکان قەبول نەکات، ئەوا پێویستە تەندەرەکەی ڕەتبکرێتەوە و گەرەنتی تەندەرەکەی دەستی بەسەردا بگیرێت یان بەڵێننامەی نووسراوی گەرەنتیکاری تەندەر پیادە بکرێت.

**چوارەم**– ئەگەر بڕگەیەك لە تەندەری پێشکەشکراو نرخی بۆ دانەندرابێت، ئەوا بەشێوەیەکی ناخاون وادادەندرێت تێچووەکەی، بەپێی ئەو بڕانەی لە خشتەی بڕەکان دیارکراوە، کەوتۆتە ناو چوارچێوەی سەرجەمی تێچووی تەندەرەکە.

## ماددەی - 33 – ڕوونکردنەوەی تەندەرەکان (Clarification of bods)

**یەکەم**– دەسەڵاتی گرێبەستکردن، لە پێناو ئاسانکاری پشکنین و هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەرەکان، بۆی هەیە داواکارییەکی نووسراو بۆ هەر یەکێك لە پێشکەشکارانی تەندەر بنێرێت بۆ ڕوونکردنەوەی تەندەرەکە و ڕوونکردنەوەکەش جێگیرکردنی ووردەکاریی نرخی یەکە، لەخۆ بگرێت.

**دووەم**– هیچ ڕوونکردنەوەیەك لە پێشکەشکاری تەندەرەوە بەهەند وەرناگیرێت مەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن داوای کردبێت.

**سێیەم**– پێویستە داواکاریی ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوەکەی نووسراو بن، وە ئەمەش نابێت ببێتە مایەی یان ئاماژەکردن یان ڕێگەدان بە هەر گۆڕانکارییەك لە نرخی یان سروشتی تەندەری پێشکەشکراوەوە.

**چوارەم**– لە حاڵەتی خۆگرتنی پێشکەشکاری تەندەر لە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی پێویستی تایبەت بە تەندەر لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەی لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە پێی بەخشراوە، ئەوا پێویستە تەندەرەکە لەسەر بنەمای ئەوەی ناڕوونە و/یان لەگەڵ تەندەرەکانی دیکە قابیلی بەراوردکردن نییە ڕەتبکرێتەوە.

## ماددەی - 34 – هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەرەکان

## Evaluation and comparison of bids

**یەکەم–** ئەو میتۆدکارییەی لە ڕێنماییەکاندا هاتووە بەسەر پێشەشکارانی تەندەرەکان پیادە دەکرێت لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئۆفەرە تەکنیکی و داراییەکانی پێشکەشکراو لە تەندەرەکانی جێبەجێکردنی کارە گشتییەکان یان دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری بە مەبەستی هەڵبژاردنی باشترین تەندەر (ئەو تەندەرەی وەڵامدارە بۆ مەرجەکانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە و کەمترین نرخە لە کاتی هەڵسەنگاندندا).

**دووەم–** أ. بۆ ناسینی ئەو تەندەرەی باشترین بەها بۆ دارایی گشتی دەستەبەر دەکات ئەوەی پێویستە گرێبەستەکە بەهۆیەوە بسپێردرێت، هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان و ڕیزبەندکردنیان بەپێی ئەو نرخ و پێوەرە نانرخیانە دەبێت کە پەیوەندارن بە تێچوو وەك تێچووی سووڕی ژیان ئەوەی دەکرێت بۆ هاوتا نەختینییەکەی بگۆڕدرێت، و هەر پێوەرێکی نانرخیی دیکە لە نێوانیشیاندا ئەو پێوەر و پابەندکارییانەی کە لەسەر بنەمای ڕێسای سەرکەوتن، سەرنەکەوتن هەڵسەنگاندن دەکات و ئەو پێوەرانەی پشت دەبەستن بە خاڵەکانی پێڕەوابوون.

ب. پێویستە تەنها پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و میتۆدکاریی جێگیرکراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە پیادە بکرێت، و پێویستە بەپێی توانا پێوەرە نانرخییەکانیش بۆ هاوتا نەختینەییەکانیان بگوڕدرێن.

جـ. دەکرێت ئەو پێوەرانەی لەسەر بنەمای خاڵەکانی پێڕەوابوون هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان بەکاربهێنرێن لەوەی پەیوەستە بەو پێوەرە نانرخییانەی ناکرێت بۆ هاوتای نەختینەیی بگۆڕدرێن، هەروەك لە پرۆسەکانی گرێبەستکردنی ئاڵۆز بۆ دەستکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، یان لە کاتی هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان لەوەی پەیوەستە بە پێداویستییەکانی بەردەوامکاریی سەپێندراو بەپێی ماددەی (7).

د. لە پێناو گەیشتن بەو تەندەرەی زیاتر سوودی هەیە لە حاڵەتی بەکارهێنانی جۆرەها پێوەری نانرخیی هەڵسەنگێنەر، پێویستە کێشی ئەو پێوەر و پێوەرە نرخییەکان لێکبدرێن و هەژمار بکرێن بەپێی ئەو هاوکێشەیەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دەقی لەسەر کراوە، وە ئەو تەندەرە زۆرترین سوودی دەبێت کە کەمترین تێچووی هەڵسەنگێندراو دەستەبەر دەکات.

**سێیەم-** لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (38/یەکەم/جـ)، نابێت لە کاتی پرۆسەی هەڵسەنگاندن یان لە دوای سپاردن دانوستان لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر لەسەر نرخەکانی یان ناوەڕۆکەکانی تەندەرەکانیان ئەنجام بدرێت.

**چوارەم-** ئەگەر لێلادان هەبێت لە هەر تەندەرێك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن نەبووبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تەندەرەکە لە قۆناغی پشکنینی سەرەتایی (لێلادانی بچووك)، ئەوا پێویستە ئەو لێلادانە بچووکانە بۆ هاوتای نەختینەیی بگۆڕدرێن ئەگەر بکرێت (واتە لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەموارکردن لەسەر نرخی تەندەرەکە تەنها بۆ مەبەستەکانی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن لە نێوان تەندەرەکان، نەوەك بۆ ئەو مەبەستانەی کاریگەرییان دەبێت لەسەر نرخی ڕاستەقینە ئەگەر ئەو تەندەرە، تەندەرە براوەکە بێت).

**پێنجەم-** ئەگەر تەندەرە ڕەسەنەکە داشکاندن لەخۆ بگرێت بە ڕێژەیەکی دیارکراو لەسەر نرخی هەمان تەندەرەکە، ئەوا پێویستە لەبەرچاو بگیرێت لە پرۆسەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن.

**شەشەم-** پێویستە هەر گوژمەیەکی یەدەگی جێگیرکراو لە خشتەی بڕەکانی نرخ بۆداندراو بۆ هەر تەندەرێکی پێشکەشکراو کە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە داواکراو نییە دوور بخرێتەوە لە پرۆسەی بەراوردکردن و شیکردنەوە.

**حەوتەم-** کاتێك بە دوو دراو یان زیاتر گوزارشت لە نرخەکانی تەندەرەکان دەکرێت، پێویستە نرخەکانی گشت تەندەرەکان بۆ هەمان دراو بگۆڕدرێت بەپێی نرخی گۆڕینی دیارکراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (24/یازدەم)ی ئەم ڕێنماییە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەرەکان.

**هەشتەم-** لیژنە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی تەندەری جێگرەوە کە هاوپێچکراوی تەندەرە ڕەسەنەکانە تەنها لەو کاتەی مەرجەکانی کەمکردنەوە ڕێگە دەدات یان داوای ئەم ڕێکارە دەکات، وە کاتێك تەندەرە جێگرەوەکان ئامانجیانە تێچوو و/یان ماوەی جێبەجێکردن و/یان گواستنەوەی زانیاری یان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایەکی نوێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و/یان دابینکردنی خەسڵەتی تەکنیکی باشتر لە چوارچێوەی تێچووی مەزەندەکراوی پرۆژەکە، کەم بکەنەوە.

**نۆیەم-** پەراوێزی پێشخستنی لۆکاڵی بۆ پێشکەشکارانی نێوخۆیی تەندەرەکان پیادە ناکرێت مەگەر دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دەقی لەسەر بکات بەپێی ڕێژەی ئەو پەراوێزەی لەم دۆکیومێنتانە جێگیر کراوە، وە پێویستە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگیرێنەبەر لە کاتی پیادەکردنی ئەم پەراوێزە لەسەر ئەو تەندەرانەی وەڵامدار و وەکیەکن لەگەڵ حوکم و مەرجەکانی کەمکردنەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی سنوورەکانی ئەو ڕێژانەی لە پاشکۆی (أ) جێگیرکراون:

أ. زێدەكردنی نرخی كەمترین تەندەرە بیانییەكان لـە رووی نرخەوە بەبڕی رێژەی پەراوێزی پێشخستنی لۆكاڵی دەقنووسكراو لـە دۆكیومێنتەكانی كەمكردنەوە تەنها بۆ مەبەستەكانی بەراوردكردن.

ب. بەراوردكردنی ئەو تەندەرە بیانییەی نرخەكەی بەپێی بڕگەی (أ)ی سەرەوە زێدە كراوە لـەگەڵ كەمترین نرخی هەڵسەنگێندراوی پێشكەشكراو لـە لایەن پێشكەشكارە نێوخۆییەكانی تەندەر.

جـ. ئەگەر نزمترین نرخی هەڵسەنگێندراوی پێشكەشكراو لـە لایەن پێشكەشكارە نێوخۆییەكانەوە كەمتر بێت لـەو نرخەی بۆ تەندەرە بیانییەكە (لـە ئەنجامی هەردوو بڕگەی أ و ب ی سەرەوە) زێدە كراون، ئەوا پێویستە كەمكردنەوەكە بسپێردرێت بە پێشكەشكاری نێوخۆیی تەندەرەكە، بە پێچەوانەش پێویستە كەمكردنەوەكە بسپێردرێت بە پێشكەشكاری بیانیی تەندەر بە كەمترین نرخ بەر لـە زێدەكردن.

## ماددەی - 35 – دڵنیابوون لە لێهاتوویی پێشکەشکاری تەندەرە براوەکە

## Confirmation of winning bidder's qualifications

**یەكەم–** دەسەڵاتی گرێبەستكردن، ئەگەر رێكارەكانی شیاندنی پێشوەختەی پیادەكرد، بۆی هەیە داوا لـە پێشكەشكاری ئەو تەندەرە لـێهاتووە بكات كە تەندەرێكی پێشكەش كردووە و پلـەی یەكەمی بەدەستهێناوە، جارێكی دیكە لـێهاتووییەكانی خۆی بسەلمێنێت بەپێی ئەو پێوەرانەی لـە قۆناغی شیاندن بەر لـە ئاگاداركردنەوەی سپاردن پەیڕەوكراوە.

**دووەم–** پێویستە لـەسەر دەسەڵاتی گرێبەستكردن ئەگەر رێكارەكانی شیاندنی پێشوەختە پیادە نەكات، رێكارەكانی شیاندنی دواوەختە پیادە بكات بۆ دڵنیابوون لـە لـێهاتووییەكانی پێشكەشكاری ئەو تەندەرەی كاندیدە بۆ سپاردن بەپێی ئەو پێوەرانەی لـە دۆكیومێنتەكانی كەمكردنەوە دەقیان لـەسەر كراوە.

## ماددەی - 36 – راپۆرتی هەڵسەنگاندن و راسپاردەکان

## Evaluation report and recommendations

**یەكەم–** لـیژنەی شیكردنەوە و هەڵسەنگاندن لـە كۆتایی پرۆسەی شیكردنەوە هەڵدەستێت بە ئامادەكردنی خشتەیەك كە گشت تەندەرەكان لـەگەڵ ووردەكارییەكانی پەیوەندار و لایەنەكانی كەموكوڕی (ئەگەر هەبێت) لـەخۆ دەگرێت بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردكردنی لایەنە تەكنیكی و یاسایی و داراییەكانی ئەم تەندەرانە، ئەم خشتەیەش دەبێتە بەشێكی راپۆرتی كۆتایی هەڵسەنگاندنی تەندەرەكان كە لـیژنە ئامادەی

دەکات، و هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بە سەرۆکی دەسەلأتی گرێبەستکردن لەو ماوەیەی کە دیاری دەکات، لەگەڵ رەچاوکردنی ماوەی بەسەرچوونی تەندەرەکان.

**دووەم–** پێویستە راپۆرتی کۆتایی لیژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن خانەیەکی تایبەتی تێدابێت تیایدا ئەو راسپاردەیەی خۆی دابنێت کە ناوی پێشکەشکاری تەندەری کاندیدکراو بۆ سپاردن و رەگەزنامە و بەهای تەندەرەکە و دراوەکەی و ماوەی جێبەجێکردن یان دابینکردن (بە ژمارەی رۆژەکان)، و ئەو پرنسیپانەی لیژنە لە گرتنەبەری ئەو راسپاردەیە پەیرەوی کردوون، روون دەکرێتەوە. هەروەها پێویستە راسپاردەکە ئاماژەکردن بەوەی گوژمەی تەندەر لە چوارچێوەی سنوورە قەبولکراوەکانی تێچووی مەزەندەکراو، لەخۆ بگرێت. راپۆرتەکە مۆر دەکرێت و رێکەوتی لەسەر دادەندرێت لە دوای واژووکردنی لە لایەن سەرۆك و ئەندامانی لیژنەوە.

**سێیەم–** پێویستە جیاوازی بۆچوونەکان لە نێوان ئەندامانی لیژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ئەگەر هەبێت لە راپۆرتی کۆتایی دۆکیومێنت بکرێت، و سەرۆکی دەسەلأتی گرێبەستکردنیش ئەم پرسە یەکلایی دەکاتەوە.

**چوارەم–** پێویستە گرێبەستەکە بسپێردرێت بە پێشکەشکاری ئەو تەندەرەی کە لە رووی بنەڕەتییەوە وەلأمدەرە و باشترین بەها بۆ دارایی گشتی دەستەبەر دەکات (بەو تەندەرەش کە لە رووی بنەڕەتییەوە وەلأمدەرە و کەمترین نرخی هەیە، ئەگەر دەقی لەسەر کرابێت وەك پێوەرێکی هەڵسەنگاندن)، و ئەوەی وەکیەکە لەگەڵ پێوەرەکانی شیاندنی دیارکراو لە دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە یان دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە، لەگەڵ رەچاوکردنی هەر پەراوێزێکی پێشخستنی لۆکاڵی نێوخۆیی بەپێی حوکمەکانی ماددەی (34/نۆیەم).

## ماددەی – 37 – سپاردنی کەمکردنەوە ( Contract award )

**یەکەم–** پێویستە لەسەر لیژنەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن راسپاردەی خۆی سەبارەت بە سپاردن پێشکەش بە سەرۆکی دەسەلأتی گرێبەستکردن بکات بۆ بڕیاردانی کۆتایی بەپێی ئەو دەسەلأتانەی پێی بەخشراوە بۆ مەبەستەکانی گرێبەستکردن.

**دووەم–** پێویستە بەزووترین کات و بەر لە بەسەرچوونی تەندەر، پێشکەشکاری تەندەری براوە ئاگادار بکرێتەوە لە نیازی پێسپاردنی. وە لە هەمان کاتدا پێڕاگەیاندنی ناو و ناونیشانی پێشکەشکاری تەندەری کاندیدکراو بۆ سپاردن و نرخی تەندەرەکەی بە پێشکەشکارانی دیکەی تەندەرەکان. ئەم ئاگادار کردنەوەش بە نووسراوی قەبولکردنی تەندەرەکە دانانرێت، و نابێت هیچ رێکارێك بۆ واژووکردنی

گرێبەست بگیرێتەبەر تەنها لە دوای بەسەرچوونی ماوەی راگیرانی دیارکراو بە حەوت رۆژ لە رێکەوتی ئاگادارکردنەوەکە نەبێت. لە دواییدا دەسەلاتی گرێبەستکردن نووسراوی سپاردن بۆ پێشکەشکاری تەندەری براوە دەردەکات، و ئاگاداریەکیش لەم بارەیەوە بۆ پێشکەشکارانی دیکەی تەندەرەکان دەنێرێت. پێویستە لەسەر پێشکەشکاری تەندەری براوە گەرەنتی باش جێبەجێکردن بەو گوژمەیەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دیارکراوە پێشکەش بکات و گرێبەستەکە بەپێی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەو تەندەرەکەی لەو ماوەیەی لە نووسراوی سپاردن دیارکراوە واژوو بکات.

**سێیەم**- أ. ئەگەر پێشکەشکاری تەندەری براوە رەتیکردەوە گرێبەستەکە واژوو بکات یان سەرکەوتوو نەبوو لە پێشکەشکردنی گەرەنتی باش جێبەجێکردن، ئەوا پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ دەستبەسەرداگرتنی گەرەنتی تەندەرەکە وەك جێبەجێکردنێك بۆ حوکمەکانی ماددەی (27/دووەم) یان پیادەکردنی بەڵێننامەی نووسراوی گەرەنتیکاری تەندەر وەك جێبەجێکردنێك بۆ حوکمەکانی ماددەی (27/سێیەم) و لەئەستۆدانانی جیاوازی هەردوو بەرامبەر چونکە بە پاشگەزبوو دادەندرێت و گرێبەستەکە دەسپێردرێت بە پێشکەشکاری ئەو تەندەری لە ریزبەندی دووەم دێت مەگەر گشت تەندەرەکانی دیکەش رەتکرابنەتەوە.

ب. ئەگەر کاندیدی دووەمیش ئامادەنەبوو گرێبەست واژوو بکات و/یان گەرەنتی باش جێبەجێکردنی پێشکەش نەکرد، ئەوا بە پاشگەزبوو دادەندرێت و دەسەلاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە کەمکردنەوەکە بە پێشکەشکاری تەندەری سێیەم بسپێرێت لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی گەرەنتی تەندەری پێشکەشکاری تەندەری دووەم و لەئەستۆدانانی جیاوازی هەردوو بەرامبەر چونکە پاشگەز بووە، مەگەر گشت تەندەرەکانی دیکەش رەتکرابنەتەوە. وە ئەگەر پێشکەشکاری تەندەری سێیەمیش بەهەمان شێوەی سەرەوە ئامادەیی پێشان نەدا، ئەوا بە پاشگەزبوو دادەندرێت و پێویستە گەرەنتی تەندەرەکەی دەستی بەسەردابگیرێت و رێکارەکانی کەمکردنەوە دووبارە بکرێنەوە.

جـ. لە حاڵەتی دووبارە بانگەوازکردنی کەمکردنەوە بەهۆی پاشگەزبوونەوەی پێشکەشکارانی تەندەر لە (أ) و (ب)ی سەرەوە، ئەوا لەئەستۆدانانی پێشکەشکارانی پاشگەزبووی تەندەرەکان بە گوێرەی جیاوازی نرخەکانیان ئەنجام دەدرێت.

**چوارەم**- بڕیارەکانی سپاردن لە رێکەوتی پێراگەیاندنی پێشکەشکاری تەندەری براوە بە نووسراوی سپاردن بەرکار دەبن. وە پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن پێشکەشکارانی دیکەی تەندەر لە بڕیاری سپاردن ئاگادار بکاتەوە.

**پێنجەم**– پێویستە لەسەر پێشکەشکاری تەندەری براوە، لە ماوەیەك کە لە (28) رۆژ تێپەڕ نەکات لە دوای پێڕاگەیاندنی بە بڕیاری سپاردن، نووسراوێکی گەرەنتی باش جێبەجێکردن پێشکەش بکات و گرێبەستەکە واژوو بکات، بە پێچەوانەوە پێویستە، بەبێ پێشتر هۆشداریدانی، بە پاشگەزبوو دابندرێت و ئەو رێکارانەی لە ماددەی (27/دووەم) هاتووە دەرهەقی پیادە دەکرێن.

**شەشەم**– لەگەڵ رەچاوکردنی ماددەی (9/دووەم–د 4) و بەپێی پێداویستییەکانی شیاندنی داواکراو لە پێشکەشکارانی تەندەر لە ماددەی (9)، نابێت زیاتر لە یەك کەمکردنەوە بسپێردرێت بەو پێشکەشکارەی تەندەر کە قەبارەی پابەندبوونە گرێبەستکارییە هەنووکەیی وداهاتووەکانی زیاترە لە توانای جێبەجێکردنیان.

## ماددەی – 38 – دووبارەکردنەوەی بانگەوازی کەمکردنەوەکان

## Re-advertisement of tenders

**یەکەم**– أ. کەمکردنەوەکان لە کاتی پێشکەش نەکردنی هیچ تەندەرێك بەدرێژایی ماوەی بانگەواز، یان کاتێك روون دەبێتەوە تەندەرە پێشکەشکراوەکان وەڵامدانەوەیان نییە بۆ مەرجەکانی کەمکردنەوە، یان ئەگەر یەك تەندەر پێشکەشکرا، ئەوا دووبارە بانگەوازیان بۆ دەکرێتەوە.

ب. لەگەڵ رەچاوکردنی (بڕگەی جـ)، و کاتێك نرخی باشترین تەندەری پێشکەشکراو لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەرەوە زیاتر دەبێت لە تێچووی مەزەندەکراوی پرۆژەکە بەڵام لە ناو رێژەی یەدەگەوە، ئەوا دەکرێت دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەردەوام بێت لە رێکارەکانی گرێبەستکردن و داوا لە لایەنە تایبەتمەندەکان بکات بە ئەنجامدانی گواستنەوە (مناقلة) لە نێوان تەرخانکراوەکاندا.

جـ. کاتێك نرخی باشترین تەندەر زیاتر دەبێت لە گوژمەی تێچووی مەزەندەکراوی پرۆژەکە و رێژەی یەدەگی بەرێژەیەك لە (2٪) زیاتر نەبێت، ئەوا دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە دانوستان بکات لەگەڵ پێشکەشکاری تەندەری ناوبراو بۆ کەمکردنەوەی نرخەکە بەهەمان بڕە پارەی زێدەکە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی گشتی. وە پێویستە رێکارەکانی دانوستاندن بە نووسراوبن.

**دووەم**– پێویستە ئەم رێکارانەی خوارەوە لە کاتی دووبارە بانگەوازکردنی کەمکردنەوە، پەیڕەو بکرێن:

أ. گەڕان بەدوای هۆیەکانی رووتێنەکردنی (عزوف) پێشکەشکارانی تەندەر لە بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی یەکەمجار بۆ گرتنەبەری رێکاری چارەسەریی پێویست لە نێوانیشیاندا هەموارکردن و نوێکردنەوەی لێکۆڵینەوەی تێچووی مەزەندەکراوی کەمکردنەوەکە، ئەگەر بابەتەکە پێویستی بکات.

ب. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی رایدەسپێرێت بۆ دووبارە بانگەواز و ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی پلاندانان لەم بارەیەوە لەگەڵ دیارکردنی ماوەی پێشکەشکردنی تەندەر بەپێی ماددەی (26).

جـ. ئاگادارکردنەوەی پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی لە کەمکردنەوەی یەکەمجار بەشداربوون لەوەی دووبارە بانگەوازی بۆکراوە.

د. دووبارەکردنەوەی بانگەواز هەمان ریزبەندیی کەمکردنەوەی یەکەمجار پەیڕەو دەکات. پێویستە ئاماژە بکرێت بە ژمارەی دووبارەکردنەوەی بانگەواز لە هەمان ساڵدا.

هـ. پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان لەبارەی دووبارە بانگەواز ئاگادار بکرێنەوە.

و. کاتێك نرخی باشترینی تەندەرە بەدەستهاتووەکانی بانگەوازی دووەم زیاتر دەبێت لە تەرخانکراوی بەردەست، ئەوا پێویستە وەزارەتی پلاندانان ئاگادار بکرێتەوە بۆ گرتنەبەری یەکێك لەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:

1. دواخستنی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بۆ ساڵی داهاتوو و بەکارهێنانی گوژمەی تەرخانکراو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی دیکە.

2. ئەنجامدانی گواستنەوە (مناقلە) لە نێوان گوژمە تەرخانکراوەکان بەپێی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانەی بەرکار لە هەرێم بۆ تەواوکردنی تێچووی داواکراو.

3. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ زیادکردنی گوژمەی تەرخانکراو لە بودجەدا.

ز. ئەگەر هیچ تەندەرێك لە بانگەوازی دووەم قەبوڵ نەکرا و ئەو هەنگاوانەی لە بڕگەی (دووەم/و/1 تا 3) ئاماژەیان پێکراوە، جێبەجێ نەکران، ئەوا پێویستە لەسەر سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان بانگەوازی کەمکردنەوەکە بۆ جاری سێیەم (و دوایینجار) دووبارە بکاتەوە یان ڕێوشوێنی پێویست بۆ گۆڕینی شێوازی جێبەجێکردنی گرێبەستەکە بگرێتەبەر لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێکارانەی لەم بارەیەوە کارپێکراون.

ح. لە کاتی دووبارەکردنەوەی بانگەواز یەك تەندەریش قەبوڵ دەکرێت.

# بەشی سێیەم

## شێوازەکانی دیکەی گرێبەستکردن

## Other procurement methods

**ماددەی – 39 – شێوازی کەمکردنەوەی سنووردار ( Use of the limited tender method )**

دەکرێت شێوازی کەمکردنەوەی سنووردار بەکاربهێندرێت:

**یەکەم–** کاتێك کالاَ یان کار یان خزمەتگوزاریی ناراویژکاریی، بەهۆی زەحمەتییە (صعوبة) نائاساییەکەی یان سروشتەکەی، تەنها (حصراً) لە لای ژمارەیەکی سنوورداری دابینکار/ بەڵێندەری ناسراو لە لای دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە بوونی هەیە.

**دووەم–** کاتێك گرێبەستە نهێنییەکانی بەرگریکردن یان ئاسایش لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گرێبەستکردن و رێکارەکانی جێبەجێکردن و/یان کاتێك ئەم نهێنییە لەبەر هۆکاری ئاسایشییەوە پێویست دەبێت.

**سێیەم–** لە حاڵەتەکانی ناکاوی و کارەساتی سروشتی و دابینکردنی داودەرمان و پێداویستییەکانی رزگارکردنی ژیان.

**چوارەم–** ئەگەر کات و تێچووەکانی پێویست بۆ بەدواداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ژمارەیەکی گەورەی تەندەرەکان گونجاو نەبێت لەگەڵ بەهای کالاَ یان کار یان خزمەتگوزارییە داواکراوەکان.

**پێنجەم–** لە کاتی رووتێنەکردنی پێشکەشکارانی تەندەر لە بەشداریکردن لەو کەمکردنەوە کراوانەی دووبارە بانگەوازیان بۆکراوە یان لە کاتی وەرگرتنی تەندەری ناوەڵامدەر لەگەڵ رەچاوکردنی ماددەی (38/دووەم/ز).

**ماددەی – 40 – رێکارەکانی گرێبەستکردن بە پێی شێوازی کەمکردنەوەی سنووردار**

**Procedures for the limited tendering method**

**یەکەم–** لە حاڵەتی کەمکردنەوەی سنووردار بەپێی ماددەی (39/یەکەم)، پێویستە تەندەر لە گشت ئەو دابینکار/ بەڵێندەرانەی لە لای دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە ناسراون، داوا بکرێت.

**دووەم–** لە حاڵەتی کەمکردنەوەی سنووردار بەپێی ماددەی (39/دووەم تاوەکو پێنجەم)، پێویستە تەندەر لە ژمارەیەك پێشکەشکاری تەندەر داوا بکرێت کە لە سێ کەمتر نەبن.

**سێیەم**– أ. بەدەر لەو حاڵەتانەی لە ماددەی (39/دووەم و سێیەم) ئاماژەیان پێکراوە، پێویستە بانگەوازی تەندەری سنووردار لەسەر دەروازەی ئەلیکترۆنیی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستە گشتییەکان ئەوەی بەپێی ماددە (70/ دەیەم و یازدەم) بڕیاردراوە، بەر لە وادەی دیارکراو لە پاشکۆی (أ)، بڵاو بکرێتەوە، لەگەڵ ئاماژەکردن بە هۆیەکانی پەیڕەوکردنی شێوازی کەمکردنەوەی سنووردار، و پێویستە بانگەوازەکە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر و ئەو ئامرازانەی پێیەوە پێشکەشکارانی دیکەی تەندەرەکان دەتوانن داوای بەشداریکردن بکەن لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن، لەخۆ بگرێت.

ب. کاتێك دەسەڵاتی گرێبەستکردن شێوازی کەمکردنەوەی سنووردار بەپێی ئەو بنەمایەی لە ماددەی (39/سێیەم) دەقی لەسەر کراوە، بەکاردەهێنێت، ئەوا دەکرێت ماوەی پێشکەشکردنی تەندەر کەمبکرێتەوە هەروەك لە پاشکۆی (أ)دا هاتووە.

**چوارەم**– جگە لە ڕێکارەکانی داواکردنی تەندەری ئاماژەپێکراو لەم ماددەیە، ئەو حوکمانەی بەسەر کەمکردنەوە کراوەکان پیادە دەکرێن لە کاتی بەکارهێنانی شێوازی کەمکردنەوەی سنووردار پیادە دەکرێن.

## ماددەی - 41 – شێوازی کەمکردنەوە بە دوو قۆناغ ( Use of two-phase method )

سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت بۆی هەیە ئەم شێوازە پیادە بکات بۆ پێشکەشکردنی تەندەر بەدوو قۆناغ بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەباشترین ڕێگە، ئەم شێوازەش پیادە دەکرێت لەسەر:

**یەکەم**– ئەو گرێبەستانەی خاوەن خەسڵەتی تەکنیکی ئاڵۆزن ئەوانەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەیەوێت جۆرەها چارەسەرییە تەکنیکی یان گرێبەستکارییەکانی لەبەرچاو بگرێت، و گفتوگۆکردن لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر دەربارەی تایبەتمەندییەکانی (مزایا) ڕێژەیی ئەو چارەسەرییانە بەر لە دەرکردنی بڕیار دەربارەی خەسڵەتە تەکنیکییە کۆتاییەکان و مەرجەکانی گرێبەستکاریی.

**دووەم**– کاتێك لە سەرەتای پرۆژەکە ووردەکاریی خەسڵەتی ووردی تەکنیکی یان تایبەتمەندی کاڵا یان کار یان ئەو خزمەتگوزارییانەی دەویسترێن گرێبەستیان لەسەر بکرێت، بەردەست نین، بەمەش دیارکردنی لایەنە تەکنیکی یان گرێبەستکارییەکان بەشێوەیەکی تەواو کە دەستکەوتنی تەندەری کێبڕکێکار مسۆگەر دەکات، قورس دەبێت.

## ماددەی - 42 – ڕێکارەکانی شێوازی کەمکردنەوە بە دوو قۆناغ

## Procedures for the two-phase tendering method

**یەکەم–** لەوانەیە ڕێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە بەپێی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بکەوێتە پێش پێشکەشکردنی تەندەر بە دوو قۆناغ وە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم شێوازە پێویستە ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

**قۆناغی یەکەم**

أ. لەم قۆناغە، پێویستە بەلای کەم دوو لە پێشکەشکارانی تەندەر بەشداربن، و پێویستە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە ئامانجی پرۆژەکە، و بەجێگەیاندنی چاوەڕوانکراو، و هێلە سەرەکییەکانی خەسڵەتە تەکنیکییەکان و تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەو کالاّ و کارانەی دەویسترێن گرێبەستیان لەسەر بکرێت، و لێهاتوویی داواکراو بۆ جێبەجێکردنی گرێبەست، و داواکردن لە پێشکەشکارانی تەندەر کە ئۆفەرە تەکنیکییەکان بەبێ نرخ پێشکەش بکەن، و هەروەها پێشکەشکردنی تێبینییەکانیان لەسەر مەرجەکانی گرێبەستی پێشنیارکراو، لەخۆ بگرێت، و سەرۆکی دەسەلاّتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ئەگەر پێویستی کرد تێچووی مەزەندەکراو هەموار بکات.

ب. دەسەلاّتی گرێبەستکردن لە قۆناغی یەکەم بۆی هەیە بچێتە ناو گفتوگۆکردن لەگەڵ هەر پێشکەشکارێکی ئۆفەر یان هەموویان لەپێناو تێگەیشتنی پێشنیارەکان یان دیارکردنی گۆڕانکارییە داواکراوەکان بۆ ئەوەی قەبولکراوبێت، و زانینی نیازی پێشکەشکارانی تەندەر بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە.

جـ. پێویستە لەسەر دەسەلاّتی گرێبەستکردن لە کۆتایی قۆناغی یەکەمدا ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پەیڕەو بکات:

1. ڕەتکردنەوەی ئەو تەندەرانەی پێداویستییە بنەڕەتییەکان یان نزمترین ئاستی داواکراوی بەجێگەیاندن یان ماوەی جێبەجێکردنی داواکراو بەجێ ناهێنن، یان ناکرێت بگۆڕدرێن بۆ بەجێهێنانی داواکراوەکان، یان ئەوانەی ڕەگەزی لاوازیی دیکەیان لەخۆگرتووە، ئەمەش وادەکات ئەم تەندەرانە وەلاّمدەر نەبن.

2. هەموارکردنی خەسڵەتە تەکنیکی و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و مەرجەکانی گرێبەست بۆ هێنانەدی زۆرترین بڕی کێبڕکێ و ڕوونکردنەوەی میتۆدکاریی گونجاوی هەڵسەنگاندن بۆ لەبەرچاوگرتنی بژاردە جیاوازەکان کە پێشکەشکارانی ئۆفەر دایانناوە.

**قۆناغی دووەم**

**یەکەم–** گشت پێشکەشکارانی ئەو تەندەرانەی ئۆفەرە تەکنیکییەکانیان لە قۆناغی یەکەم ڕەتنەکراونەتەوە بانگهێشت دەکرێن بۆ پێشکەشکردنی ئەو تەندەرانەیان کە بەشێوەی کۆتایی نرخ بۆداندراون پاڵپشت بە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەی هەموارکراو، و بەپێی ئەو مەرجانەی کاریان پێدەکرێت و دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەم دۆکیومێنتانەی داناوە، و بانگهێشتەکە بۆ گشت پێشکەشکارانی تەندەرە تەکنیکییەکان دەنێردرێت ئەوانەی لە قۆناغی یەکەم ڕەت نەکراونەتەوە لەگەڵ پێویستبوونی پێشکەشکردنی گەرەنتی تەندەر، وە بۆ مسۆگەری بەردەوامی قۆناغی دووەم پێویستە بەلای کەم دوو تەندەر بمێننەوە لەوانەی ڕەتکردنەوە نەیانیگرتۆتەوە بەپێی بڕگەی (جـ)، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پووچەڵ نەبوونی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن ئەگەر یەك پێشکەشکاری تەندەر لەنێوان ئەوانەی قۆناغی یەکەمیان بڕیوە تەندەری خۆی لە قۆناغی دووەم پێشکەش بکات.

**دووەم–** ئەو ڕێکارانەی گرێبەستکردن کە لە (بەشی دووەم) دەقیان لەسەر کراوە لەسەر ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بۆ کەمکردنەوەی بەدوو قۆناغ پیادە دەکرێن، جگە لەو هەموارکردنانەی لەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە.

## ماددەی - 43 – شێوازی داواکردنی ئۆفەری نرخەکان (لیژنەکانی کڕین)

## *Use of request for quotations (Shopping) method*

شێوازی داواکردنی ئۆفەری نرخەکان بەسەر گرێبەستکردن لەسەر کاڵا و کار و خزمەتگوزارییەکان پیادە دەکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تێپەڕ نەبوون لەو بەهاو ڕێکسازییانەی لە ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانە لە هەرێم دەقیان لەسەر کراوە، و شێوازی ئۆفەری نرخەکان شێوازێکی سادەیە بۆ ئەو گرێبەستکردنانەی بەهایەکی کەمیان هەیە و تەنها (حصراً) دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ گرێبەستکردن لەسەر:

**یەکەم–** ئەو کاڵا پێوانەییانەی لە ڕووی بازرگانییەوە بەردەستن و بەتایبەتی بۆ خەسڵەتی تایبەت بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دروست نەکراون، کاتێك تێچووی مەزەندەکراوی گرێبەست زیاتر بێت لەو بەرزترین ئاستەی لە پاشکۆی (أ) و ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانە لە هەرێم دیارکراوە.

**دووەم–** کارە بچووکەکانی ئەوانەی تێچووی مەزەندەکراویان زیاتر نییە لە بەرزترین ئاستی دیارکراو لە پاشکۆی (أ) و ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانەی هەرێم.

**سێیەم**– خزمەتگوزارییە ناراوێژکارییەکان، ئەوانەی تێچووی مەزەندەکراویان زیاتر نییە لەو بەرزترین ئاستەی لە پاشکۆی (أ) و ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانەی هەرێم دیارکراوە.

## ماددەی - 44 – ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بە پێی شێوازی داواکردنی ئۆفەری نرخەکان

## *Procedures for the request for quotations (Shopping) method*

کاتێك دەسەڵاتی گرێبەستکردن شێوازی داواکردنی ئۆفەری نرخەکان بەپێی ماددەی (43) بەکاردەهێنێت، ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پیادە دەکرێن:

**یەکەم**– دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئۆفەری نرخ بەنووسراو داوا دەکات لە زۆرترین ژمارەی پێشکەشکارانی تەندەر کە لە رووی کردارەکییەوە لەتوانادابێت، وە ئەم ژمارەیە لە سێ کەمتر نەبێت مەگەر بابەتی گرێبەستکردنەکە لە لای سێ دابینکار/ بەڵێندەر دەست نەکەوێت. دەکرێت داوای ژمارەیەکی کەمتری ئۆفەری نرخەکان بکرێت کاتێك بێ کەلکە یان لە توانادانییە داوای سێ ئۆفەر بکرێت لە کاتی رەچاوکردنی شوێنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ژمارەی ئەو دابینکار/بەڵێندەرانەی بەردەستن و قەبارە و بەهای گرێبەستکردن و تێچوو و کاتی پێویست بۆ رادەستکردن.

**دووەم**– پێویستە داواکارییەکە ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون بە پێداویستییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە رووی جۆر و بڕو مەرج و کاتی رادەستکردن و وادەی دیارکراو بۆ پێشکەشکردن و هەر پێداویستییەکی دیکەی تایبەت بەو شێوەیەی لەم ڕێنماییە دیارکراوە، لەخۆ بگرێت و کاتی پێویستیش دەدرێتە پێشەشکارانی تەندەر بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ئۆفەری نرخەکان، و ڕێگە دەدرێت بەهەر پێشکەشکارێکی تەندەر یەك ئۆفەر پێشکەش بکات و ناکرێت بگۆڕدرێت یان دانوستانی لەسەر بکرێت.

**سێیەم**– دەسەڵاتی گرێبەستکردن فەرمانێکی کڕین بۆ پێشکەشکاری ئەو ئۆفەرەی کەمترین نرخی پێشکەش کردووە و مەرجەکانی رادەستکردنی و پێداویستی دیکەی دەسەڵاتی گرێبەستکردنی لێ دێتەدی، دەردەکات.

## ماددەی - 45 – شێوازی گرێبەستکردن لەگەڵ تاکە سەرچاوە

## Use of single or sole-source method

دەکرێت گرێبەستکردنی گشتی بە شێوازی گرێبەستکردن لەگەڵ تاکە سەرچاوە تەنها (حصراً) لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت:

**یەکەم–** کاتێك تەنها یەك پێشکەشکاری تەندەر توانای تەکنیکی یان توانای هەیە لەسەر بەدیهێنانی پێداویستییەکانی گرێبەستکردن، یان تەنها یەك پێشکەشکاری تەندەر کە مافی بەتەنهایی (حصری) قۆرخکاریی هەیە بۆ دروستکردنی کاڵا یان جێبەجێکردنی کار یان بەجێگەیاندنی خزمەتگوزاربی داواکراو و جێگرەوەیەکی گونجاوی دیکە نییە.

**دووەم–** لەو سنوورانەی لە پاشکۆی (أ) دەقیان لەسەر کراوە بۆ دابینکردنی کاڵا یان خزمەتگوزاری سەربار لە دابینکاری رەسەن، کە ئامانجەکەی بریتییە لە گۆڕینی بەشێکی کاڵا یان خزمەتگوزاری یان دامەزراوە یان درێژەدان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یان دامەزراوە، و کاتێك گۆڕینی دابینکار دەبێتە مایەی ناچاربوونی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بە کڕینی کاڵا یان خزمەتگوزاری کە پێداویستییە ئاڵوگۆڕکارییەکان لەگەڵ ئەو کاڵا یان پێداویستییانەی بە کردەکیی لە ئارادان ناهێنێنەدی.

**سێیەم–** لەو سنوورانەی لە پاشکۆی (أ) دەقیان لەسەر کراوە، کاتێك کار یان کاڵا یان خزمەتگوزاریی سەربار ئەوانەی گرێبەستی رەسەن نایانگرێتەوە پێویست دەبن بۆ بارودۆخی ناپێشبینیکراو، یان لەبەر چەند هۆکارێکی پەیوەست بە یەکخستنی پێوانەیی لەگەڵ ئەو کاڵا یان کەلوپەل یان تەکنەلۆجیا یان خزمەتگوزارییانەی لە ئارادان، بەجۆرێك جیاکردنەوەی کار یان کاڵا یان خزمەتگوزاریی سەربار لە گرێبەستی رەسەن لەبەر هۆکاری تەکنیکی یان ئابووریی قورس دەبێت، لەگەڵ رەچاوکردنی کارامەیی (فعالیە) گرێبەستکردنی رەسەن لە بەجێهێنانی پێداویستییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و قەبارەی سنوورداری گرێبەستکردنی پێشنیارکراو بەراورد بە گرێبەستکردنی رەسەن و ماقوڵبوونی (معقولیة) نرخ و نەگونجاوی جێگرەوەکان بۆ کاڵا یان کار یان خزمەتگوزارییە داواکراوەکان.

**چوارەم–** لە حاڵەتی هەرە پێویستی (الضرورة القصوی)، بەو مەرجەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن توانای نەبێت لەسەر پێشبینیکردنی ئەو بارودۆخە تایبەتانەی بوونەتە هۆی ئەم پێویستییە یان دەرئەنجامی خەمساردی (تلکؤ) نەبێت یان لەژێر کۆنترۆڵی نەبێت.

**پێنجەم–** پێویستی بەپەلە (ملحە) بەو کالاَ یان کار یان خزمەتگوزارییانەی لێکەوتەی ڕوودانی کارەساتێکن، کە دەبێتە مایەی ئەوەی بەکارهێنانی ئامرازێکی دیکە بۆ گرێبەستکردن کردارەکی نەبێت بەهۆی ئەو کاتەی بەکارهێنانی شێوازەکانی دیکەی پێویستیان پێیە.

## ماددەی – 46 – ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بە پێی شێوازی تاکە سەرچاوە

## Procedures for the single or sole source method

**یەکەم–** بانگهێشتی پێشکەشکردنی تەندەر ئەوەی لە لایەن سەرۆکی دەسەلاَتی گرێبەستکردنەوە ڕەزامەندی لەسەر دراوە بەبێ بەرامبەر ئاراستەی ئەو پێشکەشکارەی تەندەر دەکرێت کە قۆرخکاری ئەو کالاَ یان خزمەتگوزارییانەیە لەو گرێبەستانەی بە حوکمی سروشتەکەیان قۆرخکاریین، یان لە گرێبەستەکانی چاککردنەوەی شتی دابینکراوی پێشووتر یان بۆ دابینکردنی پارچەی یەدەگ بۆیان، و لەم جۆرە شێوازەی گرێبەستکردنە کە پێشکەشکاری تەندەر لە پێشکەشکردنی گەرەنتی تەندەر دەبوردرێت.

**دووەم–** کاتێك دەسەلاَتی گرێبەستکردن شێوازی تاکە سەرچاوە بەکاردەهێنێت پالپشت بەو حوکمانەی لە بڕگەکانی (یەکەم تاوەکو پێنجەمی ماددەی 45) ئاماژەیان پێکراوە، ئەوا هەلدەستێت بە ئامادەکردنی وەسفکردنێکی نووسراو بۆ پێداویستییەکانی و هەر پێداویستییەکی تایبەت بە جۆر و بڕ و مەرج و کاتی رادەستکردن و داواکارییەکی نووسراوی پێشکەشکردنی تەندەر/ یان ئۆفەرێکی نووسراو. وە بۆی هەیە دانوستان بکات لەگەل خاوەن تاکە ئۆفەر بەو مەرجەی گرێبەستکردنەکە بەم شێوازە ڕێکبخرێت هەروەك حالەتەکانی دیکەی گرێبەستکردن لە گرێبەستێکی نووسراو یان فەرمانێکی کڕینی نووسراوەوە.

**سێیەم–** لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی گرێبەستکردن بەپێی شێوازی تاکە سەرچاوە، پێویستە لەسەر دەسەلاَتی گرێبەستکردن بەجێهێنانی لایەنە تەکنیکییەکانی پێداویستییەکانی مسۆگەر بکات.

**چوارەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاَتی گرێبەستکردن میانڕەوی (اعتدال) و ماقولیەتی (معقولیە) نرخەکانی ئەو گرێبەستانەی بەشێوازی تاکە سەرچاوە ئەنجامدراون بەراورد بەو نرخانەی لە بازاڕدا باون، مسۆگەر بکات.

**پێنجەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاَتی گرێبەستکردن پاساوەکانی بەکارهێنانی گرێبەستکردن بەشێوازی تاکە سەرچاوە و هەروەها بنەماکانی هەلبژاردنی دابینکار یان بەلێندەر، دۆکیومێنت بکات بەپێی حوکمەکانی ماددەی (20).

## ماددەی - 47 – شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ

## Use of direct implementation method

**یەکەم–** جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ: ئەو شێوازەیە دەکرێت فەرمانگە حکومییەکان بەکاری بهێنن بۆ جێبەجێکردنی کارەکان بە پشتبەستن بە سەرچاوە مرۆیی و شارەزایی و ئامێر و کەرەستە بەردەستەکان بەپێی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە.

**دووەم–**

أ. شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ لەم حاڵەتانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت:

1. ئەو کارەساتە سروشتییانەی پێویست بە ڕێکاری دەستبەجێ دەکەن.
2. مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان لە پێگەی جێبەجێکردن، بە دابڕانی ئەو کارانەشەوە کە ناتوانرێت خۆیان لێ بەدوور بگرێت و بەباش دەزاندرێت کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە جیاتی بەڵێندەر لەئەستۆیان بگرێت.
3. کاتێك بەهای ئەو کارانەی داواکراوە جێبەجێ بکرێن کەم بێت یان کارەکان پەرتەوازەن (مبعثرة) یان لە ناوچەیەکی دوورن، و دەبێتە مایەی خۆدوورخستنەوەی کۆمپانیا لێهاتووەکان بۆ پێشکەشکردنی تەندەری نرخ ماقوڵ.
4. پێویستی بە کاری چاککردنەوە یان نۆژەنکردنەوەی ناپێشبینیکراو کە جێبەجێکردنی خێرای بێ دواخستنی پێویستە.
5. ئەو کارانەی بەڵێندەرە چاوەڕوانکراوەکان ناتوانن هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن و بیگۆڕن بۆ بڕی شیاو بۆ پێوانەکردن و مەترسیی گەورەی لێدەکەوێتەوە.
6. کاری تەکنیکی پەیوەندار بە ڕووپێوکردن (مسوحات) و هەڵکۆڵین (تنقیب) لە پێگە شوێنەوارییەکان یان جێبەجێکردنی کارەکانی چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە لە پێگە شوێنەواریی و کەلتووریی و مێژووییەکان.
7. لە کاتی لێسەندنەوەی (سحب) کارەکانی گرێبەست لە بەڵێندەری سەرنەکەوتوو و مانەوەی ڕێژەیەکی کەمی کار کە دەکرێت لە چوارچێوەی تواناکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن جێبەجێ بکرێت.
8. ڕووتێنەکردنی (عزوف) پێشکەشکارانی تەندەر لە بەشداریکردن لەو کەمکردنەوانەی دووبارە بانگەوازیان بۆکراوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (38/دووەم/ز).
9. کاتێك پڕۆژەکە لە بنەڕەتدا لە پلانی ساڵانە بۆ جێبەجێکردن بەشێوازی ڕاستەوخۆ لیستکراوە.

ب. لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی (بڕگەی أ/1 تاوەکو 8)ی ئەم ماددەیە، دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن بۆیان هەیە شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان بەکاربهێنن ئەگەر پێداویستییەکانی شارەزایی و توانای جێبەجێکارییان لیّ بێتەدی، لە دوای ئاگادارکردنەوەی هەردوو وەزارەتی پلاندانان و دارایی و ئابوورییەوە.

**سێیەم–** ئەو ڕێکارانەی دیارکراون بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی کارەکان بە بەکارهێنانی شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ لە (ماددەی 48) و پاشکۆی (د) دەقیان لەسەر کراوە.

## ماددەی - 48 – ڕێکارەکانی شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ

## Procedures for the direct implementation method

**یەکەم–** ڕێکارەکانی بەکارهێنانی شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ مەزەندەکردنی تێچوو و پلاندانان و ڕەزامەندی و جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردن و ڕادەستکردن و ڕاپۆرت و لێپرسینەوە بەپێی ئەم ماددەیە و پاشکۆی (د)، دەگرێتەوە.

**دووەم–** پێویستە لەسەر لایەنی سوودمەند/ لایەنی جێبەجێکار سەرپەرشتیکردنی گشتی لەسەر پرۆسەکانی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ پیادە بکات.

**سێیەم–** پلاندانان بۆ کارەکان بە بەکارهێنانی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

أ. ئامادەکردنی بودجەیەکی مەزەندەکراو بۆ پرۆسەکانی جێبەجێکردن.

ب. دیارکردنی ئەو ئامانج و چالاکییانەی پێویستن بۆ پرۆسەکانی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ.

جـ. ئامادەکردنی پلانی جێبەجێکردن و خشتەی کات لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێویستبوون بەکاتێکی تەواو بۆ جێبەجێکردنی هەر هەنگاوێك.

د. دیارکردنی جۆر و بڕەکانی سەرچاوە مرۆییەکان و کەرەستە پێویستەکان و ئامێرەکان، و تەرخانکردن و خشتەکردنی (جدولـە) لە پلانی کاری ووردەکارییەوە.

هـ. ئامادەکردنی مەزەندەکراوی ووردەکار بۆ تێچووە پەیوەندارەکان کە لەسەر بنەمای هەفتانە و/یان مانگانە لە چوارچێوەی ئەو ڕیزبەندییەی لە بودجە پەیڕەوکراوە، دابەش کرابێت بە شێوازی پلانی تێچووی هەفتانە و/یان مانگانە.

و. دامەزراندنی سەرپەرشتیار لە پێگەکەدا.

**چوارەم–** پێویستە راستەوخۆ لێکۆڵینەوەکانی پرۆژە و دیزاین و خشتەی بڕەکان لە لایەن فەرمانگە حکومییەکە یان لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە (نووسینگە یان کۆمپانیای راوێژکاری) ئامادە بکرێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی کات و تێچوو. دەکرێت رێژەیەك کە لە (30٪)ی تێچووی مەزەندەکراوی کارەکان زیاتر نەبێت بسپێردرێتە بەڵێندەرێکی نێوخۆیی یان بیانیی بکرێت بەو مەرجەی پێداویستییەکانی شارەزایی و لێهاتوویی پێویست بە پرۆژەکەی لێ بێتەدی.

**پێنجەم–** پێویستە جێبەجێکردنی کار بە شێوازی جێبەجێکردنی راستەوخۆ بەم شێوەیەی خوارەوە دۆکیومێنت بکرێت:

أ. چاودێریکردنی بەکارهێنانی دەستی کار و کەرەستە و ئامێرەکان لە پێگە و دۆکیومێنتکردنیان لەسەر بنەمای رۆژانە لە راپۆرتەکانی رۆژانە.

ب. چاودێریکردنی بەرەوپێشچوونی کار لە پێگە و دۆکیومێنتکردنی لەسەر بنەمای رۆژانە، و هەڵسەنگاندنی لەسەر بنەمای هەفتانە لەگەڵ رەچاوکردنی تێچووەکانی دەستی کار و کەرەستە و تێچووە نەختینەییەکان و ئەو تێچووانەی هاتوونەتەدی.

جـ. پێشکەشکردنی راپۆرت دەربارەی بەرەوپێشچوونی کارەکان و خەرجییە داراییەکان بەشێوەیەکی ناوبەناو بۆ لایەنی سوودمەند و/یان جێبەجێکار.

**شەشەم–** پێویستە پرۆسەکانی جێبەجێکردنی راستەوخۆ ملکەچ بکرێن بۆ رێکسازییەکانی ووردبینیی و چاودێریی لە ناوەوە و لە دەرەوە.

## بەشی چوارەم

## گرێبەستی خزمەتگوزاریی راوێژکاری

## *Procurement of consultancy services*

### لقی یەکەم

### بانگهێشتکردن بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان

### *Solicitation of proposals*

#### ماددەی - 49 – شێوازی داواکردنی ئۆفەرەکانی راوێژکردن

#### *Use of request for consultancy proposals method*

پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن شێوازی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان بەکاربهێنێت، بۆ گرێبەستکردن لەسەر خزمەتگوزارییە راوێژکارییەکان، مەگەر شێوازێکی دیکەی گرێبەستکردن بەکاربهێنرێت بەپێی ئەم رێنماییە، و پێویستە لەسەری ئەو رێکارانەی لە ماددەکانی (50) تاوەکو (58) دیارکراون، پیادە بکات.

#### ماددەی - 50 - داواکردنی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان بۆ خزمەتگوزاریی راوێژکاری

#### *Solicitation of proposals for consultancy services*

**یەکەم-** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن یەکەم شت لیستێکی کورتکراوە بەلای کەم لە سێ لەو راوێژکارانەی توانایان هەیە بۆ بەجێگەیاندنی خزمەتگوزاری داواکراو ئامادە بکات بۆ مسۆگەرکردنی کێبڕکێی کارا (فعال).

**دووەم-** کاتێك تێچووی مەزەندەکراوی گرێبەست زیاتر دەبێت لەو بەرزترین ئاستەی لە پاشکۆی (أ) دیارکراوە و بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستی کورتکراو، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بانگەوازی داواکاریی گوزارشتکردن لە گرنگیدان لە دوو رۆژنامەی رۆژانە، کە بڵاوکردنەوەیان زۆر فراوانە، و لەسەر دەروازەی ئەلیکترۆنیی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستکردنە گشتییەکان کە بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم) بڕیاردراوە، بڵاو بکاتەوە. دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە بانگەوازەکە لە

بڵاوکراوەیەکی بازرگانی پەیوەندار یان بڵاوکراوەیەکی تەکنیکی یان پیشەیی، بڵاو بکاتەوە. بانگەوازەکە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی گوزارشتکردن لە گرنگیپێدان بەپێی ماددەی (12) لەخۆ دەگرێت. وە لەم قۆناغە کادیری راوێژکاری بنەڕەت هەڵناسەنگێندرێت.

**سێیەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان بۆ ئەو راوێژکارانەی لە لیستی کورتکراوە هاتوون، دەربکات. پێویستە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان ئەو زانیارییە پێویستانە لەخۆ بگرێت بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا بتوانن بەشداربن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن، ئەو ئۆفەرانە پێشکەش بکەن کە وەڵامدەرە بۆ پێداویستییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، بەو زانیارییانەش کە لە ماددەی (51) ئاماژەیان پێکراوە.

## ماددەی – 51 – ناوەڕۆکی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرە راوێژکارییەکان

## *Contents of request for consultancy proposals*

**یەکەم–** پێویستە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرە راوێژکارییەکان ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرن:

أ. ناو و ناونیشانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

ب. زمان یان ئەو زمانانەی پێویستە ئۆفەرەکانی پێ ئامادە بکرێت.

جـ. رێگە و شوێن و وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان بەپێی ماددەی (12).

د. ئاماژەکردن بەوەی مافی دەسەڵاتی گرێبەستکردن پارێزراوە لە رەتکردنەوەی گشت ئۆفەرەکان بەر لە دەرکردنی نووسراوی سپاردن.

هـ. مەرجە مەرجەعییەکانی (Terms of Reference - TOR) ئەم ئەرکە، بە وەسفکردن و تایبەتکارییە پێویستەکانی خزمەتگوزارییە راوێژکارییە داواکراوەکانیشەوە، هەروەها ئەو شوێنەی پێویستە خزمەتگوزارییەکانی لێ دابین بکرێت، و ماوەی زەمەنیی پێویست بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

و. پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی ئۆفەرە تەکنیکی و داراییەکان لە زەرفی جیای داخراوی مۆرکراوەوە و بە ژمارەی ئەو کۆپیانەی داواکراون.

ز. نموونەکانی ئامادەکردنی ئۆفەرە تەکنیکی و داراییەکان.

ح. دراو یان ئەو دراوانەی پێویستە لە هەژمارکردن یان گوزارشتکردنی نرخی ئۆفەرەکە بەکار بهێندرێن.

گ. شێوازی دارشتنی ئۆفەری دارایی، و روونکردنەوەی ئەوەی ئایا گرێبەستی گوژمەی بڕاوە بەکاردەهێندرێت، ئەوەی تێچووەکانی خزمەتگوزارییەکان و گشت خەرجییەکانی راوێژکاری پەیوەست بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە دەگرێتەوە یان گرێبەستی زەمەنی بەکاردەهێندرێت، ئەوەی پێدانی بەپێی گرێبەستەکەوە لە سەر بنەمای کاتی راستەقینەی بەسەربردوو لە ئەرکەکە دەبێت و ئەو تێچووانەی شیاوی وەرگرتنەوەن ئەوانەی راوێژکار دووچاریان دەبێت، مەگەر پێوەری نرخ لە هەڵسەنگاندن متمانەی پێکرابێت.

ی. ئەو پێوەرانەی بەکاردەهێندرێن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئۆفەرە تەکنیکییانەی لە لایەن راوێژکارانەوە پێشکەشکراون، و کێشی رێژەیی ئەم پێوەرانە، و نزمترین ئاستی ئەو خاڵانەی پێویستە ئۆفەرە تەکنیکییەکان بەدەستی بهێنن.

ك. رێکارەکانی کردنەوەی ئاشکرای ئۆفەرە داراییەکانی ئەو راوێژکارانەی ئۆفەرە تەکنیکییەکانیان نمرەی پێویستی هێناوە بە ئامادەبوونی ئەو راوێژکار یان ئەو نوێنەرانەیان کە نیازی ئامادەبوونیان هەیە، و روونکردنەوەیەك ئاماژە بکات بەوەی ئۆفەرە داراییەکانی ئەو راوێژکارانەی ئۆفەرە تەکنیکییەکانیان نمرەی پێویستی نەهێناوە بەبێ کردنەوە دەگەڕێندرێنەوە.

ل. شێوازی دیارکردنی نمرەکان و کێشی رێژەیی ئۆفەرە داراییەکانی راوێژکاران.

م. شێوازی هەڵبژاردن بەپێی ماددەی (20/دووەم).

ن. ئەو دراوەی بەکاردەهێندرێت بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ئۆفەر و نرخی خەرجکردنی کارپێکراو بۆ گۆڕینی بۆ دراوی نرخی ئۆفەرەکان، یان روونکردنەوەی بەکارهێنانی نرخی ئەو خەرجکردنەی دامەزراوەیەکی دارایی دیارکراو لە رێکەوتێکی دیارکراو بلاَوی دەکاتەوە.

س. ناو و وەزیفە و ناونیشانی ژمارەیەك لە بەرپرسان یان کارمەندانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەوانەی راسپێردراون بە ئەنجامدانی پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان و دابینکردنی زانیاری بۆیان دەربارەی رێکارەکانی گرێبەستکردن بەبێ دەستێوەردانی نێوەندگیران.

ش. روونکردنەوەیەك دەربارەی رێگەی دەستکەوتنی راوێژکاران بۆ روونکردنەوەی دۆکیومێنتەکانی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان، و نیازی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، ئەگەر هەبێت، بۆ کۆبوونەوەکردن لەگەڵ پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان لەم قۆناغە، و بوونی توانای رێکخستنی سەردانی مەیدانیی.

ف. مەرجەکان و نموونەی ئەو گرێبەستەی لە نێوان هەردوولا ئەنجام دەدرێت.

ق. ئاگاداركردنەوەیەك دەربارەی مافی راوێژكاران لە پێشكەشكردنی سكالاٌ بەپێی ماددەی (63).

ڤ. هەر پێداویستییەك بۆ بەركاربوونی گرێبەست.

پ. هەر پێداویستییەكی دیكە بۆ ئامادەكردن و پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان، و هەر لایەنێكی دیكەی رێكارەكانی گرێبەستكردن كە دەسەلاٌتی گرێبەستكردن بەپێی ئەم رێنماییە دایناوە.

**دووەم–** لە كاتی بوونی زانیاری لە لای یەكێك لە راوێژكاران لە ئەنجامی پێشكەشكردنی راژەیەكی پێشووی كە پەیوەندارە بەو ئەركەی ئێستا كە لەوانەیە پێشخستنی (أفضلیة) بداتیٌ لە كێبڕكێكردن، پێویستە لەسەر دەسەلاٌتی گرێبەستكردن سەرجەم ئەو زانیارییانە بۆ گشت ئەو راوێژكارانەی لە لیستی كورتكراوەن دابین بكات بۆ مسۆگەركردنی دادوەریی و شەفافیەت لە پرۆسەی هەلٌبژاردندا.

## ماددەی – 52 – مەرجە مەرجەعییەكان (*Terms of Reference - TOR*)

**یەكەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاٌتی جێبەجێكردن مەرجە مەرجەعییەكانی خزمەتگوزارییە راوێژكارییە داواكراوەكان ئامادە بكات و بیخاتەناو داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان.

**دووم–** پێكهاتە سەرەكییەكانی مەرجە مەرجەعییەكان ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن:

أ. وەسفكردنێكی گشتیی سروشتی ئەركەكە و پێویستی بۆی و گرنگی بۆ دەسەلاٌتی گرێبەستكردن.

ب. مەبەست و ئامانجەكانی ئەو خزمەتگوزارییە راوێژكارییانەی داواكراون.

جـ. چوارچێوەی خزمەتگوزارییە راوێژكارییەكان و ئەو ئەركانەی پێویستە لەسەر راوێژكار جێبەجێیان بكات.

د. ئەو دەرهاوێشتانەی (مخرجات) پێویستە پێشكەش بكرێن (راپۆرت، داتا، نەخشە، روپێو، و شتی دیكە).

هـ. راپورت و لێكۆلٌینەوە و داتای سەرەكیی بەردەست و پەیوەندار بەو خزمەتگوزارییە راوێژكارییانەی داواكراون.

و. وەسفكردنی هەر گواستنەوەیەكی تەكنەلۆجیا یان شارەزایی لە نێوانیشیاندا راهێنانی پێویست و ووردەكاریی پەیوەست بەو تاكە كەسانەی پێویستییان بە راهێنان هەیە.

ز. ئەرك و لێهاتوویی ئەو فەرمانبەرە سەرەكییانەی پێویستن بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییە راوێژكارییەكان و مەزەندەكردنی مەودای بەشداریكردنیان لەم ئەركە.

ح. ئەو پێگەیەی خزمەتگوزارییەكان تیایدا پێشكەش دەكرێن.

گ. خشتەی زەمەنیی رادەستکردنی دەرهاوێشتە داواکراوەکان و رێکەوتی دەستپێکردنی راوێژکاری براوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی.

ی. ئەو تێخراوانەی (مدخلات) پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشکەشیان بە راوێژکار بکات لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی (وەك لێکۆڵینەوە یان خزمەتگوزاریی یان کارمەند یان ئاسانکاری یان ئامێر و شتی دیکە).

ك. رێکار و مەرجەکانی ئەو راپۆرتانەی راوێژکار پێشکەشیان دەکات.

ل. هەر شتێکی دیکەی پەیوەندار کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەباشی بزانێت.

**سێیەم–** پێویستە مەرجە مەرجەعییەکان نەرمانە (مرن) بن و زێدەرۆ نەبن لە ووردەکاریی بۆ ئەوەی راوێژکارە کێبڕکێکارەکان بتوانن میتۆدکاریی تایبەت بە خۆیان و تیمە بنەڕەتییەکانی کار پێشنیار بکەن.

## لقی دووەم

## پێشکەشکردن و هەڵسەنگاندنی ئۆفەر

## *Submission and evaluation of proposals*

### ماددەی - 53 – رێکارەکانی پێشکەشکردن و هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن

### *Submission, evaluation and selection procedures*

**یەکەم–** پێویستە هەردوو ئۆفەری تەکنیکی و دارایی لە هەمان کاتدا و لە دوو زەرفی لێکترجیا و داخراو و مۆرکراو لەناو یەك زەرفدا پێشکەش بکرێن، و هیچ هەموارکردنێك لەسەر هەردوو ئۆفەری تەکنیکی و دارایی لە دوای وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی ئۆفەر قەبول ناکرێت.

**دووەم–** پێویستە هەڵبژاردنی ئۆفەری براوە پاڵپشت بێت بە هەڵسەنگاندنی هەردوو ئۆفەری تەکنیکی و دارایی بەپێی پێوەر و کێشی رێژەییان کە لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر دەقیان لەسەر کراوە، لە نێوانیشیاندا شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کوالیتی و تێچوو (QCBS)، یان شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کەمترین تێچوو لەگەڵ کوالیتییێکی قەبولکراو (LCS). پێویستە ئۆفەرەکان دوو قۆناغی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. یەکەمیان بۆ هەڵسەنگاندنی ئۆفەرە تەکنیکییەکان و دووەمیان بۆ هەڵسەنگاندنی ئۆفەرە داراییەکان.

## ماددەی – 54 – شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کوالیتی و تێچوو

***Quality and Cost-Based Selection - QCBS***

**یەکەم–** شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کوالیتی و تێچوو (QCBS)، هەڵبژاردنی راوێژکار لەسەر بنەمای باشترین نمرەی هاوبەشی هەردوو ئۆفەری تەکنیکی و دارایی لە لایەن ئەو راوێژکارانەی ئۆفەرە تەکنیکییەکانیان نزمترین نمرەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لەخۆ دەگرێت بەپێی پێوەر و کێشی رێژەییان کە لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر دەقیان لەسەر کراوە. ئەم شێوازە لەم حاڵەتانەی خوارەوە بەکاردێت:

أ. کاتێك دەکرێت چوارچێوەی کار لە ئەرك و مەرجە مەرجەعییەکان بەشێوەیەکی ڕوون و وورد دیار بکرێن.

ب. کاتێك دەسەڵاتی گرێبەستکردن و راوێژکاران دەتوانن ماوەکانی کاری کادیرەکان لە جێبەجێکردنی ئەرك و ئەو ماوەیەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکە پێویستیەتی و تێخراوەکان و تێچووەکانی دیکەی سەر راوێژکار بە ووردەکارییەکی ماقوڵ مەزەندە بکەن.

**دووەم–** پێویستە هەڵبژاردن لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی لێجیاکراو بێت بۆ هەردوو ئۆفەری تەکنیکی و داراییەوە لەگەڵ دیارکردنی پلەبەندی راوێژکارەکان لەسەر بنەمای هاوکێشەیەکی جێگیرکراو لە داواکاریی ئۆفەر بەپێی برگەی (یەکەم).

**سێیەم–** أ. پێویستە بەر لە کردنەوەی ئۆفەرە داراییەکان ئۆفەرە تەکنیکییەکانی راوێژکارە بەشداربووەکان بکرێنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و نمرە و پلەبەندییەکانیان بۆ دیار بکرێت.

ب. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئۆفەرە تەکنیکییەکان لەو کات و شوێنەی لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر دیارکراون بکاتەوە بە ئامادەبوونی ئەو راوێژکارە بەشداربووەی نیازی هەیە. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ناوی راوێژکارە بەشداربووەکان هەروەها بوون یان نەبوونی ئۆفەری دارایی داخراو و هەر زانیاریی دیکەی پەیوەندار بەدەنگێکی بیستراو بخوێنێتەوە. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن کۆنووسی کردنەوە ئامادە بکات و وێنەی بداتە ئەو راوێژکارانەی ئۆفەریان پێشکەش کردووە.

جـ. ئۆفەرە تەکنیکییەکان بە پیادەکردنی ئەو پێوەر و کێشە رێژەییانەی لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان جێگیرکراون هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، وە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئۆفەرە تەکنیکییەکان، شارەزایی راوێژکاران، و میتۆدکاریی و پلانی کار، و شارەزاییە سەرەکییەکان، و مەودای گواستنەوەی تەکنەلۆجیا و بەشداری شارەزایانی هەرێم، لەخۆدەگرن. پێویستە کێشی رێژەیی هەر پێوەرێك پشت

ببەستێت بە سروشتی ئەرکەکە، لەگەڵ ئەمەشدا کێشێکی ڕێژەیی گەورەتر دەبەخشرێتە میتۆدکاریی کار و شارەزاییە سەرەکییەکان.

**چوارەم–** أ. ئۆفەرە داراییەکانی گشت ئەو ڕاوێژکارانەی ئۆفەرە تەکنیکییەکانیان لە دوای کۆتاییهاتنی هەڵسەنگاندنیان نزمترین نمرەی پێویستیان دەرچوواندووە، دەکرێنەوە لەبەردەم ئەو ڕاوێژکارانەی نیازی ئامادەبوونیان هەیە. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن کۆنووسی کردنەوە ئامادە بکات و وێنەی بداتە ئەو ڕاوێژکارانەی ئۆفەریان پێشکەش کردووە. ئۆفەری دارایی ئەو ڕاوێژکارانەی ئۆفەرە تەکنیکییەکانیان نزمترین نمرەی پێویستیان بەدەست نەهێناوە، بەبێ کردنەوە بۆیان دەگێڕدرێتەوە.

ب. پێویستە هەڵسەنگاندنی نرخ پشت ببەستێت بە سیستەمێکی ڕێژەداریی (تناسبی)، کە بەرزترین نمرە بداتە ئەو ئۆفەرە داراییەی کەمترین نرخی هەیە.

جـ. کێشەی ڕێژەیی بۆ هەردوو نمرەی ئۆفەری تەکنیکی و دارایی لەکاتی پیادەکردنی هەڵسەنگاندنی هاوبەش (تەکنیکی و دارایی) بۆ دیارکردنی پلەبەندیی ڕاوێژکارەکان، پشت بە سروشت و ئاستی ئاڵۆزیی ئەرکەکە دەبەستێت.

**پێنجەم–** پێویستە ئەو ڕاوێژکارەی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بەپێی ئەو پێوەر و شێوازەی هەڵبژاردن کە لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر دەڤیان لەسەر کراوە دەستنیشان بکرێت و گرێبەستی پێ بسپێردرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کۆتایی پێهێنانی دانوستان لەگەڵیدا بەشێوەیەکی ڕازیکار.

**شەشەم–** دەکرێت گرێبەست دانوستانی بۆ بکرێت لەگەڵ ئەو ڕاوێژکارەی دەستنیشان کراوە. پێویستە دانوستانەکان مەرجە مەرجەعییەکان و چوارچێوەی خزمەتگوزارییە پێشنیارکراوەکان و دەرهاوێشتەکان، و ڕاپۆرتەکانی ڕاییکردنی کار، و ئەو ئاسانکارییانەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشکەشیانی دەکات، هەروەها ئۆفەری دارایی، بگرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا نابێت دانوستان ببێتە مایەی هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بۆ چوارچێوەی ئەو خزمەتگوزارییە ڕەسەنانەی لە مەرجە مەرجەعییەکان دیارکراون. نابێت دانوستان لەسەر نرخ (کرێی خزمەتگوزارییەکان) بکرێت لە حاڵەتی کارپێکردنی وەك فاکتەرێك بۆ دیارکردنی پلەبەندیی ئۆفەرەکە.

**حەوتەم–** أ. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئاگادارکردنەوەی نیازی سپاردن لەسەر دەروازەی ئەلیکترۆنیی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستکردنە گشتییەکانی بڕیاردراو بەپێی مادده (70/دەیەم و یازدەم) بلاّو بکاتەوە.

ب. پێویستە نووسراوی سپاردن بۆ راوێژکاری براوە، لە حاڵەتی تانەنەگرتنی هیچ راوێژکارێکی دیکە، لە ماوەی (7) رۆژ لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکە دەربکرێت.

جـ. زانیاریی سپاردنی کۆتایی لەسەر دەروازەی ئەلکیترۆنیی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستکردنە گشتییەکانی بڕیاردراو بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم)، بلاو دەکرێنەوە.

## ماددەی – 55 – شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کەمترین تێچوو لەگەڵ کوالیتییێکی قەبولکراو

***Least cost selection - LCS***

**یەکەم–** شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کەمترین تێچوو لەگەڵ کوالیتییێکی قەبولکراو (LCS) بەشێوەیەکی گشتی گونجاوە بۆ هەڵبژاردنی راوێژکاران بۆ ئەرکی پێوانەیی خاوەن سروشتی رۆتینیی، وەك ووردبینیکردن و دیزاینی ئەندازەیی نائالۆز و هی دیکە، ئەوانەی پیادەکاری و پێوەری چەسپاویان هەیە.

**دووەم–** لە کاتی پیادەکردنی شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کەمترین تێچوو لەگەڵ کوالیتییێکی قەبولکراو (LCS)، رێکارەکانی کردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئۆفەر هەروەك لە ماددەی (54)دا هاتووە بەکار دەهێنرێت. ئەو راوێژکارە براوە دەبێت ئەوەی ئەو ئۆفەرەی پێشکەش کردووە کە کەمترین نرخی هەیە لە کۆی ئەو راوێژکارانەی ئۆفەرە تەکنیکییەکانیان نزمترین نمرەیان دەرچوواندووە لەو ئۆفەرە تەکنیکییەی لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر دەقیان لەسەر کراوە.

## لقی سێیەم

## شێوازی دیکە

## *Other methods*

## ماددەی – 56 – شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای لێهاتووییەکانی راوێژکار ( CQS )

***Selection on the basis of consultant's qualifications -CQS***

**یەکەم–** دەکرێت گرێبەستکردن لەسەر خزمەتگوزارییە راوێژکارییەکان بەپێی لێهاتووییەکانی راوێژکار لەم حاڵەتانەی خوارەوە بکرێت:

أ. ئەگەر قەبارەی خزمەتگوزارییە داواکراوەکان سنووردار بێت و تێچووی مەزەندەکراوی زیاتر نەبێت لەو ئاستەی لە پاشکۆی (أ) دیارکراوە.

ب. سروشتی خزمەتگوزارییەکان پێویست بە ئامادەکردن و پێوەرگرتنی ئۆفەری کێبڕکێکار ناکات.

جـ. لە بارودۆخی لەناکاو کە بیانوو نادات بە دەرکردنی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر و ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی کێبڕکێکاری ئۆفەرەکان.

**دووەم**– لە کاتی گرێبەستکردن لەسەر خزمەتگوزارییە راوێژکارییەکان لە سەر بنەمای لێهاتووییەکانی راوێژکار پێویستە ئەمانەی خوارەوە پەیڕەو بکرێن:

أ. دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە بانگهێشتێکی گوزارشتکردن لە گرنگیدان بڵاو بکاتەوە، و پێویستە ئەو بانگهێشتە داواکردن لە راوێژکاران بۆ گوزارشتکردن لەو توانا و شارەزاییانەی پەیوەندارن بەو خزمەتگوزارییانەی داواکراون لەخۆ بگرێت، لەپێناو گەیشتن بە لیستی کورتکراوە.

ب. دەسەڵاتی گرێبەستکردن باشترین راوێژکار لە نێوان ئەوانەی ناویان لە لیستی کورتکراوەدا هاتووە و باشترین لێهاتوویی و شارەزایی هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەکنیکییە داواکراوەکان، دەسنیشان دەکات.

جـ. دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەڵدەستێت بە داواکردن لەو راوێژکارەی دەستنیشان کراوە ئۆفەرێکی تەکنیکی و دارایی هاوبەش پێشکەش بکات و بانگهێشتی بکەن بۆ دانوستان دەربارەی گرێبەست.

## ماددەی – 57 – شێوازی تاکە راوێژکار

## *Engagement of individual consultant - IC*

**یەکەم**– دەکرێت لەگەڵ تاکە راوێژکار گرێبەست بکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ. ئەگەر ئەرکەکە پێویست بە تیمێکی راوێژکارانی تاکەکەسی نەکات.

ب. ئەگەر ئەرکەکە پێویست بە پاڵپشتی تەکنیکی سەربار نەکات.

جـ. ئەگەر شارەزایی و لێهاتووییەکانی راوێژکاری تاك گرنگترین پێداویستییەکانی هەڵبژاردن بن.

د. ئەگەر پێویستی هەبێت بۆ راوێژکارێکی تاك بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێکی دیارکراو بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیارکراودا.

**دووم–** ئەگەر خزمەتگوزارییە داواکراوەکان لە بنەڕەتدا پشت ببەستن بە لێهاتوویی و شارەزاییەکانی راوێژکاری تاك، ئەوا دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە داوای گوزارشتکردن لە گرنگیدان بکات لە رێگەی بلاّوکردنەوەی بانگەوازێك یان لە رێگەی داواکارییەکی راستەوخۆ لە راوێژکارە تاکەکان لە پێناو، بەلای کەم، بەراوردکردنی لێهاتوویی سێ راوێژکاری لێهاتوو، و گرێبەست بۆ ئەو راوێژکارە دەسپێردرێت کە خاوەنی باشترین لێهاتووییە لەگەڵ رەچاوکردنی دانوستانی سەرکەوتووی گرێبەست.

## ماددەی – 58 – **شێوازی تاکە سەرچاوە** (*Single or sole-source selection - SSS*)

شێوازی گرێبەستکردن لەگەڵ تاکە سەرچاوە بۆ خزمەتگوزارییە راوێژکارییەکان لەم حاڵەتانەی خوارەوە پاساویان هەیە:

**یەکەم–** بۆ درێژکردنەوەی گرێبەستێك کە پێشتر لەسەر بنەمایەکی کێبڕکێکار بەستراوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی راوێژکاریی وێرای خاوەن سروشتی هاوشێوە، ئەگەر دووبارە کێبڕکێکردن کەڵکی نەبێت و نرخەکانیش ماقوڵ بن.

**دووەم–** بوونی پێویستییەکی پاساودار (مبررة) بۆ راسپاردنی راوێژکارێك کە پێشتر گرێبەستێکی خزمەتگوزاریی راوێژکاریی هاوشێوەی بۆ دەسەلاّتی گرێبەستکردن بەجیّ گەیاندووە. پێویستە پاساو هێنانەوەکە ئەمە بسەلمێنێت کە هەڵسان بە رێکاری گرێبەستکردنی نویّ بەها بۆ دارایی گشتی زیاد ناکات و راوێژکارەکە گرێبەستی پێشووی بەباشترین شێوە تەواو کردووە و نرخەکانیش لەگەڵ نرخی گرێبەستە جێبەجێکراوەکەش نزیکن.

**سێیەم–** لە حاڵەتە نائاساییەکان وەك کارەساتی سروشتی و بارودۆخی لەناکاو.

**چوارەم–** کاتێك شارەزایی و لێهاتوویی داواکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکە تەنها لە لای یەك راوێژکار بوونیان دەبێت.

**پێنجەم–** کاتێك دەسەلاّتی گرێبەستکردن هەوڵ دەدات بچێتەناو گرێبەست لەگەڵ راوێژکارێك بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەی تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان، جگە لەو حاڵەتانەی پێویست دەکەن بە بەرهەمهێنانی کالاّ بە چەند برێك بۆ سەلماندنی شیاوییان لە رووی بازرگانییەوە یان بۆ هێنانەوەی تێچووەکانی توێژینەوە و پەرەپێدان.

**ماددەی – 59 – پێشبڕکێکانی دیزاینکردن (*Design contests* )**

**یەکەم–** شێوازی پێشبڕکێکانی دیزاینکردن ئەو کاتە بەکاردەهێنرێت کە دەسەلاّتی گرێبەستکردن بە گونجاوی دەزانێت بۆ بەدەستهێنانی پلاندانان یان دیزاینێك لە بوارەکانی پەرەپێدانی شار و دێهاتەکان و بوارەکانی ئەندازیاریی و تەلارسازیی یان چارەسەرکردنی داتاکان و لە ڕێگەی لیژنەیەکی ناوبژیوانکاری بێلایەن و لێهاتووەوە دەستنیشان دەکرێت لە دوای خستنەڕووی بۆ پێشبڕکێکردن لە نێوان پێشبڕکێکاران لەگەڵ یان بەبێ بەخشینی خەلاّت. سەرۆکی دەسەلاّتی گرێبەستکردن لیژنەی ناوبژیوانکردنەکە پێش بانگەوازی پێشبڕکێیەکە دەستنیشان دەکات.

**دووەم–** پێشبڕکێکانی دیزاینکردن بەپێی ئەو ئامانج و پرەنسیپانەی لە ماددەی (2) دەقیان لەسەر کراوە و ئەو ڕێکارانەی ئەم ڕێنماییە دیاریان دەکات، ئەنجام دەدرێن، لەوەی پەیوەستە بە ئاشکرایی و بێ لایەنگیریی لە پێکهێنانی لیژنە و کارەکانی، و ئەو دۆکیومێنتانەی دەسەلاّتی گرێبەستکردن ئامادە و پێشکەشی کردوون بە پێشبڕکێکاران ئەوانەی ووردەکارییەکانی ئەو مەبەست و پرنسیپ و ڕێکارە بنەڕەتییانەی پێشبڕکێیەکە ڕێکدەخەن، لە نێوانیشیاندا ئەو پێوەرانەی بۆ هەڵسەنگاندن و پلەبەندیکردنی ئۆفەرەکان بەکاردەهێنرێن، دیار دەکەن.

**سێیەم–** کاتێك بابەتی کێبڕکێکردن بە دانانی لێکۆڵینەوە یان نەخشەی پرۆژەیەکی دیارکراوەوە دیار دەکرێت، پێویستە ئەو دۆکیومێنتانەی لە برگەی (دووەم) ئاماژەیان پێکراوە، ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرن:

أ. ئەو خەلاّت یان پاداشت یان ئیمتیازاتانەی دەبەخشرێنە کەسانی براوە.

ب. چارەنووسی خاوەندارێتیی لێکۆڵینەوەکان یان نەخشەکان چ هی کەسانی براوە بێت یان هی کەسانی نابراوە.

**چوارەم–** خەلاّت و پاداشت و ئیمتیازات لەسەر بنەمای ڕاپۆرتێك دەبەخشرێن کە لیژنە ئامادەی دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، لیژنە بۆی هەیە ڕاسپاردە بکات بە نەبەخشینی هەمووی یان هەندێکی خەلاّت و پاداشت یان ئیمتیازاتەکان ئەگەر بینی نەخشە پێشکەشکراوەکان لە ئاستی پێویستدا نین.

**پێنجەم–** دەکرێت مەرجێك بخرێتە ناو ئەو دۆکیومێنتانەی دەدرێنە پێشبڕکێکاران دەق بکات لەسەر بەخشینی قەرەبوو لە بری ئەو دیزاینانەی پێشکەشکارانی براوە نەبوون وێڕای ئەوەی لەگەڵ خشتەی زەمەنیی دیارکراودا دەگونجێن و ڕەنگدانەوەی ئاستێکی تەکنیکیی قەبوڵکراوە.

**شەشەم–** لیژنە مافی هەیە پێشبڕکێکاران بانگ بکات لە گشت ئەو حاڵەتانەی لەم ماددەیەدا دەقیان لەسەر کراوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە و ئۆفەرەکانیان و راسپاردەکردن بە ئەنجامدانی هەندێك هەموارکاری لەسەریان.

**حەوتەم–** لیژنە ئەنجامی کارەکانی لە راپۆرتێکی تایبەت دۆکیومێنت دەکات و پووختەیەك لەخۆ بگرێت کە دەکرێت لە رێگەی ئامرازە گونجاوەکان رابگەیندرێت بەپێی مەزەندەیی سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، و راسپاردەی لیژنە بەرکار دەبێت لە دوای پێداچوونەوە و بڕیاردانی لە لایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە.

## بەشی پێنجەم

## رێککەوتنەکانی چوارچێوە

## *Framework agreements*

**ماددەی - 60 – رێککەوتنەکانی چوارچێوە (*Use of framework agreements*)**

دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن بۆیان هەیە رێککەوتنەکانی چوارچێوە ببەستن:

**یەکەم–** بۆ گرێبەستکردنی دووبارەیی دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە خزمەتگوزارییە راوێژکاریی و کارە سادەکانیشەوە، لە نێوانیشیاندا ئەو شتە کڕاوانەی بەکارهێنانیان باوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژمارەیەك لایەنی کەرتی حکومی.

**دووەم–** کاتێك دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشبینی دەکات پێویستی بوون بۆ هەندێك کاڵا یان کار یان خزمەتگوزاریی بە حوکمی سروشتەکەی لەوانەیە لە سەر بنەمایەکی لەناکاوەوە بێتە ئاراوە لە ماوەی کاتی رێککەوتنی چوارچێوەدا.

**ماددەی - 61 – جۆرەکانی رێککەوتنی چوارچێوە (*Types of framework agreements*)**

دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن بۆیان هەیە رێککەوتنی چوارچێوەی کراوە یان داخراو ببەستن:

**یەکەم–** لە کاتی بەستنی رێککەوتنی چوارچێوەی داخراو، هیچ دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارێك کە لە سەرەتادا لایەن نەبووە لە رێککەوتنی چوارچێوە ناتوانێت دواتر تیایدا ببێتە لایەن. ماوەی زەمەنیی

ڕێککەوتنی داخراوی چوارچێوە لە بەرزترین ئاستیدا بە دوو ساڵ دیار دەکرێت کە تەنها بۆ یەکجار قابیلی نوێکردنەوەیە.

**دووەم–** لە کاتی بەستنی ڕێککەوتنی چوارچێوەی کراوە، لەوانەیە دابینکار/ بەڵێندەر/ ڕاوێژکار ببێتە لایەن تیایدا زێدەباری لایەنە یەکەمەکان لە کاتی دواتردا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکاریی بەشداریکردن بۆ دەسەلاتی گرێبەستکردن وەك وەلامدانەوەیەك بۆ پێداویستییەکانی بانگهێشتکردن بۆ ئەوەی ببێتە لایەن لە ڕێککەوتنی چوارچێوەی کراوە.

## ماددەی - 62 – بەستن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی چوارچێوە

***Establishment and operation of framework agreements***

**یەکەم–** ڕێککەوتنەکانی چوارچێوە بەپێی ئەو پرنسیپ و ڕێکارانەی لەم ڕێنماییە ئاماژەیان پێکراوە بۆ گشت قۆناغەکان تاوەکو بەخشینی گرێبەستەکان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی چوارچێوە، دروست دەکرێن، لە نێوانیشیاندا پرنسیپەکانی شەفافیەت و کێبڕکێکردن، و ڕێکارەکانی داواکاریی بەشداریکردنی پێشکەشکارانی تەندەر و هەڵسەنگاندنی لێهاتووەکانیان و شێوازەکانی گرێبەستکردن هەروەك لەم ڕێنماییەدا دیارکراون.

**دووەم–** لە کاتی داواکاریی بەشداریکردنی پێشکەشکارانی تەندەر یان ئۆفەر لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بۆ بەستنی ڕێککەوتنی چوارچێوە، پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن زانیارییە پێویستەکان ئاشکرا و ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی پێشکەشکارانی تەندەر تێگەیشتنیان هەبێت بۆ سروشتی ڕێککەوتنی چوارچێوە، و ڕێکارە پەیوەندارەکان، و ئایا ئەم ڕێککەوتنەی چوارچێوە کراوە دەبێت یان داخراو، و شێواز و مەرجەکانی ڕێککەوتنی چوارچێوە، و ئایا کێبڕکێکردن هەیە لە سپاردنی گرێبەستەکان لەناو ڕێککەوتنی چوارچێوەدا، و ئەو شێوازەی لە دابەشکردنی گرێبەستە سپێردراوەکان بۆ ئەو دابینکار/ بەڵێندەر/ ڕاوێژکارانەی بەشداربوون لە ڕێککەوتنی چوارچێوە، بەکاردەهێنرێت، و هەر زانیارییەکی دیکەی پێویست بۆ بەشداریکردنی کارا لە بەستن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی چوارچێوە بەو شێوەیەی لەم ڕێنماییە دیارکراوە.

**سێیەم–** دابینکاران/ بەڵێندەران/ ڕاوێژکاران دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی ببنە لایەن لە ڕێککەوتنی چوارچێوەی کراوە لە هەر کاتێکدا لە ماوەی بەرکاربوونی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئەو داواکارییانەی بەشداریکردن و ئەو دۆکیومێنتانەی لە بانگهێشتکردنی ئەم ڕێککەوتنانەدا هاتوون.

**چوارەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن گشت داواکارییەکانی بەشداریکردنی وەرگیراو لە ماوەی بەرکاربوونی ڕێککەوتنی چوارچێوە دیراسەت بکات لە ئاستی ئەو ڕۆژانەی لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە دیارکراوە بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە بانگهێشتەکە دەقیان لەسەر کراوە.

**پێنجەم–** ڕێککەوتنی چوارچێوەی کراوە لەگەڵ گشت دابینکار/ بەڵێندەر/ ڕاوێژکارە لێهاتووەکان دەبەسترێت ئەوانەی داواکاریی بەشداریکردنیان پێشکەش کردووە. دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە نزیکترین دەرفەتدا هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی دابینکاران/ بەڵێندەران/ ڕاوێژکاران ئەگەر بوونە لایەن لە ڕێککەوتنی چوارچێوە، بە پێچەوانەوە دەبێت هۆیەکانی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی بەشداریکردنیان پێرابگەیەنێت.

**شەشەم–** دەسەڵاتی گرێبەستکردن بە درێژایی ماوەی بەرکاربوونی ڕێککەوتنی چوارچێوەی کراوە بە بەردەوامی هەڵدەستێت بە دووبارە بڵاوکردنەوەی بانگهێشت لەسەر دەروازەی ئەلیکترۆنیی فەرمیی یەکخراوی گرێبەستکردنە گشتییەکانی بڕیاردراو بەپێی ماددەی (70/ دەیەم و یازدەم) بۆ زێدەبارکردنی لایەنی دیکە بۆ ڕێککەوتنی چوارچێوەی کراوە. پێویستە وێرای ئەمەش تێڕوانینی بێ کۆت و ڕاستەوخۆ و تەواوی سەر بەند و مەرجەکانی ڕێککەوتنی چوارچێوە و هەر زانیارییەکی دیکەی پێویستی پەیوەندار پێیەوە، مسۆگەر بکرێت.

**حەوتەم–** پێویستە هەر گرێبەستێکی ناو ڕێککەوتنی چوارچێوە بۆ ئەو دابینکار/ بەڵێندەر/ ڕاوێژکار بسپێردرێت ئەگەر لایەن بێت لە ڕێککەوتنی چوارچێوەکە، و بەپێی مەرج و حوکمەکانی و ئەو ڕێکارانەی لەم ڕێنماییەدا دیارکراون و لە دۆکیومێنتەکانی بانگهێشتەکە ڕوون کراونەتەوە.

**هەشتەم–** لە ماوەی بەرکاربوونی ڕێککەوتنی چوارچێوە، ڕێگە بە هیچ گۆڕانکارییەك لە وەسفکردنی ناوەڕۆکی گرێبەستکردنەکە نادرێت. لەوانەیە گۆڕانگاری لەسەر مەرج و حوکمەکانی دیکەی گرێبەستکردن ئەنجام بدرێت، لە نێوانیشیاندا پێوەرەکانی هەر کێبڕکێیەك بۆ قۆناغی دووەم و ڕێگەی پیادەکردنی و ڕێکارەکانی سپاردنی گرێبەستی پێشبینیکراو، بەڵام بەو گوژمە و ڕێگەیەی بە ڕاشکاوی لە ڕێککەوتنی چوارچێوە ڕێگەی پێدراوە.

**نۆیەم–** أ. پلەبەندیکردنی دابینکار/ بەڵێندەر/ ڕاوێژکارە بەشداربووەکانی ڕێککەوتنی چوارچێوە لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانە ئەنجام دەدرێت کە لە دۆکیومێنتەکانی بانگهێشتنامە دەقیان لەسەر کراوە لە ڕێگەی قۆناغی دووەمەوە لە کاتی دەرکردنی فەرمانەکانی کڕین پاڵپشت بە ڕێککەوتنی چوارچێوە.

ب. ڕێککەوتنی چوارچێوە بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە نرخەکان چ ئەوەی پێشوەختە لەسەری ڕێککەوتبن یان ئەوەی دواتر بڕیاری لێدەدەن لە ڕێگەی ئەو کێبڕکێ یان پرۆسەیەی ڕێگە دەدات بەبێ کێبڕکێکردن ئەم نرخانە هەموار بکرێن.

جـ. دەکرێت گرێبەست لەناو ڕێککەوتنی چوارچێوە بە یەکێك لەم شێوازانەی خوارەوە بسپێردرێت:

1. شێوازی هەرەمی: تیایدا گرێبەست دەسپێردرێت بەو دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارەی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، مەگەر ئەم دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارە نەتوانێت پێداویستییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دابین بکات، لەم حاڵەتەش گرێبەست دەسپێردرێت بەو دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارەی پلەی دووەمی بەدەستهێناوە.

2. دابەشکردنی یەکسان: ئەمەش لە ڕێگەی سەپاندنی پلەبەندییەکانی (ترتیبات) بەرزترین ئاست جێبەجێ دەکرێت، بەجۆرێك ئەو دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارەی پلەی دواتری بەدەست هێناوە دەستنیشان دەکرێت تەنها بە گەیشتنی ئەو دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارەی پلەی پێش ئەوە بەو ئاستە داراییەی دیارکراوە، وە بەم شێوەیە.

3. شێوازی بەنۆرەیی: تیایدا گرێبەست بۆ هەر دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارێکی بەشداربوو لە ڕێککەوتنی چوارچێوە تەرخان دەکرێت بە نۆرە بەچاوپۆشین لە بەها یان ماوەی زەمەنی.

4. متمانەیی (الموثوقية) و شارەزایی: تیایدا گرێبەست دەسپێردرێت بەو دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکارەی بەشدارە لە ڕێککەوتنی چوارچێوە کە بەپێی ئەو پێوەرانەی لە ڕێککەوتنی چوارچێوە دیارکراون، باشترینیانە.

**دەیەم**- دەکرێت ڕێککەوتنی چوارچێوە پاڵپشت بە دانانی لیستێکی پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی بەشێوەیەکی ناوبەناو بانگهێشتیان ئاراستە دەکرێت بۆ پێشکەشکردنی تەندەرەکانیان، ئامادە بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. دەکرێت بانگهێشتی پێشکەشکارانی تەندەر بکرێت بۆ پێشکەشکردنی ئەو نرخانەیان کە لە کاتی یان پێش بارکردن (شحن) بە نرخی بازار پەیوەستە.

ب. پێویستە بەرکاربوونی تەندەر بۆ کورترین ماوە بێت کە لەتوانادایە.

جـ. دەکرێت ئەو دراوەی لە دانانی نرخی کاڵا لە بازاڕ وەك یەك دراو بەکاربهێنرێت بۆ تەندەر و پێشینەکان.

د. پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان/ وەزارەتی پلاندانان مەرج و دارشتنەکانی گرێبەستە پێوانەییەکانی هاوڕێك (متسق) لەگەڵ پیادەکارییەکانی بازاڕ دەربکات بۆ بەکارهێنانیان لە لایەن دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردنەوە.

## دەروازەی سێیەم

## لێتێڕوانینی سکاڵای پێشکەشکارانی تەندەر

## REVIEW OF COMPLAINTS OF BIDDERS

### ماددەی – 63 – مافی سکاڵاکردن ( Right to complain )

لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە، هەر پێشکەشکارێکی تەندەر مافی سکاڵای هەیە ئەگەر بانگەشەی کرد بە دووچاربوون یان لەوانەیە دووچاری هەر لەدەستچوونێك یان زیانێك ببێتەوە بەهۆی بڕیار یان کردەوە یان پشتگوێخستنێك لە لایەنی دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە لە سەرپێچیکردنی ئەو پابەندبوون و بەرپرسیارییەتیەی پێی راسپێردراوە بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە لەسەر بنەمای پووچەڵبوونی ئەم ڕێکارانە یان ئەم بڕیارە.

### ماددەی – 64 – ڕێکارەکانی لێتێڕوانینی سکاڵای پێشکەشکارانی تەندەر

### Procedures for review of complaints from bidders

**یەکەم**: پێویستە ئەو سکاڵایەی سروشتی ئەو سەرپێچییەی بەجۆرێك ووتراوە روون دەکاتەوە، بەنووسراو پێشکەش بکرێت، بە پلەی یەکەمیش بەو لیژنە ناوەندییەی لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێکدەهێنرێت بەپێی ماددەی (65/یەکەم) لە ماوەی (7) رۆژ لە ڕێکەوتی زانینی پێشکەشکاری تەندەر بە هۆیەکانی سکاڵا یان لە ڕێکەوتی پێویستبوونی زانینی بۆ ئەم هۆیانە، و بەر لە واژووکردنی گرێبەست.

**دووەم**– پێویستە سکاڵای دەربارەی بانگەواز یان هەر شێوەیەکی بانگهێشتکردن بۆ پێشکەشکردنی تەندەر، یان دەربارەی شیاندنی پێشوەختە یان لیستی کورتکراوە، یان ئەو بڕیار یان ڕێکارانەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن گرتوویەتیەبەر لە قۆناغی شیاندنی پێشوەختە یان ئامادەکردنی لیستی کورتکراوە، بەر لە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی تەندەر، پێشکەش بکرێن.

### ماددەی – 65 – پێشکەشکردنی سکاڵا بە دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن

### Submission of complaints to contracting authorities

بۆ مەبەستەکانی تێڕوانین لەو سکاڵایانەی بەپلەی یەکەم پێشکەش بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن کراون:

**یەکەم–** لە ناوەندی هەر وەزارەت یان دەستەیەکی نەبەستراو بە وەزارەت یان پارێزگا یان ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەکی ناوەندی پێکدەهێنرێت بۆ تێڕوانین لەو تانەو (اعتراض) و سکاڵایانەی لە لایەن پێشکەشکارانی تەندەر پێشکەشکراون دژ بە بڕیارەکانی سپاردنی گرێبەستکاری یان دژ بە ڕێکارەکان یان بڕیارەکان یان پشتگوێخستن لە قۆناغی زوو لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن. لیژنە سەر بە وەزیری تایبەتمەند دەبێت یان سەرۆکی دەستەی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار یان سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆ یان ئەوەی لە لایەن هەر یەکێکیان بێت رادەسپێردرێت. پێویستە ئەندامانی لیژنە کۆمەڵێك شارەزاو پسپۆڕ بن و پێویستە پلەی وەزیفی سکرتێری لیژنە لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت.

**دووەم–** لیژنە، لە ماوەیەك لە (7) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی سپاردنی سکاڵا لە لای دەسەڵاتی گرێبەستکردن تێپەڕ نەکات، راسپاردەی خۆی دەربارەی تانەو هۆیەکانی، پێشکەش دەکات بە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی دەستەی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار یان سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆ یان ئەوەی راسپێردراوی ئەوانە. وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی دەستەی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار یان سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆ یان راسپێردراویان، لە ماوەی (7) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی راسپاردە، بڕیارێکی نووسراوی پاساودار دەربارەی سکاڵاکە دەردەکات. وە دەرنەکردنی بڕیاری لەم بابەتە لە دوای بەسەرچوونی ئەم ماوەیە بە ڕەتکردنەوەی سکاڵا دادەندرێت. وە لە حاڵەتی پشتگیریکردنی سکاڵا بەشێوەیەکی تەواو یان بەشێکی، پێویستە بڕیارەکە ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستە جێبەجێ بکرێن بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکە، لەخۆ بگرێت.

## ماددەی – 66 – پێداچوونەوەی کارگێڕیی سەربەخۆ ( Independent administrative review )

**یەکەم–** قەوارەی تایبەتمەند بە لێتێڕوانینی سکاڵای پێشکەشکارانی تەندەر بریتیە لە ئەنجومەنی پێداچوونەوەی سکاڵای گرێبەستکردن، پێکهێنراو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بەپێی ماددەی (71).

**دووەم–** أ. پێشکەشکارانی تەندەر لەم حاڵەتانەی خوارەوە سکاڵاکانیان پێشکەش بە ئەنجومەنی پێداچوونەی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەکەن:

1. ئەگەر سکاڵاکار قەبولکردنی بڕیاری دەرکراو لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەربارەی سکاڵا ڕەت بکاتەوە، بەو مەرجەی لە ماوەی (7) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی سکاڵاکار بە بڕیاری دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە، سکاڵا پێشکەش بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە بکات.

2. ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەو ماوەیەی لە بڕگەی (65/دووەم) دیارکراوە، بڕیار نەدات، بەو مەرجەی لە ماوەی (7) رۆژ لە رێکەوتی بەسەرچوونی ماوەی دیارکراو لە بڕگەی (دووەم) سکاڵا پێشکەش بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە بکات.

3. ئەگەر گرێبەست بەشێوەیەکی کردارەکی چووە بواری جێبەجێکردنەوە بەو مەرجەی لە ماوەی (7) رۆژ سکاڵاکە پێشکەش بکات لە رێکەوتی زانینی سکاڵاکار یان لە رێکەوتی پێویستبوونی زانینی بەو بارودۆخەی بۆتە هۆی پێشکەشکردنی سکاڵا.

ب. پێویستە لەسەر ئەنجومەنی پێداچوونەوەو خاوەنی سکاڵا، لەگەڵ پێشکەشکردنی سکاڵا بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە، بە نووسین دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئاگادار بکەنەوە.

جـ. بەرامبەری سکاڵا بڕی (500,000) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی لە پێشکەشکاری سکاڵا وەردەگیرێت و قابیلی گەڕاندنەوە نییە.

د. سکاڵاکار بەڵێننامەیەکی فەرمی کە بەشێوەیەکی بنەمایی پەسەندکرابێت بەگوێرەی یاسا پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی بەهای زیانلێکەوتنەکان بداتە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەرامبەر بە دواکەوتن لە واژووکردنی گرێبەست بەهۆی فێڵبازیی (كيدية).

**سێیەم**- أ. ئەنجومەنی پێداچوونەوە، لە ماوەیەك لە (3) رۆژ لە دوای وەرگرتنی سکاڵا تێپەڕ نەکات، بڕیاری قەبولکردن یان رەتکردنەوەی سکاڵاکە دەدات. ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆی هەیە لە رووی ناوەڕۆکەوە سکاڵا رەتبکاتەوە ئەگەر بڕیاریدا ناوەڕۆکەکەی شایانی لێتێڕوانین نییە، یان لە رووی رواڵەتەوە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو ماوانەی لە بڕگەی (دووەم) دیارکراون پێشکەش نەکرێت یان سکاڵاکار پەیوەندار نەبێت.

ب. ئەنجومەنی پێداچوونەوە، لە ماوەیەك لە (30) رۆژ لە رێکەوتی سپاردنی سکاڵا لە لای ئەنجومەنەوە تێپەڕ نەکات، دەڕوانێتە سکاڵاو بڕیاری خۆی دەردەکات و پێویستە بڕیارەکانی ئەنجومەنی پێداچوونەوە نووسراوو پاساودار بن، و لە نزیکترین دەرفەتدا لە دەروازەی ئەلیکترۆنی فەرمی یەکخراوی گرێبەستە گشتییەکان ی بڕیاردراو بەپێی ماددەی (70/دەیەم و یازدەم)، بلاّو بکاتەوە.

**چوارەم**- ئەگەر سکاڵا رەتنەکرایەوە لەسەر ئەوەی بنەمای نییە یان لە رووی رێکارییەوە خەوشدارە، ئەوا ئەنجومەن بۆی هەیە ئەو چارەسەرییانەی ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن، دەربکات:

أ. راگەیاندنی ئەو رێسا یان پرنسیپە یاساییانەی حوکمی بابەتی سکاڵا دەکەن.

ب. رێگەنەدان بە رەفتارکردنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان وەرگرتنی بڕیار یان پەیڕەوکردنی رێکاری نایاسایی.

جـ. ئیعازکردن (الإیعاز) بەو دەسەلاتەی گرێبەستکردن کە رەفتاری کردووە یان بەردەوامی داوە بە رێکارەکان بە رێگەیەکی نایاسایی یان گەیشتۆتە بڕیارێکی نایاسایی بۆ کارکردن یان بەردەوامبوون بە رێگەیەکی یاسایی یان گەیشتن بە بڕیارێکی یاسایی. ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە جێبەجێکردنەوەی هەنگاوی دیارکراو لە قۆناغەکانی گرێبەستکردن یان دووبارەکردنەوەی رێکارەکانی گرێبەستکردن.

د. فەرمانکردن بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو یان بەشێکی بڕیارێك یان رێکارێکی نایاسایی پێشتر دەسەلاتی گرێبەستکردن دەری کردووە، جگە لە هەر بڕیار یان رێکارێك کە گرێبەست بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هـ. پێشنیارکردن بۆ دەسەلاتی گرێبەستکردن بە دانی قەرەبوو لە بڕی هەر تێچوویەکی ماقوڵ کە پێشکەشکاری سکالاَ دووچاری هاتووە بۆ بەشداریکردن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن یان بەدواداچوونی سکالاَ.

و. راسپاردەکردن بە هەڵوەشاندنەوەی رێکارەکانی گرێبەستکردن.

**پێنجەم**– بڕیارەکانی ئەنجومەن شیاوی تانەلێدان دەبن لە لای دادگای تایبەتمەندەوە لە هەرێم لە ماوەی (30) رۆژ لە رێکەوتی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە بە خاوەنی سکالاَ.

**شەشەم**– أ. پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن هیچ هەنگاوێك نەنێت کە ببێتە مایەی ئەوەی گرێبەستەکان یان رێککەوتنی چوارچێوە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەناو رێکارەکانی گرێبەستکردنی پەیوەندار:

1. کاتێك لە چوارچێوەی کاتی دیارکراو لە ماددەی (64/یەکەم) سکالاَ وەردەگرێت. یان

2. کاتێك لەلایەن ئەنجومەنی پێداچوونەوە ئاگادار دەکرێتەوە لە داواکاریی لێتێڕوانینی سکالاَ.

ب. کاریگەری ئەو قەدەغەکردنەی لەم بڕگەیە ئاماژەی پێکراوە نامێنێت لە دوای (7) رۆژ لە پێڕاگەیاندنی دەسەلاتی گرێبەستکردن بە بڕیارەکەی بۆ خاوەنی سکالاو بۆ گشت بەشداربووەکانی دیکەی لە رێکارەکانی پێداچوونەوە، یان لە دوای نەمانی وادەی زەمەنی بۆ دەرکردنی ئەم جۆرە بڕیارە ئەگەر هیچ بڕیارێك لە دەسەلاتی گرێبەستکردنەوە دەرنەکرێت، یان لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆ سکالاکە یان هەر بڕیارێکی دیکە کە دەری دەکات.

**حەوتەم**– بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان بەهەماهەنگی لایەنە پەیوەندارەکان بەدواداچوونی ئەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنی پێداچوونەوە دەردەچن لە ئەستۆ دەگرێت.

## دەروازەی چوارەم

## سازاندنە ڕێکخستنەکییەکانی گرێبەستکردنە گشتییەکان

## ORGANIZATIONAL ARRANGEMENTS FOR PUBLIC PROCUREMENT

### ماددەی - 67 – بەڕێوەبەرایەتییەکانی گرێبەستکردن لە دەسەلآتەکانی گرێبەستکردن

### Procurement Departments in procuring authorities

**یەکەم–** لەگەڵ ڕەچاوکردنی میکانیزمی پەیڕەوکراو لە بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان، پێویستە لەسەر هەر دەسەلاتێکی گرێبەستکردن فەرمانگەیەکی هەمیشەیی (ئەگەر بەکردەیی لە ئارادانەبێت) دابمەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردن و پیادەکردنی چالاکیەکانی گرێبەستکردن بەشێوەیەکی هەمیشەیی بە پلاندانان و ئامادەکردنی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن و جێبەجێکردنی جۆرەها قۆناغەکانی گرێبەستکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی سکرتارییەتی لیژنەکانی گرێبەستکردنیشەوە. پێویستە فەرمانبەری پسپۆڕو ڕاهێنراو بەپێی بەرنامەو پێداویستییەکانی بڕیاردراو بەپێی حوکمەکانی ماددەی (70/شەشەم) بۆ فەرمانگانە فەراهەم بکرێن.

**دووەم–** فەرمانگەکانی گرێبەستکردن، لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان، بە خزمەتگوزارییەکانی سکرتاریەتی پێویست، پاڵپشت دەکات، لە نێوانیشیاندا دەستکەوتنی شارەزایی تەکنیکیی پێویست کاتێك ئەم پێویستییە لە هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان دێتە ئاراوە.

**سێیەم–** بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان بۆی هەیە لێبوردن دەربکات لەو پێداویستییانەی لە بڕگەی (یەکەم) ئاماژەی پێکراوە بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستکردن لە دەسەلآتەکانی گرێبەستکردن کاتێك ژمارەی پێویست لە فەرمانبەرە لێهاتووەکان دەست ناکەوێت.

### ماددەی - 68 – پێکهێنانی لیژنەکانی کردنەوەی تەندەرەکان

### Establishing the bid opening committees

**یەکەم–** لە ناوەندی هەر دەسەلاتێکی گرێبەستکردن لیژنەیەکی ناوەندی یان زیاتر بۆ کردنەوەی تەندەرەکان پێکدەهێنرێت لەو کەسانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین و بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێك کە پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی ئەندازیاران کەمتر نەبێت و ئەندامێتی نوێنەرێکی هەر یەك لە فەرمانگەکانی یاسایی و دارایی و فەرمانگەکانی گرێبەستکردن و فەرمانبەرێکی تەکنیکیی تایبەتمەندو سکرتێرێك پلەی

وەزیفی لە سەرۆکی تێبینەران کەمتر نەبێت. پێویستە لیژنەی باسکراو بەشێوەی ناوبەناو هەر (6) شەش مانگ جارێك و تا ئاستی درێژکردنەوە تەنها بۆ یەکجار، بگۆڕدرێت.

**دووەم–** دەکرێت لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەو فەرمانگانەی سەر بە دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردنن پێکبهێندرێت. هەر لیژنەیەکیش لەم لیژنانە بەپێی ئەوەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە پێکدەهێندرێت.

## ماددەی - 69 – پێکهێنانی لیژنەکانی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان

**Bid analysis and evaluation committees**

**یەکەم–** لە ناوەندی هەر دەسەڵاتێکی گرێبەستکردن یان ئەو فەرمانگەیانەی سەر بەئەون، لیژنەیەك یان زیاتر بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی لایەنە تەکنیکیی و دارایی و یاساییەکانی تەندەرەکان پێکدەهێندرێت. وە بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێك دەبێت کە پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی ئەندازیاران کەمتر نەبێت و خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت و لەگەڵ ئەندامێتیی ژمارەیەك لە تەکنیکسازی پسپۆر لە نێوانیشیاندا یاسایی و دارایی و سکرتێری لیژنە کە پلەی وەزیفی لە سەرۆکی تێبینەران کەمتر نەبێت.

**دووەم–** لیژنە ئەرکەکانی لەو ماوەیەی لە فەرمانی پێکهێنانی دەرکراو لە سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە دیارکراوە، پیادە دەکات، بەو مەرجەی گۆڕینەوەی بەشێوەیەکی ناوبەناو ڕەچاو بکات لە ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و بەدرێژکردنەوەی تەنها بۆ یەکجار.

**سێیەم–** لیژنە بۆی هەیە پشت ببەستێت بە لایەنی پسپۆڕی خاوەن شارەزایی بە سروشتی کەمکردنەوە. ڕاسپاردەکانی لیژنەکانی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن ملکەچ دەبن بۆ پەسەندکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتە داراییانەی پەیڕەوکراون بۆ مەبەستەکانی گرێبەستکردن.

**چوارەم–** نابێت نێوانی سەرۆکایەتی و ئەندامێتیی لیژنەی کردنەوەو لیژنەی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان، کۆبکرێتەوە.

## ماددەی - 70 – بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان

***Directorate for Public Contracts***

بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم–** چاودێریکردن و پەرەپێدان و ئاسانکردنی پیادەکردنی چوارچێوەی یاسایی گرێبەستکردنە گشتییەکان لەناو ئاستەکانی یاساکاریی و نیمچە یاساکاریی، و پێشکەشکردنی دەقی پێوەری پێشنیارکراو بۆ دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی پەیوەندار بۆ ڕەزامەندیدان لەسەریان.

**دووەم–** دەرکردنی ڕێکسازیی تایبەت بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی گرێبەستکاریی لە نێوان فەرمانگەکانی هەرێم و ئەوانەی گرێبەستیان لەگەڵ دەکەن و ئەو ئاسەوارانەی دەبنە دەرئەنجامی ئەوەی گرێبەستکاران پابەندبوونە گرێبەستکارییەکانیان پێشێل بکەن.

**سێیەم–** دەرکردن و هەموارکردنی دۆکیومێنتە پێوانەییەکانی کەمکردنەوەو مەرجە گشتییەکانی گرێبەستەکانی کار و دابینکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، وەهەر جۆرێکی دیکەی گرێبەستکردن کە بەڕێوەبەرایەتی بەباشی بزانێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پابەندکاری لە لایەن دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردنەوە بەکار بهێندرێت تا ئەو ئاستەی وەزارەتی پلاندانان دیاری دەکات.

**چوارەم–** هەڵسەنگاندنی ئەرك و ڕێکارەکانی لیژنەکانی کردنەوەو لیژنەکانی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان لە فەرمانگەکانی هەرێم و ڕاسپاردەکردن بە هەموارکردنیان هەر کاتێك پێویست بێت.

**پێنجەم–** وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فەرمانگەکانی هەرێم و ئەو لایەنانەی دیکە کە گرێبەستیان لەگەڵ کراوە دەربارەی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ئەرکەکانی گرێبەستکارییەوە.

**شەشەم–** ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی فەرمانبەرانی دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن ئەوانەی لە بواری گرێبەستکردنە گشتییەکان کار دەکەن، و هاندانی پەرەپێدانی هێزی کاری پیشەگەر لە بواری گرێبەستکردنە گشتییەکان، و هەماهەنگی کردن لەگەڵ ڕێکخراوە پیشەییە پەیوەندارەکان بە گرێبەستکردن دەربارەی ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی ئەوانەی لایان کار دەکەن، بەو مەرجەی ئەو ڕێکخراوانە تێچووەکانی چالاکییەکانی ڕاهێنان لە ئەستۆ بگرن. وە گشت بەرنامەکانی ڕاهێنان لە بواری گرێبەستکردنە گشتییەکان ملکەچ دەبێت بۆ سەرپەرشتی و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان.

**حەوتەم–** سەرپەرشتیکردن و هەماهەنگی و بەدواداچوونی تەکنیکی لەگەڵ ئەو فەرمانگە گرێبەستکردنە گشتییانەی لە دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن هێنراونەتە کایەوە بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**هەشتەم**– ئاسانکردنی هێنانەناوی پیادەکاری داهێنراو لە بواری گرێبەستکردنە گشتییەکان بە بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانیشەوە.

**نۆیەم**– کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەیەکی رێکخراو دەربارەی چالاکییەکانی گرێبەستکردن.

**دەیەم**– دامەزراندنی پێگەی دەروازەی یەکخراو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکان دەربارەی رێکارەکانی گرێبەستکردن و زانیاری دیکە بەپێی ئەم رێنماییە وێرای ئەو زانیارییانەی دیکە کە بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان دیاریان دەکات، و دامەزراندنی داتابێس لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و نوێکردنەوەیان بە بەردەوامی. وە شیاوی لێگەڕان دەبێت بەشێوەی کارلێکردن لەگەڵ جەماوەری گشتیدا، و بۆ نموونە نەوەك بەشێوەی تەنها، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. ژمارەو بەهای سەرجەمیی گشت ئەو گرێبەستانەی ئەم رێنماییە دەیانگرێتەوە کە گشت دەسەلاتەکانی گرێبەستکار گرێیان دەدەن.

ب. ژمارەو بەهای سەرجەمیی گشت ئەو گرێبەستانەی ئەم رێنماییە دەیانگرێتەوە کە هەر یەکێك لە دەسەلاتەکانی گرێبەستکار گرێیان دەدەن کە بەگوێرەی توێژەکانی کالا و کار و خزمەتگوزاریی بەپێی سیستەمێکی پۆلینکاری یەکخراوی پەیرەوکراوی نێودەوڵەتییەوە، دابەشکراون.

جـ. ژمارەو بەهای سەرجەمیی گشت ئەو گرێبەستانەی ئەم رێنماییە دەیانگرێتەوە کە هەر یەکێك لە دەسەلاتەکانی گرێبەستکار گرێیان دەدەن کە بەگوێرەی رێگەی گرێبەستکردن دابەشکراون.

د. گشت گرێبەستەکان.

هـ. رێکەوتەکانی هەنگاوە سەرەکییەکانی هەر پرۆسەیەکی گرێبەستکردن کە لە بانگهێشتنامە دەست پێدەکات تا دەگاتە بەجێگەیاندنی گرێبەست.

**یازدەم**– تاوەکو ئەو دەروازە ئەلیکترۆنییە فەرمییە یەکخراوەی گرێبەستکردنە گشتییەکانی بڕیاردراو بەپێی بڕگەی (دەیەم) دادەمەزرێت و کارا دەکرێت، ئەوا پێداویستییەکانی بلاوکردنەوە لەسەر دەروازەی ناوبراو کە لەم رێنماییە دەقیان لەسەر کراوە لە رێگەی بلاوکردنەوەیان لەسەر ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن دێنەئاراوە بەپێی ئەم رێنماییە. وە هەر کاتێك حوکمێکی دیارکراو لەم رێنماییە ئاماژە دەکات بە بلاوکردنەوە لەسەر پێگەی دەروازەی یەکخراوەوە ئەوا پێویستە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی دەسەلاتی گرێبەستکردن یان لەسەر ئامرازی دیکەی راگەیاندنی گونجاو بلاو بکرێتەوە.

**دوازدەم–** پێویستە لەسەر دەسەلاَتەکانی گرێبەستکردن پێکهاتەکانی گرێبەستکردنی لای خۆیان پابەند بکەن بە هەماهەنگی کردنی پلانەکانی گرێبەستکردنیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان و دابینکردنی داتای پێویست بۆی بۆ مەبەستەکانی بەدواداچوون و چاودێریکردنی تەکنیکی لەکاتی دەستکردن بە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی گرێبەستکردنی.

**ماددەی – 71 – ئەنجومەنی پێداچوونەوە (*Procurement Complaint Review Board* )**

**یەکەم–** بۆ مسۆگەرکردنی ڕەخساندنی پێداچوونەوەی کارگێڕیی سەربەخۆ بۆ سکالاَی پێشکەشکارانی تەندەر بەپێی ماددەی (66)ی ئەم ڕێنماییە، ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی پێداچوونەوەی سکالاَکانی گرێبەستکردن (ئەنجومەنی پێداچوونەوە) پێکدەهێنێت. ئەنجومەنیش جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەڕێگەیەکی سەربەخۆ لەئەستۆ دەگرێت.

**دووەم–** ئەندامانی ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆ ماوەی (دوو ساڵ) دەستنیشان دەکرێن، و دەکرێت دووبارە بۆ دوو ساڵی دیکەی سەرباری لە دوای یەك دەستنیشان بکرێنەوە.

**سێیەم–** أ. ئەندامێتی ئەنجومەنی پێداچوونەوە پێکدێت لە:

1. پێنج ئەندام کە ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانیان دەکات لە نێوان ئەو کەسانەی ئەم لایەنانەی خوارەوە کاندیدیان دەکەن:

أ) سەندیکای/ یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان.

ب) سەندیکای پارێزەران.

جـ) کۆمەڵەی زانستیی ژمێرکارانی یاسایی.

د) یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان.

هـ) یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان.

2. دوو ئەندام کە ئەنجومەنی وەزیران دەسنیشانیان دەکات لە نێوان ئەو کەسانەی ئەم لایەنانەی خوارەوە کاندیدیان دەکەن:

أ) ڕێکخراوە ناحکومییەکان/ کۆمەڵە مەدەنییەکان کە لەگەڵ پرسەکانی حەوکەمە یان بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی مامەڵە دەکەن.

ب) ڕێکخراوە ناحکومییەکان/ کۆمەڵە مەدەنییەکان کە لەگەڵ پرسەکانی گەشەپێدانی بەردەوام مامەڵە دەکەن.

3. سێ ئەندامی دیکە کە ئەنجومەنی وەزیران لە فەرمانبەرانی حکومەت لەوانەی خاوەن شارەزایین لە بواری گرێبەستکردن، دەسنیشانیان دەکات.

4. سەرۆکێك کە ئەنجومەنی وەزیران لەنێوان ئەو کەسانەی بەپێی بڕگەی (أ/3) دەسنیشانکراون، دەسنیشانی دەکات.

ب. هەر ڕێکخراوێك لەو ڕێکخراوانەی لە هەردوو بڕگەی (1) و (2)دا هاتوون سیڤی (CV) دوو کاندید پێشکەش دەکەن.

جـ. بەڕێوەبەری گرێبەستکردنە گشتییەکان لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی سکرتێرێك کاندید دەکات بۆ ئەنجومەنی پێداچوونەوە.

**چوارەم**– بۆ ئەندامان و سکرتێری ئەنجومەنی پێداچوونەوە دەرماڵە خەرج دەکرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکات.

# دەروازەی پێنجەم

# بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی گرێبەستەکان

# *CONTRACT ADMINISTRATION AND IMPLEMENTATION*

## ماددەی – 72 – دارشتنی گرێبەست (*Drafting the contract*)

**یەکەم–** أ. دارشتنەکانی گرێبەستەکان لە لایەن پێکهاتەکانی گرێبەستکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە یاسایی و دارایی و تەکنیکی و لایەنە سوودمەندەکان ئامادە دەکرێت، بەو مەرجەی ئەم گرێبەستانە حوکمەکانی هاتوو لە مەرجەکان و دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان بانگهێشتکردن بۆ کەمکردنەوە لەخۆ بگرێت سەرباری هەر مەرجێکی دیکە کە هەردوو لایەن لەسەری ڕێکدەکەون بەو شێوەیەی سەلامەتیی جێبەجێکردن مسۆگەر دەکات، بەجۆرێك ئەم مەرجە سەربارکراوانە (ئەگەر هەبێت) کرۆکی کەمکردنەوەکە نەگۆڕێت.

ب. ئەو مەرجە گشتییانەی گرێبەستەکان کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دەردەکرێت بەکار دەهێندرێن لە هەر شوێنێك پیادە بکرێت. پێویستە دۆکیومێنتەکانی گرێبەست هەر مەرجێکی دیکەی تایبەت بە گرێبەستکردن لەسەر کاڵا یان کار یان خزمەتگوزاریی ناراوێژکاریی یان خزمەتگوزاریی راوێژکاریی وێرای مەرجە گشتییەکان لەخۆ بگرێت.

**دووەم–** پێویستە گرێبەستەکان دەقێك لەخۆ بگرن بۆ وەرگرتنی قەرزە حکومییەکان بەپێی یاسای وەرگرتنی قەرزە حکومییەکانی ژمارە (56)ی ساڵی 1977و هەموارەکانی.

**سێیەم–** پێویستە گرێبەستەکان ناوو ناونیشانی هەردوو لایەنی راسپێردراو بە واژووکردنی گرێبەست و دۆکیومێنتەکانی راسپاردنی پەیڕەوکراو بەگوێرەی ئەو ڕێکارانەی کارپێکراون، لەخۆ بگرێت، بەو مەرجەی لەکاتی گرێبەستکردندا بەرکاربن و بەر لە واژووکردنی گرێبەست بە ماوەیەك لە (6) شەش مانگ زیاتر نەبێت دەرکرابن.

**چوارەم–** ڕێکەوتی دەستپێکردنی ماوەی گرێبەست بەرێگەیەك دیار دەکرێت کە بارودۆخ و ئەو مەرجانەی کارپێکراون لەبەرچاو بگرێت، لە نێوانیشیاندا کاتی واژووکردنی گرێبەست و بوونی دۆکیومێنتە داواکراوەکان و هەژمارکردنی رۆژەکانی کارکردن و کاتی رادەستکردنی پێگەو کردنەوەی نووسراوەکانی متمانەپێدان و ئەو کاتەی پێویستی پێیەتی، و بەرپرسێتی گرێبەستکار بۆ پلاندانان و ئامادەکردنی خشتەی زەمەنی و پێویستی ڕێگەدان بە دیارکردنی ڕێکەوتی دەستپێکردن بۆ هەر حاڵەتێك بەتەنها.

**پێنجەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن لەگەڵ تەواوکردنی رێکارەکانی واژووکردنی گرێبەست، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەزگای ناوەندیی ئامارو فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و دەستەی گشتیی باجەکان، ئاگادار بکەنەوە لە ناوی گرێبەستکارو ناونیشان و رەگەزنامەو گوژمەی گرێبەست و ماوەکەی.

**شەشەم–** پێویستە گرێبەست ئەو یاسایەی ئەرکە پیادە بکرێت لەسەر حوکمەکانی گرێبەستەکانی نێوان دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن لە لایەك و گرێبەستکارە عێراقی و ناعێراقییەکان لە لایەکی دیکە دیار بکات، وە گرێبەستەکە ئەمە روون بکاتەوە کە یاساو رێنماییە بەرکارەکان لە هەرێم ئەرکە پیادە بکرێن. دادگاکانی هەرێم و لایەنە دادگەرییە تایبەتمەندەکان دەروانننە یەکلایی کردنەوەی چارەسەری ناکۆکییەکان.

## ماددەی- 73 - گرێبەستکردن لەگەڵ گرێبەستکاری لاوەکی و دەستبەرداربوون

## *Subcontracting and assignment*

**یەکەم–** گرێبەستکار بۆی هەیە چەند بەشێك لە کارەکانی گرێبەست سپاردن بکات بۆ گرێبەستکاری لاوەکی بە رەزامەندی نووسراوی پێشوەختەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، بەو جۆرەی لە رێژەی (30٪)ی بەهای گرێبەست یان هەر رێژەیەکی دیکەی دیارکراو لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە، تێپەڕ نەکات، بەو مەرجەی بەرپرسێتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکە هەر لە سەر گرێبەستکاری رەسەن بمێنێتەوە.

**دووەم–** گرێبەستکار لەگەڵ دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردنی گشتی بۆی نییە دەستبەرداری گرێبەست بێت بۆ لایەنەکی دیکە مەگەر لە حاڵەتی هەرە ناچاری بێت، و لە دوای وەدەستهێنانی رەزامەندی نووسراوی پێشوەختەی سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەو مەرجەی ئەو لایەنەی بۆی دەستبەردار بووە پێوەرەکانی شیاندن و مەرجە یاساییە پێویستەکان لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەی لێ بێتەدی و بەهەمان گوژمەی گرێبەستی لەسەر کراوە.

## ماددەی - 74 – خەرجکردنی پێشینە (*Payment*)

**یەکەم–** لەگەڵ رەچاوکردنی مەرجەکانی گرێبەست، پێویستە پێشینەکان لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی دۆکیومێنتی بنەمایی بۆ گرێبەستکار خەرج بکرێن. وە پێویستە ئەم دۆکیومێنتانە زانیاری دیارکراو لەم رێنماییە و مەرجەکانی گرێبەست لەخۆبگرن بۆ ئەوەی بە بنەمایی دابندرێن.

**دووەم**– دەسەڵاتی گرێبەستکار بۆی هەیە پێشەکییەك (دفعة مقدمة) لە شێوەی قەرزی بێسوو بۆ گرێبەستکار خەرج بکات بۆ مەبەستەکانی ئامادەسازی بۆ جێبەجێکردنی گرێبەست بەپێی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانەی هەرێم بەرامبەر بە نووسراوێکی گەرەنتی نامەرجدار لە گرێبەستکارەوە بەهەمان بڕە پارە و دراوی ئەو پێشەکییە، کە لە بانکێکی مۆڵەتدراو لە هەرێمی کوردستان یان یەکێك لە بانکە بیانییەکانەوە دەرکرابێت پشتبەست بە نووسراوێکی گەرەنتی دەرکراو لە یەکێك لە بانکە مۆڵەتدراوەکانی هەرێمی کوردستان. وە پێویستە لە گرێبەست دەق بکرێت لەسەر خشتەی زەمەنی وەرگرتنەوەی ئەو پێشەکییە.

**سێیەم**– أ. پێویستە گرێبەست خەرجکردنی پێشینە بە چەند قۆناغێك لەخۆ بگرێت بەپێی بەرێوەچوونی کارەکان لە جێبەجێکردنی گرێبەست. وە لەو کاتە خەرج دەکرێت کە گرێبەستکار داواکارییەکی پشتبەست بە دۆکیومێنت پێشکەش دەکات بەو شێوەیەی لە گرێبەست داواکراوە بۆ سەلماندنی ئەو بەجێگەیاندنەی دەستەبەر کراوە و قەبولکردنی ئەم دۆکیومێنتانە لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکارەوە.

ب. بارمتە (أمانات) بە ڕێژەی (10٪)ی هەر پێشینەی قۆناغێکی دیارکراو دەبڕدرێت تاوەکو جێبەجێکردنی گرێبەست تەواو دەبێت بەو مەرجەی کۆی گشتی لێبڕینە نەختینەییەکان لە (5٪)ی بەهای گرێبەستەکە تێپەر نەکات. وە نیوەی ئەو بارمتانە لە دوای وەرگرتنی سەرەتایی و نیوەی دیکەی لە دوای وەرگرتنی کۆتایی، دەگەڕێندرێتەوە. وە دەسەڵاتی گرێبەستکار بۆی هەیە داواکاریی دابینکار/ بەڵێندەر قەبول بکات بە گۆڕینەوەی نیوەی کۆتایی بارمتەکان بە گەرەنتییەکی بانکی هاوتایەوە.

جـ. پێشەکییەکانی ئەو کەرەستەو ئامێرانەی دابین دەکرێن بەپێی ئەو حوکمانەی تایبەتن بەم بابەتە لە مەرجە گشتییەکانی گرێبەست، خەرج دەکرێن.

**چوارەم**– أ. کردنەوەی نووسراوەکانی متمانەپێکردن (خطابات الاعتماد) بۆ داپۆشینی گرێبەستەکانی کڕینی دەرەکی بۆ دابینکردنی کەرەستەو خزمەتگوزارییەکان ملکەچ دەبن بۆ مەرجەکانی گرێبەست.

ب. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن، ئەگەر گرێبەست دەقی کردبێت لەسەر پێدانی پێشینە بە گرێبەستکار لە ڕێگەی نووسراوێکی متمانەپێکردن لەدوای دەرکردنی سپاردن و وەرگرتنی گەرەنتی باش جێبەجێکردن و واژووکردنی گرێبەست بەشێوەیەکی بنەمایی، ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ کردنەوەی نووسراوی متمانەپێکردنی بانکی کە قابیلی هەڵوەشاندنەوە نییە و ناجێگیرکراوە، یان نووسراوی متمانەپێکردنی بانکی خولاو (دوار) کە قابیلی هەڵوەشاندنەوە نییە و ناجێگیرکراوە، بەپێی ئەو مەرجانەی پەیوەندارن و لە گرێبەست دەقیان لەسەر کراوە و بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی دەربارەی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن بۆ نووسراوەکانی متمانەپێکردن، دەرکراون.

**پێنجەم**– لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەرجەکانی گرێبەست، دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن بۆیان هەیە، هەر کاتێك بەگونجاوی بزانن، لەگەڵ ئەو کەسانەی گرێبەستیان لەگەڵ کردوون ڕێکبکەون لەسەر پێدانی بەهای کەلوپەل و کەرەستە و بەرهەمە هاوردەکراوەکان بە دراوی لۆکاڵی لە جیاتی کردنەوەی متمانەپێکردنی بانکی (اعتماد بنكي).

## ماددەی - 75 – بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی رادەستکردن و پشکنین و لێوەرگرتن

**Administering delivery, inspection and receipt**

**یەکەم**– پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست گشت ئەو کاڵا یان خزمەتگوزاری یان کار یان پێداویستییانەی گرێبەستیان لەسەر کراوە بپشکنێت و وەریان بگرێت و جەخت بکاتەوە لە مەودای وەکیەکبوونی لەگەڵ ئەو پێداویستییانەی لە گرێبەست دیارکراون و بە زووترین کات کە لە توانادا بێت.

**دووەم**– گرێبەست پابەندبوونەکانی گرێبەستکار دیار دەکات لەوەی پەیوەستە بە پشکنین و تێستکردنی کوالیتی و مافەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست لە پشکنیندا، لە نێوانیشیاندا چاودێریکردن و وەرگرتنی راپۆرت دەربارەی گشت لایەنەکانی کاری گرێبەستکار.

**سێیەم**– گرێبەستکار پابەندە، لەسەر تێچووی تایبەتی خۆی، بە دانانی فەرمانبەر و دامەزراوە و شوێنی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکانی دەرخستنی ئاسایی لە ژێر ڕەفتاری دەسەڵاتی گرێبەستکار. وە گرێبەستکار و دەسەڵاتی گرێبەستکار تێچووەکانی ئامادەبوونی نوێنەرەکانیان بۆ پرۆسەی دەرخستن لە ئەستۆ دەگرن.

**چوارەم**– پێویستە لەسەر گرێبەستکار هەر کەموکورتییەك یان لێلادانێك هەبێت لە سەر تێچووی تایبەتی خۆی چارەسەریان بکات.

**پێنجەم**– پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار فەرمانی بەجێگەیاندنی کارەکان دەربکات پاڵپشت بە داواکاریی دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکار کە لە لایەن ئەندازیاری سەر پرۆژەکە (مقيم) پشتگیری کراوە لە دوای دڵنیابوون لەوەی کارەکان بۆ ئەو پلەیەی لە پێناوی دامەزراون تەواوبووینە و ئامادەیە بۆ بەکارهێنان. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی:

أ. راوەستان لە بەردەوامی بڕینی پێبژاردنەکانی دواکەوتن، ئەگەر هاتنەکایەوە.

ب. دەستپێکردنی بەرکاربوونی ماوەی چاککردنەوە بۆ کارە بەجێگەیاندراوەکان.

**شەشەم**– بڕوانامەکانی وەرگرتنی کارە بەجێگەیاندراوەکان

Acceptance / Hand-over Certificates of the completed works

أ. بڕوانامەی وەرگرتنی سەرەتایی:

پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار لە ماوەیەك کە لە (14) ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرکردنی فەرمانی بەجێگەیاندن تێپەر نەکات لیژنەی وەرگرتنی سەرەتایی پێکبهێنێت. ئەم لیژنەیەش هەڵدەستێت بە دەرخستنی ئەو کارانەی بەجێگەیاندراون و پشکنینیان و کۆنووسێك ئامادە دەکات تیایدا ڕێکەوتی کردارەکی (فعلي) بەجێگەیاندن لەگەڵ هەموو لێکەوتە گرێبەستکارییەکانی دەقکراو لە بڕگەی (پێنجەم/ أ و ب)ی ئەم ماددەیە، جێگیر دەکات.

ب. بڕوانامەی وەرگرتنی کۆتایی:

دەسەڵاتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست بڕوانامەی وەرگرتنی کۆتایی لە دوای ماوەیەکی کورت لە پاش کۆتاییهاتنی ماوەی چاککردنەوە و تەواوکردنی گرێبەستکار بۆ گشت کەموکورتییەکان، ئەگەر هەبێت، دەردەکات. دەسەڵاتی گرێبەستکاریش کارەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی وەردەگرێت.

## ماددەی – 76 – گەرەنتی کوالیتی جێبەجێکردنی گرێبەست

## Ensuring quality of contract performance

**یەکەم**– پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست گشت ئەو کار و کاڵا و خزمەتگوزارییانەی گرێبەستیان لەسەر کراوە چاودێریی و پشکنین و وەریان بگرێت، و دڵنیا بێتەوە لە وەکیەکبوونیان لەگەڵ ئەو خەسڵەتە تەکنیکی و مەرجە یاسایی و داراییانەی لە دۆکیومێنتی کەمکردنەوەو گرێبەست دیارکراون.

**دووەم**– پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست لیژنەیەك یان زیاتر پێکبهێنێت بۆ پشکنین و قەبولکردن بەگوێرەی سروشتی هەر پرۆسەیەکی گرێبەستکردن، ئەم لیژنەیە/لیژنانە ئەنجامدانی پشکنین و قەبولکردنی کارەکە بەپێی مەرجەکانی گرێبەست لە ئەستۆ دەگرێت، ئەم لیژنانەش بۆیان هەیە پشت بە کەسانی تەکنیکی و شارەزایان ببەستن ئەگەر پێویست بکات.

**سێیەم**– لەگەڵ ڕەچاوکردنی بوونی کادیری تەکنیکی پسپۆڕی داواکراو لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکارەوە، نابێت لیژنەکانی پشکنین و قەبولکردن ئەندامێتی ئەو کەسانە لەخۆ بگرێت کە پێشتر بەشداربووبن لە دارشتنی مەرجە تەکنیکییەکان و خەسڵەتەکان و دۆکیومێنتەکانی تەندەرەکانی دیکە یان شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن و ڕێکارەکانی سەرپەرشتیکردن، لەگەڵ ئەمەش، دەکرێت ئەو کەسانەی باسکراون یارمەتی لیژنە بدەن پالپشت بە ڕەزامەندی سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکار.

**چوارەم**– کۆنووسەکانی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دەرخستن و قەبولکردن لەسەر ئەو نموونەیەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوەو دەنووسرێتەوەو لە لایەن گشت ئەندامانی لیژنە واژوو دەکرێت. بڕیارەکانی دەرکراو لە لایەن لیژنەوە، دەربارەی جێبەجێکردنی گرێبەست بە شێوەیەکی دروست یان نا یاخود ڕەتکردنەوەی کالاَ دابینکراوەکان، کۆتایی و بنبڕ لە حاڵەتی ڕەزامەندیدانی سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکار یان لایەنی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست لەسەریان. هەر پارێزکارییەکیش لەهەر ئەندامێکی لیژنە هەبێت لەسەر ئەوەی لە کۆنووسەکاندا هاتوون دەنووسرێتەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی پاڵپشت بە واژووکردنی.

**پێنجەم**– پێویستە گرێبەستکار ئاگادار بکرێتەوە لەهەر خەوش یان لێلادانێك لە جێبەجێکردندا، ئەگەر هەبێت. وە پێویستە لەسەری لەسەر تێچووی تایبەتی خۆی لەو ماوەیەی لە ئاگادار کردنەوەکەدا دیارکراوە، چارەسەریان بکات، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی گرێبەستکار مافی هەیە خۆی ئەم کارە بکات لەسەر تێچووی گرێبەستکار.

**شەشەم**– لە حاڵەتی گرێبەستکردن بۆ دابینکردنی کالاَ، پێویستە لەسەر دەسەڵاتەکانی گرێبەستکار بەدواداچوونی پرۆسەی بارکردن بکەن و ئاگادارکردنەوەی فرۆشیار وەربگرن کە ووردەکارییەکانی بارکردنی شتومەکەکان ڕوون دەکاتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

أ. ئاسانکاری ڕێکارەکانی دەربازکردنی گومرگی بۆ ئامێر یان کەرەستەکان بە ئامانجی خێراکردنی گەیشتن بە کۆگاکان.

ب. خێراکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بە دەربازکردن و بارکردن لەناو چوارچێوە زەمەنییە دیارکراوەکان بۆ دوورخستنەوە لە دانی پێبژاردنی (رسوماتی زەمینی) لە بەرامبەر ماوەی دواکەوتنی وەرگرتنی شتومەکی گەیشتوو بە فرۆکەخانە یان گومرگ.

جـ. خێراکردنی ڕێکارەکانی بەتاڵکردنی دەریایی بەزووترین کات لە ناو چوارچێوە زەمەنییە دیارکراوەکانی بۆ بەتاڵکردنی کەشتییەکان بۆ دەربازبوون لە دانی پێبژاردنی دواکەوتن لە بەتاڵکردنی بارەکانیان.

**حەوتەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست، ئامێر و کەرەستەی ئاڵوگۆڕکردن لە کۆگایەکان برەخسێنێت بە مەبەستی تەواوکردنی ڕێکارەکانی بەتاڵکردن و وەرگرتنی سەرەتایی کەرەستە وەرگیراوەکان بەبێ دواکەوتن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جێگیرکردنی حاڵەتی ئەو شتومەکانەی وەرگیراون بۆ مەبەستەکانی گەرەنتیکردنی مافەکانی دڵنیایی (تأمین).

**هەشتەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی گرێبەست بەدواداچوون بکات بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی پشکنینی ئەندازەیی کەرەستە وەرگیراوەکان و دەرکردنی بەڵگەنامەی پشکنین و قەبولکردن لەو ماوەیەی لە گرێبەست دیارکراوە.

## ماددەی – 77 – یەکلاییکردنەوەی (تسویە) ناکۆکییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەست

## Settlement of disputes in contract implementation

**یەکەم–** پێویستە لە گرێبەستدا ئەو یاسایە دیار بکرێت کە لەسەر گرێبەستەکە پیادە دەکرێت، هەروەها شێوازی یەکلاییکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی لەوانەیە لە کاتی جێبەجێکردنی بێنە ئاراوە. وە لە حاڵەتی نەبوونی مەرجی ناوبژیکاریی (تحكيم)، پێویستە دادگای تایبەتمەند بە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی پەیوەست بە گرێبەستەکان دیار بکرێت.

**دووەم–** دەکرێت لە گرێبەست دەق بکرێت لەسەر هەندێك میکانیزم لەوانە ماوەیەکی ئارامکردنەوە بۆ دانوستان بەر لە پەنابردن بۆ ناوبژیوانیی یان دادگەریی بۆ بەخشینی پێشخستن بە چارەسەری ڕەزامەندکارانە لە ڕێگەی دانوستاندا. وە بۆ یارمەتیدانی لایەنەکانی گرێبەستکار لەسەر یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی دۆستانە، دەکرێت گرێبەست دەق بکات لەسەر هەڵبژاردنی لایەنێکی سێیەم بۆ یارمەتیدان لەسەر یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان بەشێوازی بەیەکگەیاندن (توفيق) و نێوەندگیریی، وێرای ئەو میکانیزمانەی پەیوەندارن کە هەڵبژاردنی شارەزا لەخۆ دەگرن بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان یان ئەنجومەنی نەهێشتنی ناکۆکییەکان و ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی لایەنی سێیەم.

**سێیەم–** هەردوولایەنی گرێبەست لە ناو گرێبەست یان لە ڕێککەوتنێکی جیادا بۆیان هەیە ڕێك بکەون لەسەر ڕەوانەکردنی ئەو ناکۆکیانەی لە جێبەجێکردنی گرێبەست دروستبوون بۆ ناوبژیوانیی. لەم جۆرە حاڵەتانەش پێویستە لە ڕێککەوتنەکە دەق بکرێت لەسەر چوارچێوەی دامەزراوەیی ناوبژیوانیی و ئەو ڕێسا ڕێکارییانەی حوکمی بەڕێوەچوونی ناوبژیوانیی و شوێنەکەی دەکەن.

**چوارەم–** ئەگەر گرێبەست مەرجی ناوبژیوانیی لەخۆ نەگرتبێت و رێککەوتن لەسەر متمانەپێدانی ناوبژیوانیی لە رێگەی بەستنی رێککەوتنێکی جیا، پێویستە بە نووسراو بێت و لە لایەن هەردوولا واژوو کرابێت. وە پێویستە لەسەر هەردوولایەنی گرێبەستکار درێژە بدەن بە پابەندبوونە گرێبەستکارییەکان پێیەوە.

**پێنجەم–** پێویستە کوردی یان عەرەبی زمانی ناوبژیوانیی بێت، مەگەر لە دۆکیومێنتی گرێبەست پێچەوانەی ئەمە دەق کرابێت.

**شەشەم–** دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان هەڵبژێرێت کاتێك گرێبەستکار بیانی دەبێت، بەو مەرجەی لە گرێبەست دەقی لەسەر بکرێت، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو میکانیزمە رێکارییەی لە گرێبەست لەسەری رێککەوتوون لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم رێگەیە، و یەکێك لە دەستەکانی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی متمانەپێدراو بۆ نەهێشتنی ناکۆکی دەستنیشان بکرێت.

## ماددەی – 78 – ماوەی گرێبەست و درێژکردنەوە (Contract term and extension)

لایەنەکانی گرێبەست لە کاتی درێژکردنەوەی گرێبەستەکان پابەند دەبن بە:

**یەکەم–** پێویستە لەسەر گرێبەستکار لەو ماوەیەی گرێبەستی لەسەر کراوە گرێبەستەکە جێبەجێ بکات، ئەو ماوەیەش لە رێکەوتی دەستبەکاربوون یان لە رێکەوتی واژووکردنی گرێبەست یان هەر رێکەوتێکی دیکەی دەقکراو لە مەرجەکانی گرێبەست، هەژمار دەکرێت. وە دەکرێت گرێبەست لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە درێژبکرێتەوە:

أ. ئەگەر بارودۆخی بەدەر لە کۆنترۆڵی گرێبەستکار بێتەپێش، یان لەبەر هەر زێدەبوون یان گۆڕانکارییەك لە جۆرە جیاوازەکانی کار یان بڕ یان جۆری ئەو کەرەستانەی داواکراوە دابین بکرێن بەشێوەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستەی لەسەری رێککەوتوون بەجۆرێك لەو ماوەیەی رێککەوتنی لەسەر کراوە بەپێی گرێبەستی رەسەن ناتواندرێت بەجێ بگەیندرێت.

ب. ئەگەر دواکەوتنی جێبەجێکردنی گرێبەست بگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك یان رێکارێکی سەر بە دەسەڵاتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی راسپێردراوی یان لەبەر هەر هۆیەك کە بگەڕێتەوە بۆ گرێبەستکاری دیکە کە دەسەڵاتی گرێبەستکار بەکاریان دەهێنێت.

جـ. ئەگەر لە دوای گرێبەستکردن بارودۆخی لەناکاو هاتەکایەوە کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت و لە کاتی گرێبەستکردندا پێشبینی نەدەکرا.

**دووەم–** پێویستە گرێبەست رێگەبدات بەو گرێبەستکارەی داوای جێگیرکردنی بارودۆخ دەکات (هەروەك ئەوەی لە بەندی "یەکەم"ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە) کە داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بکات بە دەسەلاٚتی گرێبەستکار یان هەر لایەنێکی دیکەی بەرپرس لە بەرێوەبردنی گرێبەست، دەربارەی سەرهەلّدانی بارودۆخی پەیوەندار لە ماوەیەك کە لە (30) رۆژ لە دوای پێزانینی گرێبەستکار پێیەوە یان پێویستبوونی پێزانینی پێی تێپەر نەکات، تیایدا تەواوی ووردەکارییەکانی پەیوەندار بە درێژکردنەوەی گرێبەست روون بکاتەوە. پێویستە لەسەر دەسەلاٚتی گرێبەستکار بڕوانێتە داواکارییەکەو یەکلایی بکاتەوە لە ماوەیەك لە (60) رۆژ لە گشت جۆرەکانی گرێبەست لە سەرەتای رێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە، تێپەر نەکات.

**سێیەم** – پێویستە هەر داواکارییەکی درێژکردنەوە کە لە دوای دەرچوونی فەرمانی بەجێگەیاندن پێشکەش دەکرێت، رەتبکرێتەوە.

## ماددەی - 79 – هەمواركردنی نرخەكان (*Price Adjustment* )

**یەکەم–** نرخی گرێبەست بە جێگیر دادەندرێت جگە لەو حالّەتەی تیایدا ماوەی جێبەجێکردن زیاتر لە (18) هەژدە مانگە، یان لە حالّەتی ناسەقامگیری نرخەکانی بازار بۆ پێکهاتە بنەڕەتییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەست، کە لەوانەیە گرێبەست رێگە بدات بە هەموارکردنی نرخ وەك وەلاٚمدانەوەیەك بۆ گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی ئابووریی یان بازرگانی، بەو مەرجەی ئەم بابەتە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەو گرێبەست دەقی لەسەر بکرێت.

**دووەم–** لەگەلّ رەچاوکردنی بوونی رەزامەندیدانی پێشوەختەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر گرێبەست دەق بکات لەسەر توانابوونی هەموارکردنی نرخەکان (بەپێی بەندی یەکەم)، ئەوا پێویستە مەرجی هەموارکردنی نرخی گرێبەست، کاتی ئەنجامدانی هەر هەموارکردنێکی نرخەکان، و ئەو بارودۆخانەی دەبنە پاساو بۆ هەموارکردنی نرخەکان وەك بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەی تێچووی کەرەستەو دەستی کارو ووزە، هەروەها ئەو هاوکێشەو ئاماژانەی دەکرێت لە رێگەیانەوە بڕی هەموارکردنی نرخەکان دیاربکرێت و هەر رێکارێکی دیکە کە پێویستە پەیڕەو بکرێت، لەخۆ بگرێت.

## ماددەی - 80 – هەمواركردنی گرێبەست و فەرمانەكانی گۆڕانكاری

## Procurement contract modifications and variation orders

**یەکەم–** ئەم مەرجانەی خوارەوە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەموارکردنی گرێبەستەکان پیادە دەکرێن:

أ. هەر هەموارکارییەك جگە لەوانەی لە بڕگەی (د) ئاماژەیان پێکراوە، کە پێویست بە ڕێککەوتنێکی دوولایەنە بکات لەسەر هەموارکردنی ئەو گرێبەستەی لە نێوان هەردوولایەن واژووکراوە.

ب. پێویستە هەموارکردنەکانی گرێبەست بە فەرمانەکانی گۆڕانکاریشەوە، نەبنە مایەی هەر گۆڕانکارییەك لەسەر سروشتی بنەڕەتی گرێبەست یان چوارچێوەکەی. و پێویستە هەموارکارییەکان نووسراو بن.

جـ. زێدەکردنی بەهای گرێبەست بە زیاتر لە (25٪) یان پێویستی بە ئەنجامدانی کەمکردنەوەیەکی نوێیە، یان دەبێتە پاساو بۆ گرێبەستکردن بەپێی شێوازی تاکە سەرچاوە بەپێی ماددەی (45)، ئەگەر گونجاو بێت.

د. بۆ مەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخە ناپێشبینیکراوەکان کە لەوانەیە لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەست سەرهەڵبدەن و بەدەر لەو ڕێسایەی لە بڕگەی (أ)دا هاتووە دەربارەی ملکەچبوونی هەموارکردنی گرێبەست بۆ ڕێککەوتنی هەردوولایەن، ئەوا سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکار یان ئەوەی رایدەسپێرێت بۆی هەیە فەرمانی گۆڕانکارییەك دەربکات کە داواکردن لە بەڵێندەر بە جێبەجێکردنی گۆڕانکاری تەکنیکی یان گۆڕانکاری لە بڕ یان کاتی رادەستکردنی ئەو کاڵا یان کار یان خزمەتگوزارییانەی گرێبەستیان لەسەرکراوە، لەخۆ بگرێت. وە پێویستە لەسەر گرێبەستکار پابەند بێت بە جێبەجێکردن.

هـ. پێویستە هەموارکردنەکانی گرێبەست و دەرکردنی فەرمانەکانی گۆڕانکاریی ملکەچ بن بۆ حوکمەکانی رێنمایی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانە، لەو کاتەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە هەموارکردنانەو فەرمانەکانی گۆڕانکاریی زیاتر ئابوورییانەیە لە دەستکردنی بە رێکارەکانی کەمکردنەوەیەکی نوێ.

و. هیچ هەموارکردنێك لەسەر گرێبەست و هیچ فەرمانێکی گۆڕانکاریی دەرناکرێت بەبێ مسۆگەرکردنی رەزامەندیی پێشوەختەی دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە، ئەویش لەبەر لێکەوتە داراییەکان و پێویستبوونی دابینکردنی تەرخانکردنەکان بۆ داپۆشینی تێچووەکانی هەموارکردنەکانی گرێبەست یان فەرمانەکانی گۆڕانکاریی، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو دەسەڵاتانەی بەخشراون.

ز. دەستناکرێت بە جێبەجێکردنی هیچ کارێکی سەربار یان هەموارکراو یان هەر هەموارکردنێك لەسەر گرێبەست یان هەر فەرمانێکی گۆڕانکاری مەگەر بەپێی ڕێککەوتنێکی نووسراوی واژووکراوی نێوان هەردوولایەن بێت یان پاڵپشت بە فەرمانێکی گۆڕانکاری کە دەسەڵاتی گرێبەستکار یان نوێنەرێکی بەپێی مەرجەکانی گرێبەست دەری دەکات. وە پێویستە ئەمەش وەسفکردنێکی پووختی کارەکان و خەسڵەت و بڕو نرخەکان و ماوەی سەربار (ئەگەر هەبێت) کە پێویست دەکات بۆ ماوەی گرێبەست زێدە بکرێت، لەخۆ بگرێت. لە حاڵەتی پێویستی نەبوون بە درێژکردنەوە ئەوا بە راشکاوی لە هەموارکردنی گرێبەست یان فەرمانەکانی گۆڕانکاری باس دەکرێت، بەو مەرجەی ئەم کارە ناکۆك نەبێت لەگەڵ مەرجەکانی کەمکردنەوە.

ح. پێویستە هەر هەموارکردنێکی سەر گرێبەست و فەرمانەکانی گۆڕانکاریی دۆکیومێنت بکرێن. ئەم دۆکیومێنتانەش دەخرێنەناو تۆمارو فایلی گرێبەستکردنی ئاماژەپێکراو لە ماددەی (18).

گ. دەکرێت گۆڕانکاری لەسەر بڕو تێچووی گرێبەستەکانی کار و دابینکردنی کالاو گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی راوێژکاریی و ناراوێژکاریی لە چوارچێوەی پرۆژەکانی بودجەی سالانەی متمانەپێدراودا لە کاتی پێویست بەبێ تێپەڕاندنی بەرزە ئاستی دیارکراو لە گرێبەست لەماوەی جێبەجێکردنیدا، ئەنجام بدرێن بەو مەرجەی گوژمەی تەرخانکراو لە بودجەی سالانەدا هەبێت بەو شێوەیەی لەگەڵ داواکارییەکانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەو گرێبەست گونجاو دەبێت.

**دووەم**- گشت نووسراوکارییەکانی (مراسلات) پەیوەست بە فەرمانەکانی گۆڕانکاریی و کارە سەربارەکان بە نوسراوکاریی بەپەلە دادەندرێن و دەبێت بخرێنە پێش نووسراوکارییەکانی دیکە. وە پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکار تێڕوانینی بۆ بکات لەو ماوەیەی لە ماددەی (78/دووەم) دەقی لەسەر کراوە.

**سێیەم**- لە حاڵەتی گرێبەستەکانی کار، نابێت پەنا ببرێتە بەر گۆڕینی ئەو کارانەی گرێبەستیان لەسەر کراوە یان سەربارکردنی کار یان بڕی نوێ تەنها لە حاڵەتی پێویستبوونی بە پاساوەوە نەبێت، لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی (بڕگەی یەکەم/گ ی ئەم ماددەیە). وە پێویستە گۆڕانکارییەکە لە تەسکترین چوارچێوەی لەتوانادابوو گۆشەگیر بکرێت و بەپێی مەرجە گشتییەکانی بەڵێندەرایەتییەکانی کار و مەرجەکانی گرێبەست و رێنماییە بەرکارەکان بێت، و لە کاتی هاتنەکایەی یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ. ئەگەر نەگۆڕین یان سەربارنەکردن ببێتە مایەی دواکەوتن لە بەجێگەیاندنی کارەکان یان زیانێکی گەورەیان لە لایەنی ئابووریی یان تەکنیکیەوە پێبگەینێت.

ب. ئەگەر نەگۆڕین یان سەربارنەکردن ببێتە هۆی نەبوونی توانای سوود وەرگرتن لە کار یان دابینکردنەکان لە کاتی بەجێگەیاندنیدا.

جـ. ئەگەر گۆڕین یان سەربارکردن نەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە خزمەتگوزاریی یان توانای بەرهەمهێنانی بڕیاردراو بۆ کارەکان یان پرۆژەکە.

د. ئەگەر گۆڕین ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی گرێبەست، بەو مەرجەی ئەمە نەبێتە هۆی نزمبوونەوەی خەسڵەتە تەکنیکییەکانی کارەکان یان پرۆژەکە.

**چوارەم**- پێویستە لەسەر دەسەلاتەکانی گرێبەستکردن ئەو هەموارکردن یان سەربارانەی پێویستە ئەنجام بدرێن لەسەر گرێبەست بەزووترین کاتی لەتوانادابوو دیار بکات و بە رێگەیەك کە کاریگەری نەبێت لەسەر بەڕێوەچوونی کار بەپێی ئەو بەرنامە زەمەنییەی متمانەی پێدراوە.

**پێنجەم–** کارە سەربارەکان و هەمواركردنەکان بەپێی حوكمەكانی مەرجە گشتییەكانی بەڵێندەرایەتیی كارەكان نرخیان بۆ دادەندرێت. وە لە حاڵەتی سەرباركردنی بڕگەی نوێ كە بڕگەی هاوشێوە یان نزیكیان نییە لە گرێبەست، ئەوا نرخەكانی باو لە بازاڕ بە بنەما پەیڕەو دەكرێن بۆ دانانی نرخ بۆیان و خەرجییە كارگێڕییەكان و قازانجەكانیشی بۆ سەربار دەكرێت، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ڕێنمایی جێبەجێكردنی بوودجەی ساڵانەی هەرێم.

## ماددەی – 81 – گەرەنتی باش جێبەجێكردن (Performance security)

**یەكەم–** پێویستە دۆكیومێنتەكانی كەمكردنەوە پێشكەشكردنی پێشكەشكاری تەندەری براوە بۆ نووسراوێكی گەرەنتی باش جێبەجێكردنی گرێبەست لەخۆ بگرێت كە تیایدا ناوی لایەنی سوودمەندو ناوی پرۆژە هەروەك لە دۆكیومێنتەكانی كەمكردنەوە دەقی لەسەر كراوە، جێگیر بكرێت.

**دووەم–** بەهای گەرەنتی پشت دەبەستێت بە جۆر و سروشت و قەبارەی گرێبەست. بەهای گەرەنتی باش جێبەجێكردنی سەرجەم گرێبەستەكان بە ڕێژەی (5٪) پێنج لەسەدای بەهای گرێبەست دیار دەكرێت جگە لە گرێبەستەكانی دابینكردن و بەستن (تركیب) كە نابێت بەهای گەرەنتی تیایدا لە ڕێژەی (10٪) دە لە سەدای بەهای گرێبەست تێپەڕ بكات، لەگەڵ ڕەچاوكردنی بڕگەی (پێنجەم)ی ماددەی (11). پێویستە گەرەنتی لە لایەن پێشكەشكاری تەندەری براوە لە دوای سپاردن و بەر لە واژووكردنی گرێبەست پێشكەش بكرێت، كە لە بانكێكی متمانەپێدراو لە هەرێم یان بانكێكی بیانی متمانەپێدراو لە لای بانكی ناوەندیی هەرێم دەركرابێت. گەرەنتی باش جێبەجێكردن دەستی لەسەر هەڵناگیرێت تەنها لە دوای دەركردنی بڕوانامەی وەرگرتنی كۆتایی و پاكتاوكردنی ژمێرە كۆتاییەكان، وە دەكرێت چەند بەشێكی بەهای گەرەنتی باش جێبەجێكردن بەگەڕێندرێنەوە لە دوای ڕادەستكردنی كۆتایی ئەم بەشانە و دەركردنی بڕوانامەی وەرگرتنی كۆتاییان بەو شێوەیەی پشتگیرییان دەكات كە شیاوی بەكارهێنانن.

**سێیەم–** دەسەڵاتی گرێبەستكردن بۆی هەیە بڕە پارەی گەرەنتی باش جێبەجێكردن زێدە یان كەم بكات بەپێی گۆڕینی بەهای گرێبەست.

## ماددەی – 82 – پێبژاردنی دواكەوتن (Delay penalties)

**یەكەم–** پێویستە گرێبەست دەق بكات لەسەر دانی پێبژاردنی دواكەوتن لە جێبەجێكردنی گرێبەست. دەسەڵاتی گرێبەستكار بڕی پێبژاردنی دواكەوتنی ڕۆژانەو بەرزترین ئاستی ئەم پێبژاردنە كە نابێت لە ڕێژەی

(10٪)ی دە لە سەدی بەهای گرێبەست تێپەڕ بکات، دیار دەکات. پێویستە بڕی پێبژاردنی ڕۆژانەو بەرزترین ئاستی پێبژاردن لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەو مەرجەکانی گرێبەست جێگیر بکرێت. و لێبڕینی پێبژاردنی دواکەوتن گرێبەستکار نابورێت لە بەرپرسێتیی جێبەجێکردنی گرێبەست بەشێوەیەکی تەواو.

**دووەم–** دەکرێت بڕەکانی پێبژاردنی دواکەوتن بەگوێرەی ڕێژەکانی بەجێگەیاندنی ئەو پابەندبوونە گرێبەستکارییانەی لە بەرنامەی زەمەنی جێبەجێکردنی گرێبەست دیارکراون، کەمبکرێنەوە. پێویستە کاری بەجێگەیاندراو یان کالأی دابینکراو یان خزمەتگوزاری داواکراو وەکیەك بێت لەگەڵ خەسڵەت و مەرجەکانی گرێبەست و ئامادەساز بێت بۆ بەکارهێنان بەگوێرەی ئەم مەرجانە.

**سێیەم–** میکانیزمی دیارکردنی بڕی پێبژاردنی دواکەوتنی ڕۆژانە:

ئەگەر پێچەوانەی ئەوە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان ئەو ڕێنماییانەی بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان دەریان دەکات وەك جێبەجێکردنێك بۆ حوکمەکانی ماددەی (70/سێیەم)، دەق نەکرابێت، ئەوا بڕی پێبژاردنەکانی دواکەوتن بۆ گشت جۆرەکانی گرێبەست بە بڕە پارەیەکی ڕۆژانەی بڕاوە دیار دەکرێت کە لە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوەو مەرجەکانی گرێبەست جێگیر دەکرێت.

## ماددەی - 83 – کۆتاییپێهێنانی گرێبەست بۆ بەرژەوەندیی گشتی

## Termination of contract in the public interest

**یەکەم–** دەکرێت گرێبەست دەق بکات لەسەر مافی دەسەڵاتی گرێبەستکار لە کۆتاییپێهێنانی گرێبەست بۆ بەرژەوەندیی گشتی. وە لەم حاڵەتە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار بەهای کاری بەجێگەیاندراو، و ئەو کەرەستانەی لە گرێبەستکار داواکراون، و ئەو خزمەتگوزاریی و کالأیانەی وەکیەکن لەگەڵ ئەو خەسڵەتانەی گرێبەستیان لەگەڵ کراوە، و تێچووی ماقوڵی لابردنی کەلوپەلەکان لە پێگە و گەڕاندنەوەی ئەو کرێکارە بیانییانەی لە دەرەوە بەتایبەت بۆ کارکردن لە پرۆژە هێنراون، و ئەو تێچووەی دووچاری گرێبەستکار هاتووە لە دابینکردنی کارو کالأکان، بدات. وە هیچ بڕە پارەیەك نادرێت بەرامبەر بە قازانجی بەدەستنەهاتووەوە. بەڵام دەسەڵاتی گرێبەستکار مافی نییە گرێبەست بەپێی ئەم بڕگەیە کۆتایی پێبهێنێت بۆ ئەوەی بەخۆی گرێبەستەکە جێبەجێ بکات یان ڕێککردنی جێبەجێکردنی لە لایەن بەڵێندەرێکی دیکەوە.

**دووەم–** سەرەڕای ئەو مەرجانەی لە بڕگەی (یەکەم) دەقیان لەسەر کراوە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەو کالأیانەی ئامادەن بۆ بارکردن لە ماوەی (7) حەوت ڕۆژ لەو ڕێکەوتەی تیایدا

گرێبەستکار ئاگاداری کۆتاییهێنانی گرێبەست بۆ بەرژەوەندیی گشتی وەردەگرێت، قەبول بکات و وەریان بگرێت. وە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار کاڵاکان بەپێی ئەو نرخ و مەرجانەی لە گرێبەستدا هاتوون قەبول بکات.

## ماددەی - 84 – سەرپێچیکردنی دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکار بۆ مەرجەکانی گرێبەست

***Breach of contract by the supplier / contractor/ consultant***

ئەگەر دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکار سەرپێچی هەر مەرجێکی گرێبەست بکەن، ئەوا پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەم رێکارانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

**یەکەم–** رەتکردنەوەی بەجێگەیاندنی خەوشدار (معیب).

**دووەم–** پابەندکردنی دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکار بە لابردنی دەسبەجێی کاڵا خەوشدارەکان یان بەجێگەیاندنە خەوشدارەکەو گۆڕینەوەیان.

**سێیەم:** سەپاندنی پێبژاردنی دواکەوتن لەکاتی تێپەڕینی ماوەی گرێبەست.

**چوارەم–** لێسەندنەوەی کارەکانی گرێبەست و تەواوکردنی جێبەجێکردنیان لەسەر تێچووی گرێبەستکاری پێشێلکار.

## ماددەی - 85 – لێسەندنەوەی کارەکانی گرێبەست و کۆتاییپێهێنانی

***Withdrawal and termination of contract***

**یەکەم–** پێویستە لە گرێبەست دەق بکرێت لەسەر ئەو بنەمایانەی دەکرێت لە رێیانەوە بەپێی حوکمەکانی کارەکانی گرێبەست لێیان بسەندرێتەوە یان کۆتاییان پێبهێنرێت. پێویستە ئەمەش ئەم بنەمایانە لەخۆ بگرێت:

أ. کۆتاییپێهێنان لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی، بەپێی ماددەی (83).

ب. کۆتاییپێهێنان بەهۆی هێزی زاڵکار (قوة قاهرة).

**دووەم–** پێویستە بنەماکانی لێسەندنەوەی کارەکانی گرێبەست ئەمانە لەخۆ بگرێت:

أ. لە لای دەسەڵاتی گرێبەستکارەوە لە ئەنجامی پێشێلکردنی دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکار بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی.

ب. لە حاڵەتەکانی نەداریی یان مایەپووچبوونی دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکار.

**سێیەم–** لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (84)، نابێت کارەکانی گرێبەست لێبسەندرێنەوە یان کۆتاییان پێبهێندرێت مەگەر گشت ئەو جێگرەوانەی لەتوانادان بۆ نەهێشتنی ناکۆکییە پەیوەندارەکە کۆتاییان هاتبێت، جگە لە حاڵەتی لێسەندنەوەی کارەکانی گرێبەست یان کۆتاییپێهێنانی وەك رێکارێکی دروست بەپێی گرێبەستەکە.

**چوارەم–** پێویستە بریاری کۆتاییپێهێنانی گرێبەست یان لێسەندنەوەی کارەکانی و جێبەجێکردنی لە سەر تێچووی دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژکار لە لایەن سەرۆکی دەسەلاتی گرێبەستکارەوە دەربکرێت. وە پێویستە گرێبەستکار ئەم بریارەی پێرابگەیندرێت لە رێگەی نووسراوێکی فەرمی لەسەر ئەو ناونیشانەی لە گرێبەست جێگیرکراوە بۆی دەنێردرێت. پێویستە گرێبەستەکە بە بەکارهێنانی یەکێك لە شێوازەکانی گرێبەستکردن بەپێی ئەم رێنماییە تەواو بکرێت.

**پێنجەم–** پێویستە لە گرێبەست دەق بکرێت لەسەر وەسفکردنی ئەو یەکلاکردنەوە دارایی و قەرەبووانەی لەوانەیە پشتیان پێببەسترێت لە حاڵەتی کۆتاییپێهێنانی گرێبەست بە پابەندبوونی دەسەلاتی گرێبەستکاریشەوە بە دانی برە پارەی هەر کار یان کالا یان خزمەتگوزارییەکی ئەنجامدراو بەشێوەیەکی پەسەندکراو.

## ماددەی - 86 – دەستبەسەرداگرتنی گەرەنتی باش جێبەجێکردن

***Performance Security Forfeiture***

لە کاتی لێسەندنەوەی کارەکانی گرێبەست و جێبەجێکردنی لەسەر تێچووی گرێبەستکار بەپێی مەرجەکانی گرێبەست و شێوازی گەرەنتی، دەسەلاتی گرێبەستکار دەست بەسەر گەرەنتی باش جێبەجێکردندا دەگرێت.

## ماددەی - 87 – پابەندبوون بە یاساو رێنماییەکان

***Compliance with laws and regulations***

**یەکەم–** پێویستە گشت یاسا و پێرەو و رێنماییە بەرکارەکانی پەیوەندار بە گرێبەستە گشتییەکان پیادە بکرێت.

**دووەم–** پێویستە پابەندبوون هەبێت بەو رێنماییە بەرکارانەی پەیوەستن بە ئامادەکردنی دۆکیومێنتەکانی ژمێرە کۆتاییەکانی پرۆژەکان.

**سێیەم–** دەسەڵاتەكانی گرێبەستكردن بۆیان نییە دەقێك بخەنە نێو گرێبەستەوە كە بەخشینی (إعفاء) گرێبەستكار، چ لۆكاڵی بێت یان بیانی، لە رسوماتی دارایی و باجەكان، لەخۆ بگرێت.

**چوارەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستكار دۆكیومێنتی ئەستۆپاكی (الإبراء) و دەستبەرداربوون (التنازل) لە گرێبەستكاران وەربگرێت كە پشتگیریكراو لە فەرمانبەری تایبەتمەند لە بەشە داراییەكان و سەرۆكی دەسەڵاتی گرێبەستكار لە كاتی پاكتاوكردنی ژمێرەكانیان لەو پرۆژانەی جێبەجێیان كردووە، وە پێویستە ئەم دۆكیومێنتە ئەوە بسەلمێنێت كە گرێبەست لەگەڵكراو سەرجەم شایستە داراییەكان و مافە یاساییەكانی بەرامبەر بە جێبەجێكردنی پرۆژەكە وەرگرتووەو مافی نییە داوای هیچ قەرەبووەك لە ئێستاو لە داهاتوودا بكات.

## ماددەی - 88 – رێنماییەكانی جێبەجێكردنی بودجەی ساڵانە

## Region Annual Budget Implementation Regulations

پێویستە لەسەر دەسەڵاتەكانی گرێبەستكردن پابەند بن بە رێنماییەكانی جێبەجێكردنی بودجەی ساڵانە لە هەرێم كە پەیوەستن بە بابەتی گرێبەستكردنە گشتییەكانی فەرمانگەكانی هەرێم و كەرتی گشتی و ئەو دەسەڵاتانەی راسپێردراون بە لایەنە پەیوەندارەكان لە كاتی جێبەجێكردنی ئەو پرۆژانەی تیایدا هاتوون.

## دەروازەی شەشەم

## ڕێساکانی ڕەوشت و ڕەفتار لە بواری گرێبەستکردنە گشتییەکان

## ETHICS AND CONDUCT STANDARDS IN PUBLIC PROCUREMENT

### ماددەی – 89 – ڕێسا پیشەییەکان و پابەندبوونە ڕەوشتکارییەکانی فەرمانبەرە حکومییەکان

### Professional and ethical obligations of public officials

**یەکەم–** پێویستە لەسەر ئەو فەرمانبەرە حکومییەی بەشدار دەبێت لە داواکردن و پلاندانان و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی گرێبەستکردنە گشتییەکان و بەڕێوەبەردنی جێبەجێکردنی گرێبەستەکان:

أ. ئەرکەکانی بەشێوەیەکی بێ لایەنانە بەجێ بگەیەنێت بۆ مسۆگەر کردنی گەیشتنی پێشکەشکارانی تەندەر بە کێبڕکێی دادپەروەرانە لە گرێبەستکردنە گشتییەکان وجێبەجێکردنی راست و دروستی گرێبەستەکان.

ب. هەمیشە بۆ بەرژەوەندیی گشتی و بە نیاز پاکی ڕەفتار بکات بەپێی ئەو ئامانج و ڕێکارانەی لەم ڕێنماییە دەقیان لەسەر کراوە.

جـ. خۆپاراستن لە پیادەکارییەکانی گەندەڵی یان فریودانەکیی یان زۆرەکیی یان ئاستەنگ دروستکردن و دژیەکی بەرژەوەندییەکان و سەرهەڵدانی دژیەکی بەرژەوەندییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، لە نێوانیشیاندا ڕاگەیاندنی دەسبەجێ لە کاتی بوونی هەر نیشانەیەك کە ئاماژە دەکات بە بوونی ئەگەری دژیەکی لە بەرژەوەندییەکاندا.

د. پارێزگاریکردن لە نهێنیی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستیدان و پەیوەست بە ڕێکارەکانی گرێبەستکردنە گشتییەکان و تەندەرەکان بەو زانیاریانەشەوە کە پەیوەستن بە خاوەنداریەتی پێشکەشکارانی تەندەر.

هـ. لە هیچ پێگەیەکی تایبەت کار نەکات کە پەیوەندی هەبێت بە مامەڵە فەرمییە پەیوەندارەکان بە گرێبەستکردنە گشتییەکان کە تیایدا بەشداربووە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دوای جێهێشتنی راژەی گشتی.

**دووەم–** ئەو چالاکیانەی پەیوەستن بەو گرێبەستکردنانەی فەرمانبەرە حکومییەکان لە جیاتی دەسەڵاتی گرێبەستکردن پیادەی دەکەن، کە ملکەچ دەبێت بۆ کۆتەکانی دژیەکی لە بەرژەوەندییەکان کە لە بڕگەی (یەکەم) ئاماژەیان پێکراوە، بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. پلاندانان بۆ گرێبەستکردن لە نێوانیشیاندا ئامادەکردن یان پێداچوونەوە یان ڕەزامەندیدان لەسەر دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان خەسڵەتەکان یان ڕوونکردنەوەی ووردەکاریی کار بۆ گرێبەستێکی دیارکراو.

ب. هەڵسەنگاندنی ئەو داواکراوانەی پێویستە لە پرۆسەی گرێبەستکردن بێنەدی.

جـ. ئامادەکردنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە لە نێوانیشیاندا خستنەناوەوەی بەشداریکردن لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن.

د. هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەرەکان یان ئۆفەرەکان یان ئۆفەری نرخەکانی مۆرکراو لە نێوانیشیاندا ئەندامێتی لە لیژنەکانی کردنەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی تەندەرەکان.

هـ. ئەنجامدانی گفتوگۆ تەکنیکییەکان یان داوسانەکان.

و. ڕاسپاردەکردن بە هەڵبژاردن یان ڕەزامەندیدان لەسەر هەڵبژاردنی پێشکەشکارانی تەندەر. و

ز. بەڕێوەبردنی گرێبەستەکان لە نێوانیشیاندا پارەپێدانەکان و یەکلاییکردنەوەی داواکارییەکان و ناکۆکییەکان.

## ماددەی - 90 – ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی دژیەکی بەرژەوەندییەکان

## Declaration and disclosure of conflicts of interest

**یەکەم–** فەرمانبەرە حکومییەکان لە هەر ئاستێك بن، بە ئەندامانی لیژنە جۆراوجۆرەکانی گرێبەستکردنیشەوە، پابەندن بە ئاشکراکردنی هەر/ و گشت جۆرەکانی دژیەکی لە بەرژەوەندییە کردارییەکان یان پێشبینیکراوەکان، و پێویستە هەر بەشداریکردنێك لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردنی کارتێکراو بەهەر دژیەکییەکی بەرژەوەندییەکان، ڕەت بکرێتەوە. وە هەر ڕاپۆرتێك یان داواکارییەکی ڕەتکردنەوە بەشێك دەبێت لە تۆماری ڕێکارەکانی گرێبەستکردن.

**دووەم–** پێویستە لەسەر گشت ئەندامانی لیژنەکانی گرێبەستکردن و فەرمانبەرە دامەزراوەکانی دیکە، بەر لە دەستکردن بە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەرەکان یان پیادەکاری هەر ڕێکارێك بۆ ڕەزامەندیدان یان پەسەندکردن یان هەر جموجۆڵێکی دیکەی پەیوەست بە گرێبەستکردن، بەڵێننامەیەك واژوو بکەن کە نەبوونی پەیوەندییەکی لەم جۆرانەی خوارەوە لەگەڵ گرێبەستکاران لەخۆ بگرێت:

أ. پەیوەندی هاوسەرگیری یان لەدایکبوون راستەوخۆ بێت یان هەر پەیوەندییەکی خێزانیی نزیك لەگەڵ پێشکەشکارێکی تەندەری بەشداربوو لە رێکارەکانی گرێبەستکردن یان لەگەڵ راوێژکارە یاساییەکەی یان لەگەڵ کادیرەکەی.

ب. پێشتر لەماوەی سێ ساڵی رابردوو کاری کردبێت بە سیفەتی فەرمانبەر یان بەڕێوەبەر لە لای پێشکەشکارێکی تەندەری بەشداربوو لە رێکارەکانی گرێبەستکردن یان بەرژەوەندییەکی دارایی بۆ گرێدراوە یان پەیوەندیی کاری هەیە لەگەڵ پێشکەشکاری تەندەر.

جـ. دانوستان دەکات یان رێککاری هەیە کە پەیوەستە بە وەزیفەیەکی چاوەڕوانکراو لەگەڵ پێشکەشکاری تەندەری بەشداربوو لە رێکارەکانی گرێبەستکردن.

**سێیەم–** پێویستە لەسەر هەر ئەندامی لیژنەیەکی گرێبەستکردن یان فەرمانبەری حکومی دیکەی بەرپرس لە هەر چالاکییەکی پەیوەست بە گرێبەستکردن، کاتێك دڵنیا دەبێت کە پەیوەندیی هەیە لەگەڵ یەکێك لە پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی لە بڕگەی (دووەم) ئاماژەیان پێکراوە، دەسبەجێ راپۆرتێك پێشکەش بە سەرۆکی لیژنە یان سەرۆکی راستەوخۆی بکات بە داواکاریی خۆلادان (تنحي) لە بەشداریکردن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن.

**چوارەم–** نابێت گرێبەست سپاردن بکرێت بۆ ئەو گرێبەستکارانەی خۆیان یان شارەزایەکانیان یان فەرمانبەرەکانیان یان بەڵێندەرە لاوەکییەکانیان یان راوێژکارەکانیان بەپێی بڕگەی (دووەم) پەیوەندییان هەیە لەگەڵ فەرمانبەرە پیشەییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان خاوەنکار یان لایەنی جێبەجێکار یان وەرگری بەشێك لە پارەدانی (تمویل) پرۆژەکە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدار دەبن لەو چالاکیانەی لە ماددەی (89/دووەم) دەقیان لەسەر کراوە.

## ماددەی – 91 – کۆتە وەزیفییەکان (*Employment restrictions* )

**یەکەم–** پێویستە فەرمانبەرە حکومییەکان لە هەر پلەیەك یان ئاستێك بن ئەوانەی لە بواری گرێبەستکردنە گشتییەکان کار دەکەن هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی کار یان وەزیفە، چ بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر یان لەگەڵ هەر لایەنێك لە گرێبەستێك لەگەڵ دەسەڵاتی گرێبەستکردن کە بە فەرمیی پێیەوە پەیوەستە، قەبول نەکەن.

**دووەم–** نابێت بۆ ئەو تاکەکەسانەی وەك فەرمانبەری گرێبەستکردن کاریان کردووە یان ئەوانەی هەندێك دەسەڵاتی دیکەی ئاماژەپێکراو لەم رێنماییەیان پیادە کردووە لەوەی پەیوەستە بە گرێبەستکردن:

أ. بەشداریکردن بەھەر شێوەیەك لە شێوەكان وەك فەرمانبەر یان بریکار یان نوێنەری دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژكار لە ھەر دانوستان یان گفتوگۆیەكی تەكنیكی كە ببێتە مایەی سپاردن یان ھەمواركردن یان درێژكردنەوەی گرێبەست.

ب. بەشداریکردن بەخودی خۆی لە جیاتی دابینکار/ بەڵێندەر/ راوێژكار لە جێبەجێكردنی ئەم جۆرە گرێبەستە.

**سێیەم–** ئەو كۆتكردنەی لە بڕگەی (دووەم) ئاماژەی پێكراوە بە درێژایی ماوەی رێكارەكانی گرێبەستكردن و گرێبەستەكان ھەروەھا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دوای جێھێشتنی وەزیفەی گشتی كامیان دواتر بێت، پیادە دەكرێت.

## ماددەی - 92 - پابەندییە پیشەیی و رەوشتییەكانی دابینكاران/ بەڵێندەران/ راوێژكاران

## Professional and ethical obligations of suppliers (contractors, consultants)

**یەكەم–** پێویستە لەسەر دابینكاران/ بەڵێندەران/ راوێژكاران پابەندبن لە گشت كاتەكان بە پابەندبوونییەكانیان بەپێی ئەم رێنماییەو گرێبەستەكان و رێكاری دیكەی كارپێكراو دەربارەی ئەو رەفتارو چالاكیانەی پەیوەندارن بە گرێبەستكردنەوە.

**دووەم–** پێویستە لەسەر دابینكاران/ بەڵێندەران/ راوێژكاران بەشداری نەكەن لە ھیچ پیادەكارییەكی سەرپێچیكار بۆ حوكمەكانی ئەم رێنماییە یان ھاندان (تحريض) لەسەریان، لە نێوانیشیاندا پیادەكاریی گەندەڵ و فریودانەكیی و پیادەكاریی زۆرەكیی و دەستێكەڵكردن و ئاستەنگ دروستكردن و خۆیان دوور بگرن لە دژیەكی بەرژەوەندییەكان.

**سێیەم–** بە مەبەستی روونكردنەوەی بڕگەی (دووەم)، دژیەكی بەرژەوەندییەكان ئەم مانایەی خوارەوەی ھەیە:

أ. ئەگەر ھەر پێشكەشكارێكی تەندەر وەك لایەنێكی (ھاوبەشێكی) سەرەكی بەشداری بكات زیاتر لە یەك تەندەر/داواكاری.

ب. ئەگەر زیاتر لە پێشكەشكارێكی تەندەر ھەمان نوێنەری یاسایی ھەبێت بۆ مەبەستی كەمكردنەوە یان شیاندنی پێشوەختە.

جـ. ئەگەر یەك پێشكەشكاری تەندەر بە زیاتر لە یەك تەندەر لە ھەمان كەمكردنەوە بەشداری بكات، پێویستە گشت ئەو تەندەرانەی بەشداری پێیان كردووە بە نەشیاو دابنرێن، وە دەكرێت بۆ ئەو پێشكەشكارەی

تەندەر کە وەك گرێبەستکاری لاوەکی بەشداری دەکات، بەشداری بکات لە زیاتر لە یەك تەندەر بەڵام وەك گرێبەستکارێکی لاوەکی.

د. ئەگەر پێشکەشکاری تەندەر/ پێشکەشکاری داواکاری وەك راوێژکار بەشدار بێت لە ئامادەکردنی دیزاین یان خەسڵەتی تەکنیکی بۆ ئەو کار یان کاڵاًیانەی بابەتی کەمکردنەوە یان شیاندنی پێشوەختەن.

**چوارەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن تەندەرەکە رەت بکاتەوە ئەگەر پێشکەشکارەکەی هەر پیادەکارییەك لەوانەی لە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێکراوە، ئەنجام بدات. وە لەگەڵ وەرگرتنی بڕیاری رەتکردنەوە پێشکەشکاری تەندەر ئاگادار بکاتەوە، و رێکاری پێویست دژی بگرێتەبەر، و لایەنە پەیوەندارەکان لەبارەی ئەم رەتکردنەوەیە ئاگادار بکاتەوە لە نێوانیشیاندا بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان.

**پێنجەم–** پێویستە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە و گرێبەست جەخت بکەنەوە لەسەر قەدەغەکردنی پیادەکارییە گەندەڵەکان یان فریودانەکییەکان یان دەستتێکەڵکردن یان پیادەکارییە زۆرەکییەکان و ئاستەنگ دروستکردن، هەروەها چالاکییە قەدەغەکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم رێنماییە پێدانی بڕە پارە یان هەر شتێکی دیکە کە بەهای کەسێتی یان دارایی هەبێت بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بە هەر کەسێك، لەخۆ دەگرێت، لە نێوانیشیاندا بەرپرسە حکومییە پێشووەکان، بۆ مەبەستەکانی کاریگەری خستنەسەر بەشێوەیەکی ناڕەوا لەسەر رێکارەکانی گرێبەستکردن.

**شەشەم–** پێویستە دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە داوا لە پێشکەشکارانی تەندەر بکات کە هەر رێککارییەکی دارایی وەك یەدەگ بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی گرێبەست لەسەری پێکهاتوون، بدرکێنن.

**حەوتەم–** ئەو پێشکەشکارانەی تەندەرو گرێبەستکارانەی دەستیان تێکەڵ دەبێت لە پیادەکارییەکانی فریودان و گەندەڵی و دەستتێکەڵکردن یان پیادەکارییەکانی زۆرەکیی یان ئاستەنگ دروستکردن لەوەی پەیوەستە بە گرێبەستکردن ملکەچ دەبن بۆ دادگایی کردن بەپێی یاسا بەرکارەکان.

## ماددەی – 93 – خۆدوورگرتن لە دژیەکی بەرژەوەندییەکان لە گرێبەستەکانی خزمەتگوزارییە راوێژکارییەکان

## Avoidance of conflicts of interest in consultancy services

**یەکەم–** پێویستە لەسەر راوێژکاران راوێژی پیشەیی و بابەتی و بێ لایەنیی لە گشت کاتەکان پێشکەش بکەن، و بە پلەی یەکەم رەچاوی بەرژەوەندییەکانی خاوەنکار بکەن بەبێ هیچ لەبەرچاوگرتنێك بۆ ئەگەری

دەرفەتی کار لە داهاتوودا، و خۆدوورگرتن لە دژیەکی لەگەڵ ئەرکی دیکە یان بەرژەوەندیی کۆمپانیای تایبەت.

**دووەم–** نابێت گرێبەست بکرێت لەگەڵ راوێژکاران (لە نێوانیشیاندا فەرمانبەرەکانیان یان راوێژکارە لاوەکییەکانیان یان بەڵێندەرە لاوەکییەکانیان) بۆ هەر ئەرکێك کە بە سروشتەکەی ناکۆك بێت لەگەڵ پابەندبوونەکانی پێشوویان یان هەنووکەییان بۆ خاوەنکاری دیکە، یان ئەوەی دەیانخاتە هەڵوێستی کەسانی بێتوانا لەسەر جێبەجێکردنی ئەرك بەتەواوترین شێوە بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، و بۆ نموونە، نابێت گرێبەستکارە راوێژکارەکان بۆ ئامادەکردنی دیزاینی ئەندازەیی پرۆژەیەکی ژێرخانیی بەشداری بکەن لە ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی سەربەخۆ بۆ هەمان پرۆژە، وە ئەو راوێژکارانەی یارمەتی پێشکەش بە خاوەنکار دەکەن لە بواری بەتایبەتکردنی هەبووەکان (خصصة الأصول) گشتییەکان بۆیان نییە بێنەپێش بۆ کرین یان پێشکەشکردنی راوێژ بۆ کڕیارانی ئەم هەبووانە (الأصول).

**سێیەم–** بەبێ هیچ کۆتێك لەسەر گشتگیریی ئەو حوکمانەی لە هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم) ئاماژەیان پێکراوە، نابێت لەگەڵ راوێژکاران لەم بارودۆخانەی خوارەوە گرێبەست بکرێت:

أ. نابێت گرێبەست بکرێت لەگەڵ راوێژکار یان هیچ لەو کۆمپانیایانەی سەر بە ئەون، کە لەگەڵ دەسەڵاتی گرێبەستکردن گرێبەستی کردووە بۆ دابینکردنی پێداویستی یان کار بۆ پرۆژەیەك، بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی راوێژکاری بۆ هەمان پرۆژە.

ب. بەپێچەوانەی بڕگەی (أ) نابێت گرێبەست بکرێت لەگەڵ راوێژکار یان هیچ لەو کۆمپانیایانەی سەر بە ئەون، کە گرێبەستی لەگەڵ کراوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی راوێژکاری بۆ ئامادەکردن یان جێبەجێکردنی پرۆژەیەك، بۆ دابینکردنی پێداویستی یان کار یان خزمەتگوزاریی پەیوەندار بە ئەرکی رەسەن لە کاتێکی دواتردا. ئەم حوکمەش پیادە ناکرێت لەسەر راوێژکاران یان بەڵێندەران یان دابینکاران ئەگەر پێکەوە یەکبگرن بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی گرێبەستکار لە گرێبەستەکانی رادەستکردنی کلیل یان دیزاین و بیناکردن.

## ماددەی – 94 – بێبەشکردن لە بەشداریی (*Debarment* )

بێبەشکردنی گرێبەستکار لە بەشداریکردن لە گرێبەستکردنە گشتییەکان بەپێی ئەو رێکارو بنەمایانە دەبێت کە لە سیستەمی پۆلینکردنی بەڵێندەرانی بەرکار لە هەرێم دیارکراون.

## ماددەی - 95 – هەڵوەشاندنەوەی ڕێنماییەکانی پێشوو (Cancellation of existing texts)

**یەکەم-** ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (1)ی ساڵی 2011 هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**دووەم-** ڕێنمایی شیاندنی پێشوەختەی ژمارە (2)ی ساڵی 2011 هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**سێیەم-** ڕێنمایی جێبەجێکردنی پرۆژەکان بەشێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 2013 هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**چوارەم-** هەر ڕێنماییەك یان دەقێکی دیکەی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ماددەکانی ئەم ڕێنماییە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

## ماددەی - 96 – پاشکۆ و دەرکردنی ڕێنوێنی و یاداشتنامەی ڕوونکەرەوە

**Issuance of instructions and explanatory notes**

**یەکەم-** أ- پاشکۆکان بەشێکی دانەبڕاون لەم ڕێنماییە.

ب- وەزیری پلاندانان ڕێکاری تایبەت بە گرێبەستکردنی هاوبەشی نێوان هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (Public-Private Partnership PPP) دەردەکات کە بەشێوەی پاشکۆ دەبێت و بەشێکی دانەبڕاو دەبێت لەم ڕێنماییە.

**دووەم-** وەزیری پلاندانان بۆی هەیە ڕێنوێنی و یاداشتنامەی ڕوونکەرەوە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە دەربکات.

## ماددەی - 97 – بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی (Entry into effect)

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە و لە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (150) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی، کاری پێدەکرێت.

**د. علی سندی**

**وەزیری پلاندانان**

# پاشكۆی (أ)

# بەرزە ئاستە نەختینەییەکان و ماوەی زەمەنی و بەها ژمارەییەکانی دیکە

Specification of Monetary Thresholds, Time Periods and other numerical values

| مادده | بابەت | بەهای ژمارەیی |
|---|---|---|
| 12، 23/سێیەم/د، 26/یەکەم، 50/دووەم | کەمترین ماوەی زەمەنیی پێشکەشکردنی تەندەر | 14 رۆژ |
| | کەمترین ماوەی زەمەنی پێشکەشکردنی گوزارشت لە گرنگپێدان | 14 رۆژ |
| | کەمترین ماوەی زەمەنی پێشکەشکردنی داواکاریی شیاندنی پێشوەختە | 21 رۆژ/ لۆکاڵی<br>28 رۆژ/ نێودەوڵەتی |
| 17/یەکەم و دووەم | روونکردنەوە بۆ داواکاریی روونکردنەوەی زانیاری | 7 رۆژ |
| 27/ سێیەم | بەرزە ئاستی مەزەندەکراویی بەکارهێنانی گرێبەستە بچووکەکان | بەهاکەی لە یەك ملیار دینار تێپەڕ ناکات |
| 34/نۆیەم | رێژەی پەراوێزی پێشخستنی لۆکاڵی | کالا: 7٪<br>کار: 5٪ |
| 40/سێیەم/أ | ماوەی ناوبڕی زەمەنی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بۆ کەمکردنەوەی سنووردار | 14 رۆژ |
| 40/سێیەم/ب | کەمترین ماوەی زەمەنی پێشکەشکردنی تەندەر لە کەمکردنەوەی سنووردار بەپێی ئەو بنەمایانەی لە ماددەی 39/ سێیەم دەقیان لەسەرکراوە | 7 رۆژ |
| 43 | بەرزە ئاستی نرخداری بەکارهێنانی شێوازای داواکاریی ئۆفەری نرخەکان | بەپێی رێنمایی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانە |

| | | |
|---|---|---|
| 45/دووەم و سێیەم | سنووری گرێبەستکردن بە شێوازی تاکە سەرچاوە بۆ کالایە سەربارەکان یان بۆ مەبەستەکانی یەکخستنی پێوانەیی | ٪25 |
| 50/دووەم | بەرزە ئاستی مەزەندەکراوی گرێبەستی خزمەتگوزارییە راوێژکارییەکان بۆ مەبەستی بلاوکردنەوەی ئاگاداری گوزارشتکرن لە گرنگیپێدان | 50 ملیۆن دینار |
| 51/یەکەم/ج | کەمترین ماوەی زەمەنی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان | 14 رۆژ/ لۆکاڵی<br>28 رۆژ/ نێودەوڵەتی |
| 56/یەکەم | بەرزە ئاستی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای لێهاتووییەکانی راوێژکار | 100 ملیۆنی دیناری عێراقی |

## پاشكۆی (ب)

## ناوەڕۆكی تۆماری ڕێكارەكانی گرێبەستكردن بەپێی ماددەی 18/سێیەم

Contents of record of procurement proceedings

in accordance with article 18-Third

**یەكەم–** وەسفكردنێكی كورت بۆ ئەو بڕگانەی داواكراون گرێبەستیان لەسەر بكرێت یان پێویستی گرێبەستكردن.

**دووەم–** ئاماژەكردن بەو ڕیزبەندییەی خراوەتە نێو پلانی ساڵانەی گرێبەستكردن كە بابەتی گرێبەستكردن پێكدەهێنێت.

**سێیەم–** ڕێكەوت و ماوەی بڵاوكردنەوەی بانگهێشتنامە بۆ پێشكەشكردنی تەندەر یان ئاگاداركردنەوەی پێشكەشكردنی داواكارییەكانی شیاندنی پێشوەختە یان گوزارشتكردن لە گرنگیپێدان بۆ خستنەناوەوەی لیستی كورتكراوەی ڕاوێژكاران.

**چوارەم–** ناوو وەزیفەی ئەندامانی لیژنە پەیوەندارەكان، و فەرمانبەرانی پێكهاتەكانی گرێبەستكردن ئەوانەی ڕێكارەكانی گرێبەستكردن ئەنجام دەدەن.

**پێنجەم–** بنەماو بارودۆخەكانی هەڵبژاردنی شێوازەكانی گرێبەستكرن، جگە لە شێوازی كەمكردنەوەی كراوە لە كاتی گرێبەستكردن لەسەر كاڵا یان كار یان خزمەتگوزارییە ناراوێژكارییەكان.

**شەشەم–** بنەماو بارودۆخەكانی هەڵبژاردنی شێوازەكانی دیكەی گرێبەستكردن، جگە لە شێوازی داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان لە كاتی گرێبەستكردن لەسەر خزمەتگوزارییە ناراوێژكارییەكان.

**حەوتەم–** لە حاڵەتی ئەنجامدانی ڕێككەوتنی چوارچێوە، ئۆفەری ئەو هۆكارو بارودۆخانەی متمانەیان پێكراوە بۆ پاساودانی بەكارهێنانی شێوازی ڕێككەوتنی چوارچێوەو جۆری ڕێككەوتنە دەستنیشانكراوەكە.

**هەشتەم–** نرخ یان بنەماكانی دیاركردنی نرخ و پووختەی حوكم و مەرجە سەرەكییەكانی دیكە بۆ هەر پرۆسەیەكی گرێبەستكردن.

**نۆیەم–** دیاركردنی ئەوەی كام لە پێشكەشكارانی تەندەر بەشداریكردنی ڕەت كردۆتەوەو هۆیەكانی ڕەتكردنەوەش.

**دەیەم**– بوونی زانیاری پەیوەست بە لێهاتووییەکانی پێشکەشکارانی تەندەر ئەوانەی داواکاریی شیاندنی پێشوەختەیان پێشکەشکردووە یان نا، لە حاڵەتی ئەنجامدانی شیاندنی پێشوەختە.

**یازدەم**– ناوو ناونیشانی ئەو بەشداربووانەی تەندەریان پێشکەش کردووەو ناوو ناونیشانی پێشکەشکاری ئەو تەندەرەی گرێبەستی لەگەڵدا کراوەو بەهاو ماوەی گرێبەستەکە.

**دوازدەم**– روونکردنەوەی ئەو برە پارانەی لە پێشکەشکارانی تەندەر وەرگیراون بۆ بەدەستهێنانی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە یان دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە.

**سێزدەم**– زانیاری دەربارەی پێڕاگەیاندن لەسەر دژیەکی بەرژەوەندییەکان، و داواکاریی ئەندامانی لیژنەی گرێبەستکردن یان کەسانی دیکەی بەرپرس بۆ خۆلادان (تنحي) لە بەشداریکردن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن.

**چواردەم**– پووختەیەکی هەر داواکارییەکی روونکردنەوە بۆ دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە، یان پێشکەشکردنی تەندەرو وەڵامدانەوەیان، هەروەها پووختەیەکی هەر هەموارکردنێکی ئەم دۆکیومێنتانە. وە پووختەیەکی ئەو پرسیارو روونکردنەوانەی ناو کۆبوونەوەی رێخۆشکار لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر، ئەگەر گرێدرێت.

**پازدەم**– رێکەوت و کاتی وەرگرتنی هەر تەندەرێکی دواکەوتوو.

**شازدەم**– پووختەی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی تەندەرەکان لە نێوانیشیاندا پەراوێزی هەر پێشخستنێکی لۆکاڵی وەك پیادەکردنێك بۆ ماددەی (34/نۆیەم).

**حەڤدەم**– روونکردنەوەی ووردەکاریی سیاسەتە بەردەوامکارییەکانی رێکارەکانی گرێبەستکردن و رێگەی پیادەکردنیان ئەگەر ئەم سیاسەتانە پەیڕەوکران.

**هەژدەم**– روونکردنەوەی ئەو هۆکارو بارودۆخانەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن پشتی پێبەستوون لە وەرگرتنی بڕیاری پیادەنەکردنی ماوەی راوەستان، ئەگەر پیادەی نەکات.

**نۆزدەم**– هۆیەکانی رەتکردنەوەی هەر تەندەرێك.

**بیستەم**– هۆیەکانی هەڵوەشاندنەوەی کەمکردنەوەو دووبارەکردنەوەی رێکارەکانی گرێبەستکردن.

**بیست و یەکەم**– روونکردنەوەی ئەو بارودۆخانەی دەوری سەرنەکەوتنی پێشکەشکارانی تەندەری براوەیان داوە لە واژووکردنی گرێبەست.

**بيست و دووەم**– پووختەی بابەتی سكالاّ، لە حالّەتی بوونی سكالاّ بەپێی ماددەی (63)، و هەنگاوە ڕێكارییە سەرەكییەكان لە چارەسەركردنی سكالاّو بڕیارە دەركراوەكان، و ئەو چارەسەرییانەی لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی پرۆسەی پێداچوونەوەی سكالاّ پیادە كراون. و ڕوونكردنەوەی هۆیەكانی پاشەكشەكردن، و مەرجەكانی هەر یەكلایی كردنەوەیەك ئەگەر لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی پرۆسەی پێداچوونەوە تەسویەكرابێت.

**بيست و سێيەم**– هەر زانيارييەك كە بەپێی حوكمەكانی ئەم ڕێنماييە داواكراوە تۆمار بكرێت.

# پاشکۆی (ج)

## خشتەی دیارکردنی نرخی فرۆشتنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە

Schedule of permissible fees for bidding Documents

| گۆژمەی تەرخانکراو بۆ گرێبەست (ملیۆن دیناری عێراقی) | بەرزترین ئاستی نرخی فرۆشتنی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە (هەزار دیناری عێراقی) |
|---|---|
| کەمتر لە 100 | 50 |
| زیاتر لە 100 تاوەکو 500 | 100 |
| زیاتر لە 500 تاوەکو 1,000 | 200 |
| زیاتر لە 1,000 تاوەکو 3,000 | 300 |
| زیاتر لە 3,000 تاوەکو 5,000 | 500 |
| زیاتر لە 5,000 تاوەکو 10,000 | 1,000 |
| زیاتر لە 10,000 تاوەکو 25,000 | 2,000 |
| زیاتر لە 25,000 تاوەکو 50,000 | 4,000 |
| زیاتر لە 50,000 تاوەکو 100,000 | 5,000 |
| زیاتر لە 100,000 | لە 5,000 تاوەکو 10,000 |

# پاشكۆی (د)

## ڕێكاری سەربار بۆ شێوازی جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆ

Additional procedures for the direct implementation method

**ماددەی ( 1 ):**

ئەو پێناسانەی لەم پاشكۆیە بەكارهاتوون بەم شێوەیەی خوارەوەن:

**1- دەسەڵاتی جێبەجێكار**: ئەو دەسەڵاتەیە كە پرۆژەكە خراوەتە بودجەی ساڵانەی لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەوەی لە ماددەی (2/یەكەم-ج)ی ئەم پاشكۆیەدا هاتووە.

**2- سوودمەند**: ئەو لایەنەی سوودمەند دەبێت لە پرۆژە لە كاتی بەجێگەیاندنی، و بەرپرس دەبێت لە جێبەجێكردنی بەشێكی چالاكییەكان هەروەك لەم ڕێنماییە ڕوونكراوەتەوە.

**3- لیژنەی جێبەجێكردنی پرۆژە**: ئەو لیژنەیەی دەسەڵاتەكانی گرێبەستكردن پێكیدەهێنن بۆ جێبەجێكردنی پرۆژە لە ڕێگەی جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆ بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی ( 2 ):**

**یەكەم**: مەرجەكانی خستنەناوی پرۆژە Project insertion conditions

**أ.** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێكار پرۆژە بخاتەناو پلانی ساڵانەو بودجەی وەبەرهێنانی ساڵانە، و ڕەوانەی وەزارەتی پلاندانانی بكات لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە تەكنیكیەی پێكهاتەكانی پرۆژەو كەرەستەو سەرچاوە مرۆییە بەردەستەكانی لای دەسەڵاتی جێبەجێكار، دەخاتەڕوو بە مەبەستی كەمكردنەوەی تێچووی پرۆژەو كەمكردنەوەی ماوەی جێبەجێكردن لەگەڵ گەرەنتی كوالیتی ئەو كارەی داواكراوە.

**ب.** دەسەڵاتی جێبەجێكار بۆی هەیە پێشنیاری جێبەجێكردنی هەندێك لە پرۆژەكانی بەشێوازی جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆ پێشكەش بە وەزارەتی پلاندانان بكات لەگەڵ بەڵگەنامە داواكراوەكان. وەزارەتی پلاندانانیش بڕیاری خۆی دەردەكات لەدوای دڵنیابوون لە بوونی پێداویستییەكانی جێبەجێكردنی پرۆژە بە شێوازی جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆ لەلای دەسەڵاتی جێبەجێكار بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**جـ.** سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێكار، بەپێی ڕێنمایی جێبەجێكردنی بودجەی ساڵانەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆی هەیە ئەم شێوازە بەكار بهێنێت بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكانی (نوێكردنەوە یان چاككردنەوە

یان فراوانکردن یان کاری لەناکاو) کە لە بودجەی سالانە تەمویلکراون، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووریی و وەزارەتی پلاندانان لەم بارەیەوە.

**د.** دەسەلاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە شێوازی جێبەجێکردنی راستەوخۆ بەکار بهێنێت لەدوای دڵنیایی بوون لە بێ کەڵکی جێبەجێکردنی پرۆژە بە شێوازی کەمکردنەوە (لە دوای جێبەجێکردنی رێکارەکانی کەمکردنەوە) یان لە رێگەی بەڵێندەری لاوەکی، یان پاڵپشت بە لێسەندنەوەی کارەکانی گرێبەست لە بەڵێندەر بەو مەرجەی کەرەستەو سەرچاوەی مرۆیی پێویست هەبێت وێڕای پابەندبوون بەوەی لە (بڕگەی سێیەم/ بەندی ب)ی ئەم پاشکۆیە هاتووە، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی وەزرەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووریی لەم بارەیەوە.

**هـ.** دەکرێت رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێت بۆ جێبەجێکردنی هەندێك پرۆژەی پەیوەست بە ئاسایش یان خاوەن مۆرکی نهێنی بە شێوازی جێبەجێکردنی راستەوخۆ لە لایەن دامەزراوە حکومییەکانەوە.

**دووەم**: لایەنە کارگێڕی و رێکخراوەییەکان Administrative and organizational aspects

**أ.** لیژنەی جێبەجێکردنی راستەوخۆ پاڵپشت بە فەرمانێکی وەزاریی یان فەرمانێکی کارگێڕی بەپێی پێڕەوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی، پێکدەهێندرێت.

**ب.** پێویستە لەسەر لایەنی سوودمەند سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەو بەدواداچوونی بکات بەپێی ئەوەی لە مەرج و خەسڵەتەکانی گرێبەستکردندا هاتووە.

**جـ.** پێویستە رێککەوتنێك لە نێوان دەسەلاتی جێبەجێکار یان نوێنەری راسپێردراویان و لیژنەی جێبەجێکردن بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژە ئەنجام بدرێت. رێککەوتنەکەش گشت زانیاری پەیوەست بە پرۆژە لەخۆ دەگرێت وێڕای خەسڵەت و دیزایین و نەخشەو خشتەی بڕەکان و مەرجەکان و ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەو تێچوو پاڵپشت بەو رەشنووسەی رێککەوتن کە دەسەلاتی جێبەجێکار ئامادەی دەکات.

**د.** پێویستە رێکارەکانی جێبەجێکردنی پرۆژە هاوشێوە بێت بۆ جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی دیکە لە رێگەی گرێبەستکردن لەگەڵ بەڵێندەرێك لە رووی بەجێگەیاندن و وەرگرتن و کاری جێبەجێکراوو ماوەی چاککردنەوە، هتد.

**سێیەم**: تێچووی پرۆژەو ماوەی جێبەجێکردن Project cost and period

أ. تێچووی پرۆژە دەخرێتە ناو بودجەی وەبەرهێنان جگە لەو پرۆژەو چالاکییە مەرجدارانەی لە (بڕگەی یەکەم/ج)ی ئەم ماددەیە هاتوون.

ب. پێویستە تێچووی ئەو پرۆژانەی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆوە جێبەجێ دەکرێن لە (350 ملیۆن) سێ سەدو پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ نەکات بۆ گشت دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن جگە لە وەزارەتەکانی (ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، شارەوانی و گەشتوگوزار، کارەبا)، و پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان، بەجۆرێك تێچووی پرۆژەی جێبەجێکراو لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆوە بۆ ئەم دەسەڵاتانەی باسکراون لە (1,000 ملیۆن) ملیار دیناری عێراقی تێپەڕ نەکات، جگە لەو پرۆژانەی لە بڕگەی (یەکەم/ج)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە.

جـ. دەکرێت بۆ گشت دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن جگە لە هەر سێ وەزارەتی (ئاوەدانکردنەوە نیشتەجێکردن، شارەوانی و گەشتوگوزار، کارەبا) داوا لە یەکێك لەم وەزارەتانە بکەن هەر یەکەو لە چوارچێوەی تایبەتکارییەکانی پرۆژەکە جێبەجێ بکات لەگەڵ تەحویلکردنی تەرخانکراوە داراییەکان بۆ ئەو پرۆژانەی تێچووی مەزەندەکراویان لە (350 ملیۆن) سێ سەدو پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ دەکات و لە یەك ملیار دیناری عێراقی تێپەڕ ناکات کە دەکرێت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆوە جێبەجێ بکرێت بەپێی ئەم ڕێنماییە.

د. دەسەڵاتی جێبەجێکار بۆی هەیە پاشەکەفتی تێچوو لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژە بە شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ بەکار بهێنێت لە جێبەجێبەجێکردنی پرۆژەو چالاکی دیکە بە پەیڕەوکردنی هەمان شێوازو لە ماوەی هەمانساڵی داراییدا، لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووریی و پلاندانان لەم بارەیەوە. وە پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووریی وەربگیرێت ئەگەر جێبەجێکردنەکە لە ماوەی ساڵی دارایی دواتر بێت لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی وەزارەتی پلاندانان.

هـ. پێویستە ڕێژەی یەدەگ بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانە بێت. وە نابێت لەم ڕێژەیە تێپەڕێندرێت تەنها لە دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە نەبێت.

و. پێویستە ڕێژەی سەرپەرشتیکردن و چاودێریی (3٪)ی گوژمەی تێچووی مەزەندەکراو بێت، و بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێت.

ز. ڕێژەی (20٪)ی گوژمەی تێچووی مەزەندەکراوی پرۆژە وەك پێشەکی بۆ لیژنەی جێبەجێکردن خەرج دەکرێت.

ح. پێویستە ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژە (180 رۆژ) سەدو هەشتا رۆژی رۆژمێریی بۆ ئەو پڕۆژانەی تێچوویان (350 ملیۆن) سێ سەدو پەنجا ملیۆن دیناری عێراقییە، و (300 رۆژ) سێ سەد رۆژی رۆژمێریی بۆ ئەو پڕۆژانەی تێچوویان لە (350 ملیۆن) سێ سەدو پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی زیاترە، تێپەڕ نەکات.

پشتبەشت بەو دەسەلاَتەی پێمان راسپێردراوەو پاڵپشت بەوەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (96)ی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016دا هاتووە، ئەمەی خوارەوەمان دەرکرد:

## پاشکۆی (هـ)

## ڕێکارە تەواوکارییەکانی گرێبەستکردن لەسەر بنەمای هاوبەشی لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا

Annex (e)

Supplemental Procedures for Procurement of Public-Private Partnership (PPP)

## بەشی یەکەم

## حوکمی گشتی

General Provisions

### ماددەی 1: مەبەست (Purpose)

مەبەست لەم پاشکۆیە بریتییە لە تەواوکردنی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016، بە حوکمی ووردەکاریی تایبەتکراو بە ڕێککەوتنەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا PPP، لە نێوانیشیاندا بوونی تواناى زێدەکردنی شێوازێکی گرێبەستکردن کە بگونجێت لەگەڵ ئەو پرنسیپانەی لە ماددەی (2)ی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان دەقیان لەسەر کراوە.

### ماددەی 2: پێناسە (Definitions)

**یەکەم- هاوبەشی نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت (هاوبەشی PPP) ( Public – Private Partnership - PPP)**: ئەو ڕێککردنە گرێبەستکارییانەیە لە نێوان دەسەلاَتی گرێبەستکردن لە لایەك

و قەوارەیەك لە کەرتی تایبەتدا لە لایەکی دیکە بە مەبەستی دابینکردنی بنەچەی گشتی و ژێرخان و/ یان خزمەتگوزاریی گشتی، بەجۆرێك ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێن:

أ. رەخساندنی ئەو وەبەرهێنان و/ یان بەڕێوەبردنەی کەرتی تایبەت بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیارکراو پێی هەڵدەستێت.

ب. دیارکردنێکی زۆر روون و ئاشکرا بۆ مەترسییەکانی نێوان کەرتی تایبەت و دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

ج. وە رەچاوکردنی ئەوەی ئایا دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەتەنها مافی هەیە ئەو کار یان خزمەتگوزارییانەی بابەتی گرێبەستن بەسوودیان بهێنێت (استغلال) یاخود نا. وە لە وانەیە رێککەوتنی هاوبەشی PPP دەق بکات لەسەر وەرگرتنی قەوارەی تایبەت بۆ پێشینەی پەیوەست بەبەجێگەیاندن کە شایستە دەبێت کاتێك پێوەری پێشوەختە دیاکراو و پێناسەکراو لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە دێنەدی.

**دووەم– ئۆفەری بانگهێشتنەکراو (Unsolicited Proposal)**: ئۆفەرێکی بانگهێشت نەکراو بۆ پرۆژەی هاوبەشی PPP کە لە لایەن قەوارەیەکی کەرتی تایبەتەوە بە دەستپێشخەری تایبەت بەخۆی پێشکەشکراوە نەوەك وەك وەڵامدانەوەیەکی داواکاریی دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە.

**سێیەم– ئۆفەری بەرایی بانگهێشتنەکراو (Initial unsolicited proposal)**: یەکەم دۆکیومێنتی پێشکەشکراو بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بە مەبەستی بەخشینی رەزامەندیی بەرایی.

**چوارەم– رەزامەندی بەرایی (Preliminary Approval)**: رەزامەندی بەخشراو لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە لەسەر بنەمای ئۆفەری بەرایی بانگهێشتنەکراو کە رێگە بە خاوەن ئۆفەر دەدات ئۆفەرێکی کۆتایی بانگهێشتنەکراو پێشکەش بکات.

**پێنجەم– ئۆفەری کۆتایی بانگهێشتنەکراو (Final Unsolicited Proposal)**: ئۆفەری بانگهێشتنەکراوی پێشکەشکراو لە لایەن خاوەن ئۆفەر لەدوای پێدانی رەزامەندی بەرایی.

**شەشەم– دانوستانی راستەوخۆ (Direct Negotiation)**: کاتێك دەسەڵاتی گرێبەستکردن گرێبەستی هاوبەشی PPP بەبێ بەکارهێنانی رێکارەکانی کێبڕکێکار سپاردن دەکات، ئەنجام دەدرێت.

**حەوتەم– یەکێتیی دارایی (Consortium)**: گردبوونەوەیەکی هاریکاریی دوو دامەزراوەیە یان زیاتر کە لەسەر بنەمای رێککەوتنێکی گرێبەستکاریی (رێککەوتنی یەکێتیی دارایی) یەکدەگرن بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرێك بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەشی PPP.

**هەشتەم– کۆمپانیای پرۆژە (Project Company)**: کۆمپانیایەکە بەپێی یاسا دادەمەزرێت بە مەبەستی چوونەناو گرێبەستێك بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەشی PPP.

**نۆیەم– هەڵبژاردنی بەرایی (Initial Selection)**: پرۆسەی رەخساندنی ئەو لیستە کورتکراوەیەی دەکەوێتە پێش بانگهێشتکردنی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان لەناو گرێبەستکردن بۆ رێککەوتنەکانی پرۆژەکانی هاوبەشی PPP بۆ تواناپێدانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن کە تەنها پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانەی بەرزترین هەڵسەنگاندنیان بەدەست هێناوە بانگهێشت بکات بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکانیان.

**دەیەم– باشترین و کۆتا ئۆفەر (Best and Final Offer - BAFO)**: ئەو رێکارەیە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێی هەڵدەستێت بۆ بانگهێشتکردنی خاوەن ئەو ئۆفەرانەی لەرووی بنەڕەتییەوە وەڵامدەرن بۆ پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەرەکانیان.

**یازدەم– رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان (Procurement Regulation)**: رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016و پاشکۆکانی.

## ماددەی 3: چوارچێوەی پیادەکردن (Scope of application)

هەڵبژاردنی پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان و سپاردنی گرێبەستەکانی هاوبەشی PPP بەپێی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016 و حوکمەکانی ئەم پاشکۆیە ئەنجام دەدرێت.

# بەشی دووەم

# پلاندانان و ئامادەسازیی بۆ گرێبەستکردنی هاوبەشی PPP

# Planning and preparation of PPP procurement

## ماددەی 4: پێداویستییە بنەڕەتییەکانی پێشوەختەی گرێبەستکردنی هاوبەشی PPP

## Prerequisites for PPP procurement

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن دڵنیا ببێتەوە لە هاتنەدی گشت داواکارییە پێویستەکان پێش دەستکردن بە رێکارەکانی گرێبەستکردنی هاوبەشی PPP بۆ دیارکردن و ئەنجامدانی پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی کەڵك و هەر هەڵسەنگاندنێکی پێویست بۆ کاریگەریی ژینگەیی و بەدەستهێنانی رەزامەندی وەزارەتی پلاندانان، بەپێی ئەو رێچکانەی پەیڕەوکراون لە خستنەناوەوەی ئەو پرۆژانەی دەسەڵاتەکانی

گرێبەستکردن پێشنیاریان دەکەن بۆ ناو بودجەی ساڵانەی وەبەرهێنان بۆ بەستنی ڕێککەوتنی هاوبەشی PPP بۆ پرۆژەکە.

**دووەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن زانیاری بەشێوازێکی لایەنگیر پێشکەش نەکات بەجۆرێك کە لەوانەیە هەندێك پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان پێشبخات بەسەر ئەوانی دیکە.

## ماددەی 5 : بەرپرسی پرۆژە ( Project officer )

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن کەسێك لەناوەوە یان لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتە دەستنیشان بکات کە زانینی پێشوەختەو شارەزایی پێویستی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی گرێبەستکردن بۆ پرۆژەی هاوبەشی PPP.

**دووەم–** ئەرکەکانی بەرپرسی پرۆژە، بەڕێوەبردنی جێبەجێکردنی پرۆژە لە ڕێگەی قۆناغەکانی پلاندانانی گرێبەستکردن و هێنانی (استدراج) ئۆفەرەکان و چاودێریکردنی باش جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەگرێتەوە.

**سێیەم–** وێرای بەرپرسی پرۆژە، دەکرێت پشت بە ڕاوێژکارێکی گرێبەستکردن ببەسترێت بۆ یارمەتیدانی تیمی گرێبەستکردن و دانوستان لە قۆناغی هێنانی ئۆفەرەکان. پێویستە ڕاوێژکارەکە شارەزایی هەبێت لە پرۆژەی هاوشێوە و لە گشت قۆناغەکانی پرۆژەی هاوبەشی PPP. ڕاوێژکارەکە لە ڕێگەی ڕێکاری کێبڕکێکار بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان دەستنیشان دەکرێت، تەنها ئەگەر ڕاوێژکارەکە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی فرە حکومەت بێت یان ئاژانسێکی بەخشەری دوولایەنە بێت.

## ماددەی 6 : دارشتنی خەسڵەتەکان ( Formulation of specifications )

پێویستە خەسڵەتە تەکنیکییەکانی پرۆژەی هاوبەشی PPP لەسەر بنەمای بەجێگەیاندن و/ یان دەرهاوێشتە پێویستەکان لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە دارشتنی بۆ بکرێت بەڕێگەیەکی بابەتییانە بۆ دەستەبەرکردنی بەرزترین ئاستی کێبڕکێکردن، و خۆدوورگرتن لە دروستکردنی ئاستەنگی ناپێویست لەبەردەم بەشداریکردنی پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن.

**ماددەی 7 : مەزەندەکردنی تێچوو ( Cost estimation )**

**یەکەم–** بۆ مەبەستەکانی مەزەندەکردنی تێچووی گرێبەستکردنی هاوبەشی PPP، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەو نموونە داراییانەی لە قۆناغی هەڵسەنگاندنی کەڵکی پرۆژە پەیڕەوکراون و نوێکراونەتەوە ڕەچاو بکات بۆ ئەوەی ببێتە ڕەنگدانەوەی ووردەکاریی سەرباری پرۆژەکە هەروەك لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکاندا دێت.

**دووەم–** بۆ مەبەستەکانی ئاسانکاری پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئۆفەر و دانوستان کە وادەکات دەسەڵاتی گرێبەستکردن باشترین بەها بەرامبەر بە دارایی گشتی دەستەبەر بکات، دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە پەنا بباتە بەر تێچووی بەکارهێنانی بژاردەی ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بە ژێرخان یان خزمەتگوزارییەوە ( The cost of utilizing the option of delivery of the infrastructure or service by the public sector) وەك سەرچاوەیەك بۆ بەراوردکردن.

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی گرێبەستکردنی هاوبەشی PPP

## PPP procurement Procedures

**ماددەی 8 : داواکارییەکانی ئۆفەر و ئەو مەرجانەی پێویستە لە ئۆفەرەکان بێنەدی**

**Solicitation of proposals and conditions required in proposals**

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن داوای ئۆفەرەکان لە پێشکەشکارانی ئۆفەری لێهاتوو بکات. وە دەکرێت ئەمەش مسۆگەر بکرێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی شیاندنی پێشوەختە بەپێی ماددەی (23)ی ڕێنمایی جیێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان یان لە ڕێگەی بانگهێشتکردن بۆ پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەی نیازبوون و ئینجا ئامادەکردنی لیستی هەڵبژاردنی بەرایی پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان ئەوانەی بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکانیان بانگهێشت دەکرێن.

**دووەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن، لە کاتی ئامادەبوونی لیستی هەڵبژاردنی بەرایی پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان، دڵنیا ببێتەوە لەوەی لیستەکە ژمارەیەکی پێویست لە پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان لەخۆ دەگرێت بۆ مسۆگەر کردنی کێبڕکێیەکی کارا بەو مەرجەی ژمارەی پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان لە سێ کەمتر نەبێت.

**سێیەم-** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بانگەواز بکات بۆ گرێبەستکردن بۆ پرۆژەی هاوبەشی بەو چۆنیەتییەی لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (22)ی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان دەقی لەسەر کراوە بەمەبەستی دانانی لیستی هەڵبژاردنی بەرایی پێشکەشکارانی ئۆفەرەکانی ئەوانەی داوای ئۆفەریان لێ دەکرێت. وە پێویستە بانگەوازەکە ئەم زانیارییانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

أ. ناوو ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

ب. وەسفکردنی ناوەڕۆکی پرۆژەی گرێبەستکردنەکە تا ئەو ئاستەی پێی ناسراوەو جۆری گرێبەستی هاوبەشییەکە PPP و [ Build-Operate-Transfer (BOT)، (DBO) Design-Build-Operate، و هی دیکە] و کات و شوێنی دیارکراو بۆ پێشکەشکردنی ئەم جۆرە ناوەڕۆکە.

جـ. ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دەستکەوتنی دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە، یان هەر دۆکیومێنتێکی پەیوەندار لە حاڵەتی پیادەکردنی لیستی هەڵبژاردنی بەرایی، کە زانیاری سەربارو ووردی زیاتر دەربارەی پرۆژەکە دەستەبەر دەکات.

د. ڕوونکردنەوەی ڕێکارەکانی گرێبەستکردنی پیادەکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم پاشکۆیە.

هـ. ئەو پێوەرو ڕێکارانەی پیادە دەکرێن بۆ دڵنیابوون لە لێهاتوویی پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان یان دانانی لیستی هەڵبژاردنی بەرایی، لە حاڵەتی پیادەکردنی، لەگەڵ گۆشەگیرکردنی (حصر) ژمارەی پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانەی بانگهێشتیان ئاراستە دەکرێت بۆ بەشداریکردن و دیارکردنی ئەو بڕوانامە و بەڵگەنامە و دۆکیومێنتانە و زانیاری دیکە کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بە پێویستی دەزانێت و پێویستە لەسەر پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان لەگەڵ ئۆفەرەکانیان هاوپێچی بکەن، بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان.

و. دیارکردنی ئامرازو دراوی پارەپێدان ئەگەر بڕیاردرا نرخی کڕینی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان وەربگیرێت.

ز. زمان یان ئەو زمانانەی داواکارییەکانی ئۆفەرەکان پێی نووسراونەتەوە.

ح. ڕێگەو شوێن و وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان.

گ. ڕوونکردنەوەیەك دەق بکات لەسەر داواکردنی ئۆفەرەکان تەنها لە پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانەی پێشوەختە شیاندنیان بۆکراوە، یان لە پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانەی تەنها لیستی هەڵبژاردنی بەرایی دەیانگرێتەوە، لە حاڵەتی پیادەکردنیدا.

**چوارەم-** پێویستە لەسەر پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانەی نیازیان هەیە بەشدار بن، ئەو پێوەرانەیان لیٚ بێتەدی کە دەسەلاٌتی گرێبەستکردن بە گونجاویان دەزانێت بۆ رێکارەکانی تایبەت بە گرێبەستکردن، بەشێوەیەکی پاساودارو بابەتییانە بە مەبەستی شیاندنی پێشوەختە یان خستنەنێو لیستی هەلٌبژاردنی بەرایی بۆ پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان لە حالٌەتی پیادەکردنی، هەروەك لە دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختە یان دۆکیومێنتەکانی هەلٌبژاردنی بەرایی روونکراونەتەوە. ئەم پێوەرانە کورت دەکرێنەوە سەر ئاماژەکانی پێوەرەکانی لێهاتوویی و شیاندن کە لە رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان دەقیان لەسەر کراوە، وە پێویستە وێرای پێوەرەکانی لێهاتوویی، ئەمانەی خوارەوەش بگرێتەوە:

أ. شیاوبوونەکانی پیشەیی و تەکنیکی تەواوو سەرچاوەی مرۆیی و کەلوپەل و پێداویستیی ماددی دیکەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی گشت قۆناغەکانی پرۆژەکە لە نێوانیشیاندا کارەکانی دیزاینکردن و بیناکردن و بەکارخستن و چاککردنەوە.

ب. توانای تەواو بۆ بەرێوەبردنی لایەنە داراییەکانی پرۆژەو توانای لەئەستۆگرتنی پێداویستییەکانی پارەدانی (تمویل).

ج. و توانای کارگێری و رێکخستنەکیی گونجاوو شیاوبوون و شارەزایی لە نێوانیشیاندا شارەزایی پێشوو لە ئیشپێکردنی شوێنی (مرافق) ژێرخانی هاوشێوە.

**پێنجەم-** گشت پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانەی پێوەرەکانی دەقکراو لە دۆکیومێنتەکانی شیاندنی پێشوەختەیان لیٚ هاتۆتەدی رێگەیان پێدەدرێت بۆ بەشداریکردن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن لە کاتی پیادەکردنی شێوازی شیاندنی پێشوەختە. وە لە کاتی پیادەکردنی شێوازی هەلٌبژاردنی بەرایی، پێویستە لەسەر دەسەلاٌتی گرێبەستکردن پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانە هەلٌبژێرێت کە باشترین هەلٌسەنگاندنیان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی رێکارەکانی گرێبەستکردن بیانگرێتەوە بە بەرزترین ئاستی دیارکراو لە دۆکیومێنتەکانی هەلٌبژاردنی پێشوەختە بەو مەرجەی ژمارەیان لە سیٚ کەمتر نەبێت.

## ماددەی 9 : بەشداریکردنی یەکێتییە داراییەکان ( Participation by consorita )

**یەکەم-**

أ. دەسەلاٌتی گرێبەستکردن بۆی هەیە رێگە بدات بە پێکهێنانی یەکێتییە داراییەکان بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر لە کاتی بانگهێشتکردنی پێشکەشکارانی ئۆفەر بۆ بەشداریکردنی لە رێکارەکانی گرێبەستکردن.

ب. پێویستە ئەو ئۆفەرانەی لە لایەن یەکێتییە داراییەکان پێشکەش دەکرێن هاوپێچ کرابن بەو بەڵگەنامەو دۆکیومێنتانەی تایبەتن بەو پێوەرو شیابوونانەی لە بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (8)ی ئەم پاشکۆیە دەقیان لەسەر کراوە، چ سەبارەت بە ئەندامانی یەکێتییە داراییەکە بێت یان سەبارەت بە خودی یەکێتییە داراییەکە لە هەمان کاتدا.

**دووەم–**

أ. هەر ئەندامێکی یەکێتییە داراییەکە پابەند دەبێت بەشێوەی هاوکاریی (تکافل) و پێکەوەیی (تضامن) بە پابەندییەکانی ئەو یەکێتییە داراییەی خستەڕووی پێشکەش کردووە.

ب. کاتێك دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە قۆناغی پێشکەوتوودا مامەڵە دەکات لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی پرۆژە کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێکدەهێنرێت، ، ئەوا ئەم کۆمپانیایە بەرپرس دەبێت لە هاتنەدی سەرجەم پێداویستییەکانی ڕێککەوتنی هاوبەشی.

**سێیەم–** هەر ئەندامێك لە ئەندامانی یەکێتییە داراییەکە بۆی هەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری بکات وەك ئەوەی کۆمپانیایەکی لاوەکی بێت، تەنها لە یەك یەکێتیی داراییدا بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرێك، نەوەك لە ئۆفەرێکی دیکە لە هەمان کاتدا. وە سەرپێچیکردنی ئەم ڕێسایە دەبێتە هۆی لێسەندنەوەی لێهاتوویی لە یەکێتییە داراییەکەو ئەندامەکانی، و ڕەتکردنەوەی گشت ئەو ئۆفەرانەی تێکهەڵکێش بوون (متداخلة) لە بەشداریکردن. بەڵام ئەمە ڕێگە ناگرێت لەوەی هەر کۆمپانیایەك گرێبەستکاری لاوەکی بێت لە زیاتر لە یەك ئۆفەر یان هەر ئەندامێکی یەکێتیی داراییی ئەندامێکی هاوبەش بێت لە زیاتر لە یەك ئۆفەردا.

**چوارەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن دڵنیابێتەوە لە تواناکانی هەر ئەندامێك لە ئەندامانی یەکێتییە داراییەکە لەکاتی تێڕوانین لە شیاوبوونەکانی ئەو یەکێتییە داراییانەی ئۆفەریان پێشکەش کردووە، و هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا شیاوبوونەکانی ئەندامەکان پێکەوە تەواوە بۆ هێنانەدی پێداویستییەکانی گشت قۆناغەکانی پرۆژەکە بەپێی داواکارییەکانی شیاندنی وەسفکراو لە بانگەوازدا.

**پێنجەم–** گۆڕینی ئەندامێك لە یەکێتیی داراییی، لەسەر داواکاریی خۆی چ لە قۆناغی کێبڕکێ بێت یان جێبەجێکردن، مەرجە بە ڕەزامەندیی پێشوەختەی دەسەڵاتی گرێبەستکار بێت. وە لە کاتی ڕەزامەندیدان پێویستە ئەندامە نوێیەکە بەلای کەم هەمان شیاوبوونەکانی ئەندامە گۆڕدراوەکەی هەبێت، بە پێچەوانەی، دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە لێهاتوویی لێ بسەنێت یان پێداچوونەوە بکات بە مەرجەکانی ڕێککەوتنی پرۆژەی گرێدراو لەگەڵ یەکێتیی داراییی.

**ماددەی 10 : داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان ( Request for proposals )**

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن داوای پێشکەشکردنی ئۆفەر بکات لە گشت ئەوانەی پێشوەختە شیاندنیان بۆ کراوە یان ئەوانەی لیستی هەڵبژاردنی بەرایی دەیانگرێتەوە، بەو مەرجەی پێشکەشکاری ئۆفەر پارەی کرێنەکە بدات، ئەگەر هەبێت. پێویستە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان بەلای کەم ئەم زانیارییانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

أ. ناوو ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

ب. وەسفکردنی بابەتی گرێبەستکردن لە نێوانیشیاندا ئاماژەکانی بەجێگەیاندنی تەکنیکی و رەگەزی دیکەو ئاستەکانی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێویستە لە ئۆفەرەکە بێنەدی، هەروەها ماوەی پێویست و پێگەی جێبەجێکردنی گرێبەست لە نێوانیشیاندا داواکارییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەربارەی رێسا پێوانەییەکانی سەلامەتیی و ئارامیی و پاراستنی ژینگە.

جـ. ئاستی ئەو پاڵپشتە داراییەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئامادەیە بیبەخشێت [گەرەنتی، پێشینەی زوودراو (ئەو پێشینانەی لە قۆناغە زووەکانی پەرەسەندنی پرۆژەی هاوبەشی و بەر لە بوونی هەبووەکان دەدرێت)]، و هی دیکە لەو شتانەی لە رێککەوتنی پرۆژە لەسەری رێکدەکەون.

د. رەشنووسی گرێبەستی هاوبەشی و ئاماژەکردن بەوەی ئەم رەشنووسە لەگەڵ گشت پێشکەشکارانی ئۆفەرە شیاوبووەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، و رەشنووسێکی کۆتایی بۆ گشت پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان بەر لە وادەی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان دەستەبەر دەکرێت لەگەڵ رەچاوکردنی ناوەڕۆکی بڕگەی لاوەکی (ی).

هـ. ئەو ئامرازانەی رێگەخۆش دەکەن بۆ پێشکەشکارانی ئۆفەر کە داوای روونکردنەوە بکەن لەسەر داواکاریی ئۆفەر بەپێی ئەو رێکارەی لە ماددەی (25)ی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان دەقی لەسەر کراوە، و روونکردنەوەی ئەوەی ئایا دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەنیازە کۆبوونەوەیەکی بەرایی بۆ پێشکەشکارانی ئۆفەر لەم قۆناغەدا ببەستێت.

و. هەر رەگەزێك لە رەگەزەکانی وەسفکردنی بابەتی گرێبەستکردن یان مەرجێك لە مەرجەکانی ئەو رێککەوتنەی پرۆژەیەی کە دانوستان لەکاتی رێکارەکانی نایگرێتەوە.

ز. رێنوێنی دەربارەی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان.

ح. پێوەری هەڵسەنگاندنی ئۆفەرەکان و کێشی ڕێژەیی پێوەرەکان و شێوازی پیادەکردنیان لە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ئۆفەرەکان بەپێی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (11)ی ئەم پاشکۆیە.

گ. دارشتنی داواکراوو هەر ڕێنماییەك لە نێوانیشیاندا هەر خشتەیەکی زەمەنی پەیوەندار کە پیادە دەکرێت سەبارەت بە ئۆفەرەکە، لە نێوانیشیاندا پێویست بوونی پێشکەشکردنی هەردوو ئۆفەری تەکنیکی و دارایی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە زەرفی مۆرکراودا.

ی. روونکردنەوەی توانابوونی ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ پێشکەشکارانی ئۆفەرە بەشداربووەکان ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەنیاز بێت دانوستان ئەنجام بدات.

ك. هەر داواکارییەکی دیکە کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بڕیاری لێدەدات و پەیوەستە بە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان و ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بەپێی حوکمەکانی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان.

**دووەم–** لەوانەیە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر چەند سنوورێك دیار بکات کە پەیوەندار دەبێت بە کوالیتی و لایەنی تەکنیکی و دارایی و بازرگانی، وە ئەو ئۆفەرانەی سەرکەوتوو نابن لە هێنانەدی ئەم سنوورانە بە وەڵامنەدەر دادەندرێن و لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن رەتدەکرێنەوەو دووردەخرێنەوە.

**سێیەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە نزیکترین دەرفەتدا وەڵامی هەر داواکارییەکی پێشکەشکراو لە هەر پێشکەشکارێکی ئۆفەرەکان بداتەوە بۆ بەدەستهێنانی روونکردنەوە دەربارەی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر لەسەر ئەو شێوەیەی لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر دیارکراوە لە ماوەیەکی زەمەنی ماقوڵدا، ئەویش بەر لە وادەی کۆتایی پێشکەشکردنی ئۆفەر. وە وەڵامەکەش گشتاندنی بۆ دەکرێت بەسەر گشت پێشکەشکارانی ئۆفەر لە نزیکترین دەرفەتدا بەبێ ئاشکراکردنی سەرچاوەی داواکارییەکە.

**چوارەم–** پێویستە لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر، لە کاتی پێویستیدا، راسپاردە بکرێت بەوەی پێشکەشکارانی ئۆفەر سەردانی پێگەی پرۆژەو ناوچەی دەوروبەری بکەن بۆ دیراسەتکردنی بە مەبەستی دەستکەوتنی هەر زانیارییەکی پێویست بۆ ئامادەکردنی ئۆفەرەکان و لەسەر بەرپرسیارەتی و تێچووی تایبەتی خۆیان.

**پێنجەم–** دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە کۆبوونەوەیەکی بەرایی ئەنجام بدات لەگەڵ پێشکەشکارانی ئەو ئۆفەرانەی پێشوەختە شیاندنیان بۆ کراوە یان لیستی هەڵبژاردنی بەرایی دەیانگرێتەوە، بە مەبەستی روونکردنەوەی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر، و پێویستە گشت داواکارییەکانی روونکردنەوەو

وەڵامەکانیان لە کۆنووسی کۆبوونەوە دۆکیومێنت بکرێن، و پێویستە پێشکەش بکرێت بە گشت ئەوانەی پێشوەختە شیاندنیان بۆ کراوەو ئەوانەی لیستی هەڵبژاردنی بەرایی دەیانگرێتە.

**شەشەم–** هەر هەموارکردنێکی داواکاریی ئۆفەرەکان لە نێوانیشیاندا هەموارکردنی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەو ئۆفەرانەی لە برِگەی لاوەکی (ح)ی برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێکراوە، بۆ گشت بەشداربووانی رێکارەکانی داواکاری پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان دەنێردرێت.

**حەوتەم–**

أ. داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر ئەو داواکارییانە دیار دەکات کە پەیوەستن بەو لایەنەی دەریکردووەو سروشت و دارشتن و گوژمەو مەرجە سەرەکییەکانی دیکە وێرای مەرجەکانی هەر گەرەنتییەکی داواکراو بۆ ئۆفەر، هەروەها هەر زانیارییەك دەربارەی گەرەنتی ئەو باش جێبەجێکردنەی لەوانەیە دەسەلاتی گرێبەستکردن داوای دەکات.

ب. پێویستە گەرەنتی هیچ ئۆفەرێك دەستی بەسەردا نەگیرێت کە لەوانەیە داواکراو بێت جگە لەو حالەتانەی لە برِگەی (دووەم)ی ماددەی (27)ی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان ئاماژەیان پێکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. سەرنەکەوتن لە پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر (BAFO)، ئەگەر داواکراو بێت، لە ناو ئەو وادەیەی لە لایەن دەسەلاتی گرێبەستکردنەوە برِیاردراوە بەپێی برِگەی (دەیەم)ی ماددەی (11)ی ئەم پاشکۆیە.
2. سەرنەکەوتن لە دابینکردنی گەرەنتی داواکراو بۆ بەجێگەیاندنی مەرجەکانی رێککەوتنی پرۆژە لە دوای قەبولکردنی ئۆفەر یان بۆ هاتنەدی هەر مەرجێکی دیکە بەر لە واژووکردنی رێککەوتن هەروەك لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر دیارکراوە.

## ماددەی 11 : کردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئۆفەرەکان و ئەنجامدانی دانوستان

## Opening and evaluation of proposals and negotiation

**یەکەم–**

أ. پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن ئۆفەرەکان بکاتەوە لە کاتی کۆتاییهاتنی ماوەی هەڵسەنگاندن کە لە داواکاریی ئۆفەرەکان دیارکراوەو لە شوێنی دیارکراو لە داواکاریی ئۆفەرەکان بە ئامادەبوونی ئەو پێشکەشکارانەی ئۆفەر کە نیازیان هەیە.

ب. لە حاڵەتی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان بە دوو زەرفی جیا بۆ ئۆفەری تەکنیکی و دارایی، پێویستە پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان بانگهێشت بکرێن بۆ ئامادەبوون لە پرۆسەی کردنەوەی ئۆفەرە تەکنیکییەکان و هەروەها لە کاتی کردنەوەی ئۆفەرە داراییەکان ئەگەر بە شێوەیەکی سەربەخۆ کرانەوە بەپێی دۆکیومێنتەکانی کەمکردنەوە.

**دووەم–** دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن لە داواکاریی ئۆفەرەکان لە نێوانیشیاندا کێشی رێژەیی هەر یەکێك لەم پێوەرانەو میتۆدی هەڵسەنگاندن و ئەو رێکارانەی پێویستە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئۆفەرەکان پیادە بکرێت، دیار دەکات و بۆ پێشکەشکارانی ئۆفەرەکانی ئاشکرا دەکات. ئەم پێوەرانەش پیادە دەکرێن لەسەر:

أ. توانستی کارگێڕیی و تەکنیکی پێشکەشکاری ئۆفەرەکە.

ب. کارایی ئەو ئۆفەرەی پێشکەش کراوە لە هێنانەدی داواکارییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەو شێوەیەی لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان روون کراوەتەوە.

جـ. نرخ یان ئەو ئۆفەرە داراییەی پێشکەشکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئۆفەرەکەو تێچووی کارو نۆژەنکردنەوەو چاککردنەوەی کاڵا پێشنیارکراوەکان یان دامەزراوەکان یان خزمەتگوزارییەکان.

**سێیەم–** لیژنەیەك پێکدەهێندرێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو ئۆفەرانەی هاتوون لە چوارچێوەی رێکارەکانی گرێبەستکردنی هاوبەشی PPP، پێکدێت لە:

أ. شارەزای تەکنیکی و یاسایی و شارەزای دیکەی پەیوەندار لەناو دەسەڵاتی گرێبەستکردن و/ یان شارەزا لە دەرەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

ب. نوێنەری وەزارەت یان دەستەی پەیوەندار.

جـ. نوێنەری وەزارەتی پلاندانان/ یەکەی گرێبەستکردنەکانی هاوبەشی.

د. نوێنەری پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی پەیوەندار.

**چوارەم–**

أ. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن گشت ئۆفەرە تەکنیکییە هاتووەکان بپشکنێت بەپێی نزمترین ئاستی داواکارییەکانی بڕیاردراو لە داواکاریی ئۆفەرەکان. وە پێویستە هەر ئۆفەرێك ئەم داواکارییانەی لێنایەتەدی رەتبکرێتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە وەڵامدەر نییە.

ب. ئاگادارییەك بە رەتكردنەوەو هۆیەكانی بەشێوەیەكی خێرا بۆ هەر پێشكەشكارێكی ئۆفەر دەنێردرێت لەوانەی ئۆفەرەكانیان رەتكراونەتەوە.

**پێنجەم-**

أ. پێوەرەكانی هەڵسەنگاندن و بەراوردكردنی ئۆفەرە تەكنیكییەكان، ئەوانەی لە داواكاری پێشكەشكردنی ئۆفەر دیاركراون، بەلای كەم، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1. توندوتۆڵی تەكنیكی.
2. وەڵامدانەوەی بۆ پێوەرە ژینگەییەكان.
3. كەڵكی بەكارخستن.
4. ئەو ئاستەی ئۆفەرەكە دەیسەلمێنێت لەسەر توانابوونی پێشكەشكارەكەی لەسەر لێهاتنەدی پێوەرەكانی بەجێگەیاندنی داواكراو بەدرێژایی ماوەی رێككەوتنی پرۆژەكە بەو شێوەیەی لە داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان روونكراوەتەوە.

ب. پێوەرەكانی هەڵسەنگاندن و بەراوردكردنی ئۆفەرە دارایی و بازرگانییەكان، بەگوێرەی پێویست و هەروەك لە داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان دیاركراوە، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1. بەهای هەنووكەیی تەعریفەی (التعریفە) پێشنیاركراوو نرخەكانی یەكەكان و تێچووی دیكە لە ماوەی كاردا، ئەگەر داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان رێگە بدات بە پێشكەشكارانی ئۆفەرەكان ئاست بۆ ئەم جۆرە تێچووانە پێشنیار بكەن لەگەڵ پیادەكردنی نرخی داشكاندنی دیاركراو لە داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان.
2. بەهای هەنووكەیی پێشینە راستەوخۆیە پێشنیاركراوەكان، ئەگەر هەبێت، لە لایەنی دەسەڵاتی گرێبەستكردنەوەو پیادەكردنی نرخی داشكاندنی دیاركراو لە داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان.
3. پێوەرە داراییەكانی دیكە كە لەوانەیە لە داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان دیاركرابێت لەگەڵ رەچاوكردنی سروشتی گرێبەستی هاوبەشی.
4. مەودای پاڵپشتی دارایی لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستكردنەوە بەشێوەی پێشینەی بەردەست، ئەگەر هەبێت، و پێشبینیكراو بێت لە لایەن هەر دەسەڵاتێكی گشتییەوە لە هەرێم، هەر كاتێك ئەمە پیادە بكرێت، و ئەمەش لەسەر بنەمایەكی كێبڕكێكار دیار دەكرێت.
5. توندوتۆڵی رێكسازییە داراییە پێشنیاركراوەكان.

6. و تواناكانی ئەو گەشەپێدانە كۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی ئۆفەرەكان لەخۆی دەگرن.

**شەشەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستكردن هەر پێشكەشكارێكی ئۆفەر كە ئۆفەرێكی وەڵامدەری پێشكەش كردووە لە ناو هەر بەرزترین ئاستێكی كارپێكراو بۆ بەشداریكردن لە دانوستان بانگهێشت بكات، ئەگەر لە داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان قۆناغێك بۆ دانوستاندن دیار كرابێت.

**حەوتەم–**

أ. پێویستە دانوستانی نێوان دەسەڵاتی گرێبەستكردن و پێشكەشكاری ئۆفەرەكە نهێنی بێت.

ب. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستكردن مامەڵە لەگەڵ ئۆفەرەكان بكات بەو شێوازەی ئاشكرانەكردنی ناوەرۆكەكەی بۆ پێشكەشكاری ئۆفەرە كێبڕكێكارەكانی دیكە مسۆگەر دەكات.

جـ. پێویستە لەسەر هەر لایەنێك لە لایەنەكانی دانوستان هیچ زانیارییەكی تەكنیكی یان نرخداری یان بازارگەیی دیكەی پەیوەست بە دانوستان بۆ هیچ كەسێكی دیكە بەبێ ڕەزامەندی لایەنەكەی دیكە ئاشكرا نەكەن، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ماددەی (30)ی ڕێنمایی جێبەجێكردنی گرێبەستكردنە گشتییەكان.

**هەشتەم–** هەر داواكاری و ڕێسای ڕێنوێنی و دۆكیومێنت و ڕوونكردنەوەو زانیاری دیكە كە دەسەڵاتی گرێبەستكردن بۆ هەر پێشكەشكارێكی ئۆفەرەكان دەینێرێت، پێویستە بۆ گشت پێشكەشكارانی ئۆفەرەكانی دیكە لە هەمان كاتداو بە یەكسانی بنێرێت، مەگەر ئەم زانیارییانە دیاركراو بن یان تەنها تایبەت بن بە پێشكەشكاری ئۆفەری پەیوەندار یان ئەم جۆرە پێوەندییانە دەبێتە پێشێلكردنی حوكمەكانی نهێنی بڕیاردراو بەپێی بڕگەی لاوەكی (ج)ی بڕگەی (حەوتەم)ی ئەم ماددەیەو ماددەی (30)ی ڕێنمایی جێبەجێكردنی گرێبەستكردنە گشتییەكان.

**نۆیەم–** دەسەڵاتی گرێبەستكردن لە ماوەی دانوستاندا بۆی نییە بابەتی گرێبەستكردن یان هەر پێوەرێكی شیاندن یان هەڵسەنگاندن یان هەر نزمترین ئاستی داواكارییەكان یان هەر مەرجێك لە مەرجەكانی ڕێككەوتنی پرۆژە هەموار بكات كە ملكەچی دانوستان نییە هەروەك لە داواكاریی پێشكەشكردنی ئۆفەرەكان دیاركراوە بەپێی بڕگەی لاوەكی (و) لە بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (10)ی ئەم پاشكۆیە.

**دەیەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستكردن، لە دوای كۆتاییهاتنی دانوستان، داوا لە گشت پێشكەشكارانی دیكەی ئۆفەرەكان بكات لە ڕێكارەكانی گرێبەستكردن باشترین ئۆفەری كۆتایی پێشكەش بكەن لەوەی پەیوەستە بە گشت لایەنەكانی ئۆفەرەكانیان ئەوانەی ملكەچی دانوستان نین. پێویستە داواكارییەكە بەنووسراو بێت لەگەڵ دیاركردنی ڕێگەو شوێن و وادەی كۆتایی گەڕی پێشكەشكردنی باشترین و كۆتا ئۆفەر (BAFO).

**یازدەم–**

أ. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن گشت ئۆفەرە وەڵامدەرەکان لەسەر بنەمای پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ریزبەند بکات. ئۆفەری سەرکەوتوو باشترین ئەو ئۆفەرەیە کە داواکارییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەهێنێتەدی بەو شێوەیەی بەتەنها پێوەرو رێکارەکانی هەڵسەنگاندنی ئۆفەرەکانی هاتوو لە داواکاریی ئۆفەرەکان و هەر هەموارکردنێکی، دیاری دەکەن.

ب. دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە بڕیار بدات واز بهێنێت لە قۆناغی باشترین کۆتا ئۆفەر کە لە بڕگەی (دەیەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، لە حاڵەتی ئەو پرۆژانەی کەمتر ئاڵۆزن و پرۆژە بچووکەکان، وەك هەڵبژاردنی خاوەنی ئیمتیازی بەگەرخستنی ئەو ژێرخانەی بەکردارەکی لە ئارادایە.

## ماددەی 12 : دانوستانی راستەوخۆ ( Direct negotiation )

**یەکەم–** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بانگەواز دووبارە بکاتەوە بۆ داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان کاتێك یەك پێشکەشکاری ئۆفەر کە داواکارییەکانی شیاندنی لێبهێتەدی، وەڵامدانەوەی هەبێت، بەپێی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (8)ی ئەم پاشکۆیە. پێویستە بانگەواز دووبارە بکرێتەوە لە دوای گەڕانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە هۆیەکانی وازهێنان لە وەڵامدانەوەی داواکاریی ئۆفەرە رەسەنەکە، لە نێوانیشیاندا دڵنیابوون لە دیارکردنی پێوەرەکانی شیاندن بەشێوەیەکی گونجاو یان ئەگەر دیزاینی پرۆژەکە گونجاو بێت و یان هیچ هەنگاوێکی چارەسەری پێویست گیراوەتەبەر، لە نێوانیشیاندا هەموارکردن و نوێکردنەوەی دۆکیومێنتەکانی داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان، ئەگەر پێویست بکات.

**دووەم–** ئەگەر لە دوای دووبارەکردنەوەی بانگەواز، دەرکەوت:

أ. هیچ پێشکەشکارێکی ئۆفەر وەڵامدانەوەی نییە یان تەنها یەك پێشکەشکاری ئۆفەر وەڵامدانەوەی هەیە و داواکارییەکانی شیاندنی دەقکراو لە بانگەواز لێی دێتەدی، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت و ئینجا ئۆفەرێکی وەڵامدەر پێشکەش دەکات.

ب. یان وەڵامدانەوەی زیاتر لە یەك پێشکەشکاری ئۆفەر بەڵام تەنها یەك پێشکەشکاری ئۆفەر داواکارییەکانی شیاندنی دەقکراو لە بانگەواز لێی دێتەدی و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت و ئینجا ئۆفەرێکی وەڵامدەر پێشکەش دەکات.

جـ. یان زیاتر لە یەك پێشکەشکاری ئۆفەری هاتوو لە لیستی هەڵبژاردنی بەرایی، بەڵام تەنها یەك پێشکەشکاری ئۆفەر ئۆفەرێکی وەڵامدەر پێشکەش دەکات.

دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تاکە پێشکەشکاری ئۆفەر دەربارەی ڕێککەوتنی پرۆژەکە دانوستان بکات.

**سێیەم**- دەکرێت ڕێککەوتنی پرۆژەکە لەسەر بنەمای دانوستانی ڕاستەوخۆ بسپێردرێت بەو مەرجەی ئەو ڕێڕەوانە بگیرێنەبەر کە لە خستنەناوەوەی ئەو پرۆژانەی دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن پێشنیاریان دەکەن پەیڕەو کراون لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانان، لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ. لە کاتی بوونی پێویستییەکی زۆر بۆ مسۆگەریی بەردەوامیی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئەمەش وادەکات چوونەناو ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی کێبڕکێکار کردارەکی نەبێت.

ب. لەبەر هۆی پەیوەست بە بەرگری نیشتیمانیی یان ئاسایشی نیشتیمانیی.

جـ. بوونی تەنها یەك سەرچاوەی بەتوانا لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی داواکراو (بۆ نموونە، کاتێك پێویست بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایەکی تۆمارکراو دەبێت یان مەعریفەیەك کە جۆرەکەی دەگمەن بێت).

د. لە کاتی دەرکردنی بانگهێشتنامەیەکی پێشووتر بۆ ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە یان داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەر بەڵام هیچ ئۆفەرێك پێشکەش نەکرا یان گشت ئۆفەرەکان سەرکەوتوو نەبوون لە هێنانەدی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دیارکراو لە داواکاریی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان.

## بەشی چوارەم

## ئۆفەرە بانگهێشتنەکراوەکان

## Unsolicited proposals

### ماددەی 13 : قەبولکراوەیی ئۆفەرە بانگهێشتنەکراوەکان

### Admissibility of unsolicited proposals

**یەکەم**– دەسەلاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە بڕوانێتە ئۆفەرە بانگهێشتنەکراوەکان، بەدەر لە ماددەی (8)ی ئەم پاشکۆیە، ئەویش بە کارکردن بەو ڕێکارانەی لە بڕگەکانی خوارەوەی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە، بەو مەرجەی:

أ. ئەم ئۆفەرانە پەیوەست نەبن بەو پرۆژەیەی دەستکراوە بە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بۆی یان بانگەوازی بۆکراوە.

ب. وە بەلای زۆر (أقصى تقدير) دەسەلاتی گرێبەستکردن و پێشکەشکاری ئۆفەری بانگهێشتنەکراو یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان واژووکردووە کە جەخت دەکات لە شیاوبوونی پیادەکردنی ئەو ڕێکارانەی لەم ماددەیەدا دەقیان لەسەر کراوە.

**دووەم**– ڕێکارەکانی قەبولکردنی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. پێویستە پێشکەشکاری ئۆفەر، لە قۆناغی بەراییدا، ئۆفەرێکی کورتکراوەی ئۆفەری بەرایی بانگهێشتنەکراو پێشکەش بە دەسەلاتی گرێبەستکردن بکات. مەبەست لەم قۆناغەش بریتییە لە:

1. دڵنیابوون لە هاتنەکایەی مەرجەکانی قەبولکردنی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو.

2. وە بۆ دانانی ئەو ڕێسایانەی کە پێشوەختە مامەڵەکردن لەگەڵ دارشتنی کۆتایی ئۆفەری بانگهێشتنەکراوەوە ڕێکدەخات.

ب. پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن، لە دوای وەرگرتنی ئۆفەری بانگهێشتنەکراوو ئەنجامدانی پشکنینی بەرایی بۆی، لە نزیکترین دەرفەتدا پێشکەشکاری ئۆفەر ئاگادار بکاتەوە لەوەی ئایا ئۆفەرەکە بەرژەوەندیی گشتی دەستەبەر دەکات یاخود نا لەگەڵ ڕەچاوکردنی هۆکارەکانی گونجانی ڕێکسازییەکانی گرێبەستکردن و ماقوڵبوونی مەترسییەکانی پرۆژە.

جـ. كاتێك دەسەڵاتی گرێبەستکردن وا دادەنێت پرۆژەکە بەرژەوەندیی گشتی بەدی دێنێت و ڕەزامەندی بەرایی پێی دەدات، پێویستە لەسەری پێشکەشکاری ئۆفەری بانگهێشتنەکراو بانگهێشت بکات بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەری کۆتایی و گشتگیر کە زانیاری تێروتەسەلی پرۆژەی پێشنیارکراو لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت:

1. هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ شیابوونەکانی پێشکەشکاری ئۆفەر و کەڵکی تەکنیکی و ئابووریی پرۆژەکە ئەنجام بدات لە نێوانیشیاندا دیراسەتکردنی کەڵکی تەکنیکی و ئابووریی و دیراسەتکردنی کاریگەری ژینگەیی و ئەو زانیارییانەی چەمکی تەکنەلۆجییان لێ دێتەدی کە ئۆفەرەکە لەخۆی گرتووە.

2. وە بڕیار بدات ئایا لە توانادا هەیە پرۆژەکە بە سەرکەوتوویی بەپێی ئەو ڕێڕەوەی پێشنیارکراوە جێبەجێ بکرێت بەپێی ئەو مەرجانەی لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە قەبولکراوە.

د. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە کاتی تێڕوانین لەو ئۆفەرەی بانگهێشت نەکراوە، ڕێز بگرێت لە مافەکانی خاوەندارێتی هزریی یان مافە بەتەنهاییەکانی (حصری) دیکەی هاتوو تیایدا کە لێی دروست دەبێت یان لە ئۆفەرەکە ئاماژەی پێکراوە.

هـ. جگە لە هەڵسەنگاندنی ئەو ئۆفەرە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەو زانیارییانەی لە پێشکەشکاری ئۆفەرەکە یان لە جیاتی ئەو پێشکەش کراون، بەکاریان نەهێنێت تەنها بە ڕەزامەندی پێشکەشکاری ئۆفەرەکە نەبێت.

و. پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن وێنەی ڕەسەن و کۆپییەکانی دۆکیومێنتەکان بۆ پێشکەشکاری ئۆفەرەکە بگەڕێنێتەوە ئەگەر ئۆفەرەکەی ڕەت بکرێتەوە مەگەر هەردولایەن لەسەر پێچەوانەی ئەمە ڕێککەوتبن.

**سێیەم–**

أ. لە حاڵەتی ئەو ئۆفەرە بانگهێشتنەکراوانەی مافەکانی خاوەندارێتیی هزریی یان مافی بەتەنهایی (حصری) دیکە لەخۆ ناگرێت، وە دەسەڵاتی گرێبەستکردن وای دادەنێت کە:

1. دەکرێت ئەنجامی ویستراو لە پرۆژەکە بەدی بهێنرێت بەبێ بەکارهێنانی هیچ مافێك لە مافەکانی خاوەندارێتی هزریی یان مافە بەتەنهاییەکانی (حصری) دیکە کە پێشکەشکاری ئۆفەرەکە خاوەنیەتی یان لەبەردەستی دایە.

2. وە چەمك یان تەکنەلۆجیای پێشنیارکراو تاك یان نوێ نییە.

بەدەر لەو بارودۆخانەی لە ماددەی (45)ی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان دەقیان لەسەر کراوە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەگەر بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆژەی دا، دەستبکات بە پرۆسەی گرێبەستکردن بەپێی حوکمەکانی بەشی سێیەمی ئەم پاشکۆیە بە ڕێکارەکانی داواکاریی ئۆفەرەکانیشەوە بەپێی ماددەی (8). وە پێویستە نرخی ئۆفەرە ڕەسەنەکە ئاشکرا نەکرێت، و داوا لە پێشکەشکاری ئۆفەری ڕەسەن دەکرێت ئۆفەرێکی بنەمایی پێشکەش بکات.

ب. بانگهێشتکردنی پێشکەشکاری ئۆفەرەکە بۆ بەشداریکردن لە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەستی پێکردووە بەپێی بڕگەی لاوەکی (أ)ی ئەم بڕگەیە، وە بۆی هەیە بەو بڕەی لە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە:

1. قەرەبووی بکاتەوە لە بڕی ئەو تێچووانەی پەیوەستن بە ئامادەکردنی ئۆفەری بانگهێشتنەکراوەوە.

2. ئیمتیازاتی دیکەی پێببەخشێت هەروەك لە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن وەسفکراوە لە نێوانیشیاندا ئەو مافەی مسۆگەر کراوە بۆ پێشکەشکاری ئۆفەرە ڕەسەنەکە لە بەشداریکردن لە گەڕی پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر (BAFO).

جـ. لە دوای وەرگرتن و هەڵسەنگاندن و دیارکردنی ریزبەندی ئۆفەرەکان، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن باشترین دوو ئۆفەر هەڵبژێرێت بۆ بەشداریکردن لە قۆناغی دووەم کە پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەرەکان (BAFO) لەخۆ دەگرێت. وە پێشکەشکاری ئۆفەری ڕەسەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بانگهێشت دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە قۆناغی دووەم هەتا ئەگەر ئۆفەرەکەی لە نێو ئۆفەرە هەڵبژێردراوەکانیش نەبن لە دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی قۆناغی یەکەم بۆ بەشداریکردن لە قۆناغی پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر (BAFO) وە پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر پێویست دەکات بە هەڵبژاردنی ئۆفەری براوە لە دوای ئەم قۆناغە.

**چوارەم**– لە حاڵەتی ئەو ئۆفەرە بانگهێشتنەکراوانەی مافەکانی خاوەندارێتی هزریی یان مافی بەتەنهایی (حصری) دیکە لەخۆ دەگرن:

أ. ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بڕیاریدا ئەو مەرجانەی لە بڕگەی لاوەکی (1)ی بڕگەی لاوەکی (أ)ی بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە نەهاتوونەتەدی، ئەوا پێویست ناکات دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەستبکات بە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بەپێی بەشی سێیەمی ئەم پاشکۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە بەردەوام بێت لە هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی ڕەگەزی بەراوردکار بۆ ئۆفەری بانگهێشتنەکراو. وە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن وەسفکردنی ڕەگەزەکانی دەرهاوێشتە بنەڕەتییەکانی ئۆفەرەکە بلاّو

بکاتەوە لەگەڵ بانگهێشتکردنی پێشکەشکارانی دیکەی ئۆفەرەکان بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکانیان بەر لە وادەی کۆتایی دیارکراو.

ب. دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە دانوستان بکات لەگەڵ پێشکەشکاری ئۆفەری رەسەن، ئەگەر هیچ ئۆفەری دیکە نەهاتبن.

جـ. ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئۆفەری بۆ هات وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ بانگهێشتێك کە دەری کردووە بە کارکردن بە بڕگەی لاوەکی (أ)ی ئەم بڕگەیە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشکەشکارانی ئۆفەرەکان بۆ دانوستان بانگهێشت بکات. وە لە حاڵەتی وەرگرتنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ ژمارەیەکی گەورەی تەواوی ئۆفەرەکان کە لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت پێداویستییەکانی ژێرخانیی دەهێنێتەدی، ئەوا پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن داوای پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان بکات بەپێی بەشی سێیەمی ئەم پاشکۆیە، لەگەڵ رەچاوکردنی هەر هاندەرێك یان جیاوکێکی دیکە کە دەکرێت بدرێتە پێشکەشکاری ئۆفەری بانگهێشتنەکراوەوە بەپێی بڕگەی لاوەکی (ب)ی بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە.

## بەشی پێنجەم

## جێبەجێکردنی پرۆژە

## Project Implementation

### ماددەی 14: رێککەوتنی پرۆژە (Project agreement)

**یەکەم**– پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بە نووسین بچێتە ناو رێککەوتنی پرۆژە لەگەڵ پێشکەشکاری ئۆفەری براوە. پێویستە وەك نزمترین ئاست رێککەوتنی پرۆژە دەق بکات لەسەر ئەمانەی خوارەوە:

أ. ماف و پابەندییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لایەنی کەرتی تایبەت، لە نێوانیشیاندا ئاستی ئەو خزمەتگوزارییەی داواکراوە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە پێشکەش بکرێت.

ب. ماوەی رێککەوتنی پرۆژە.

جـ. وەسفکردنی هەبووە (أصول) گشتی و تایبەتەکان، و حوکمەکانی گواستنەوەی هەبووە گشتییەکان بۆ لایەنی کەرتی تایبەت.

د. پەیکەری کارگێڕی داواکراو بۆ بەجێگەیاندنی لایەنی کەرتی تایبەت.

هـ. پێشکەشکردنی یارمەتی لە لایەن دەسەلاتی گرێبەستکردنەوە بە لایەنی کەرتی تایبەت لە دەستکەوتنی مۆڵەت و ڕێگەپێدانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە.

و. ڕێکسازیی دارایی لە نێوانیشیاندا سەرچاوەو سروشتی پێشینەکان بۆ لایەنی کەرتی تایبەت و ڕێکارەکانی بەرزەفتەیی دارایی و لێپرسینەوەی دارایی و پێداویستییەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دارایی.

ز. دابەشکردنی مەترسییەکان لە نێوان هەردوولا.

ح. ڕێگەچارە بەردەستەکان بۆ هەردوولایەن لە حاڵەتی کەمتەرخەمی لە بەجێگەیاندن.

گ. گەڕاندنەوەی بنەچەکان بۆ دەسەلاتی گرێبەستکردن لە کاتی کۆتاییهاتنی ڕێککەوتنی پرۆژە.

ی. یاسای کارپێکراو.

ك. وە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان.

**دووەم–** وەزارەتی پلاندانان/ یەکەی گرێبەستکردنەکانی هاوبەشی بۆی هەیە ڕێسای یەکخراو دەربکات بە تایبەتی لەوەی پەیوەستە بە بەندەکانی وەك هێزی سەپێنەرو کۆتاییپێهێنانی گرێبەست و قەرەبوو و هەموارکردنی یاسا کارپێکراوەکان و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان.

## ماددەی 15 : واژووکردنی ڕێککەوتنی پرۆژە ( Project agreement signature )

**یەکەم–** لەدوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پێویست بۆ ڕێککەوتنی پرۆژە، کەسی ڕاسپێردراو واژووکردنی ڕێککەوتنی پرۆژەکە لە جیاتی دەسەلاتی گرێبەستکردن ئەنجامدەدات.

**دووەم–** پێویستە ڕێککەوتنی پرۆژە پەسەند بکرێت لەگەڵ دابەشکردنی چەند کۆپییەکی بەپێی ڕێکارە کارپێکراوەکان.

## ماددەی 16 : بەڕێوەبردنی جێبەجێکردنی پرۆژە

## Administration and management of project implementation

**یەکەم–** وێرای مسۆگەرکردنی حەوالەکردنی بنەچەکان بۆ لایەنی کەرتی تایبەت، پێویستە لەسەر دەسەلاتی گرێبەستکردن چاودێریی و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی پرۆژە بکات بۆ مسۆگەر کردنی جێبەجێکردنی بەپێی مەرجەکانی و بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی دروست، وە هەر بنەچەیەك حەوالە کرابێت بۆ بەڕێوەبردنی لایەنی کەرتی تایبەت پارێزراو دەبێت و بەشێوەیەکی دروست بەکار دەهێنرێت. بۆیە پێویستە

لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەستەبەری بەڕێوەبردن مسۆگەر بکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتن و دابینکردنی داهاتەکانی چاودێریی و ڕێکارەکان پیادە کراون بە مەبەستی:

أ. چاودێریی و پێوانەکردنی بەجێگەیاندن و دەرهاوێشتەکان.

ب. پێوەندیکردن لەگەڵ لایەنی کەرتی تایبەت.

جـ. مسۆگەری وەکیەکی خزمەتگوزارییە پێشکەش کراوەکان لەگەڵ ئاستەکانی کوالیتی و متمانەیی پێویست و بەردەوامیی ڕێکخراو بۆ دامەزراوەکانی پرۆژەکە هەروەك لە ڕێککەوتنی پرۆژە دەقی لەسەر کراوە لەگەڵ مسۆگەرکردنی ناردنی ڕاپۆرتە داواکراوەکان لە لایەن کەرتی تایبەتەوە.

د. بەشدارپێکردنی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە چاودێریی و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردن.

هـ. بەپێی توانا خۆدوورگرتن لە ناکۆکییەکان و یەکلایی کردنەوەیان.

و. سەرپەرشتیکردنی گشتی لەسەر ئەو چالاکییانەی بەڕێوەدەچن لە بەڕێوەبردنی ڕێککەوتنی پرۆژە.

ز. مسۆگەرکردنی پرۆسەکانی ژمێریاریی و ووردبینیکردن بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو بۆ دامەزراوەکانی پرۆژە هەروەك لە ڕێککەوتنی پرۆژە دەقیان لەسەر کراوە.

ح. مسۆگەرکردنی بەجێگەیاندنی هەر پێداویستییەك کە لەسەر گواستنەوەی تەکنەلۆجیاو لێزانیی پیادە بکرێت بەپێی پێویستییەکانی ڕێککەوتنی پرۆژە لە نێوانیشیاندا وەرگرتنی کەرتی گشتی بۆ بەرپرسێتیی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە لە کۆتاییدا.

گ. وە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پێویست دەربارەی پرۆژە یان بەپێی پێویست.

**دووەم**– پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن چوارچێوەیەك بۆ چاودێریی و هەڵسەنگاندن ئامادە بکات بۆ مەبەستەکانی ئەنجامدانی چاودێریی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنی کەرتی تایبەت. وە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم چوارچێوەیە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ. پلانی بەڕێوەبردنی پرۆژە.

ب. ئاماژەکانی بەجێگەیاندن.

جـ. داواکارییەکانی دابینکردنی ڕاپۆرتەکان لە نێوانیشیاندا ڕاپۆرتە ناوبەناوەکانی ڕاییکردنی کارەکان.

د. جەختکردنەوەو دیارکردنی بەهای بنەچەکانی پرۆژەکە.

هـ. ووردبینیکردنی دەرەکی و ڕاپۆرتی سەربەخۆ.

و. وه بەشداریکردن لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییەکان.

**ماددەی 17 : بڵاوکردنەوەو بەرکاربوون ( Publishing and entry into effect )**

**یەکەم**: ئەم پاشکۆیە بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016.

**دووەم**: ئەم پاشکۆیە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**سێیەم**: دوای تێپەڕبوونی ماوەی (180) سەدو هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی کار بەم پاشکۆیە دەکرێت.

**د. علی سندی**

**وەزیری پلاندانان**

پشتبەست بەو دەسەڵاتەی پێمان راسپێردراوە، بە ئاماژەکردن بۆ حوکمی ماددەکانی دەروازەی سێیەمی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016، ئەمەی خوارەوەمان دەرکرد:

## پاشکۆی (و)

## پێداچوونەوەی سکاڵاکان

### ماددەی 1: پێشکەشکردنی سکاڵا

**یەکەم-** دەکرێت لە رێگەی رادەستکردنی راستەوخۆ یان پۆستی ئاسایی یان پۆستی خێرا یان پۆستی ئەلیکترۆنی سکاڵا پێشکەش بکرێت، و بە کۆتاییهاتنی دەوامی فەرمی لە رۆژێکی دیارکراودا سکاڵایەکە بە پێشکەشکراو دادەندرێت کاتێك وەردەگیرێت لە لایەن:

أ- دەسەڵاتی گرێبەستکردن (لیژنەی ناوەندیی سکاڵاکانی گرێبەستکردنەکان) بەپێی (ماددەی 65)ی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016، یان

ب- ئەنجومەنی پێداچوونەوە لە دوای دانی بەرامبەری سکاڵا بەپێی (ماددەی 66)ی رێنمایی ئاماژەپێکراوەوە.

**دووەم-** دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەنجومەنی پێداچوونەوە، بەگوێرەی پێویست، لەگەڵ وەرگرتنی بۆ سکاڵایەکە هەڵدەستێت بە دەرکردنی پشتگیرییەك کە سکاڵاکەی لە پێشکەشکاری سکاڵا وەرگرتووە.

### ماددەی 2: پێکهاتەی پێویست بۆ سکاڵای پێشکەشکراو بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن

پێویستە سکاڵای پێشکەشکراو بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن نووسراو بێت و لە لایەن پێشکەشکاری سکاڵا یان نوێنەرە رێگەپێدراوەکەی واژووکرابێت و پێویستە:

**یەکەم-** ناوو ناونیشان و ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنی و ژمارەی تەلەفۆنی پێشکەشکاری سکاڵا لەخۆ بگرێت.

**دووەم-** ناوی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و ناوو ژمارەو رێکەوتی کەمکردنەوەکە دیار بکات.

**سێیەم–** ڕوونکردنەوەیەکی وورد بە بنەما یاسایی و ڕووداوەکییەکانی سکاڵاکە، لە نێوانیشیاندا ئاماژەی دیارکراو بەو حوکمانەی لەو ڕێنماییەدا هاتوون کە دەویسترێت سەرپێچی بکرێن و چۆنییەتی سەرپێچیکردنەکە، پێشکەش بکات.

**چوارەم–** هاوپێچ بێت بە دۆکیومێنتە پاڵپشتەکان بەگوێرەی بەردەستییان.

**پێنجەم–** گشت ئەو زانیارییانەی دەسەلمێنن کە پێشکەشکاری سکاڵا، بە مەبەستی پێشکەشکردنی سکاڵا، پێشکەشکاری تەندەرێکی کردارەکییە یان گریمانەیەو بەرژەوەندیی ئابووریی ڕاستەوخۆی کارتێکراو دەبێت لە ئەنجامی بڕیاری سپاردنی گرێبەستکردن یان ڕێکارەکان یان بڕیارەکان یان پشتگوێخستن لە لایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە، دابین دەکەن.

**شەشەم–** گشت ئەو زانیارییانەی کاتە زەمەنییەکانی پێشکەشکردنی سکاڵا دەسەلمێنن دابین دەکات.

**حەوتەم–** بە ڕاشکاوی ڕێکارە ڕاستکارە داواکراوەکان دیار دەکات.

## ماددەی 3 : پێکهاتەی پێویست بۆ سکاڵای پێشکەشکراو بە ئە نجومەنی پێداچوونەوە

**یەکەم–** پێویستە سکاڵای پێشکەشکراو بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە نووسراو بێت و لە لایەن پێشکەشکاری سکاڵا یان نوێنەرە ڕێگەپێدراوەکەی واژووکرابێت و پێویستە:

أ– ئەو زانیارییانەی لە (ماددەی 2)ی ئەم پاشکۆیە ئاماژەیان پێکراوە لەخۆ بگرێت.

ب– داواکاری دەرکردنی حوکمێکی دیارکراو لەخۆ بگرێت و شێوازی دادپێدانی (إنصاف) داواکراو دیار بکات.

**دووەم–** وە دەکرێت سکاڵاکە ئەم داواکارییەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

أ– گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری بازرگانی تۆمارکراو یان زانیاری نهێنی دیکە.

ب– دۆکیومێنتی دیارکراو، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پەیوەست بەم دۆکیومێنتانە بەو بنەمایانەی سکاڵاکە لەسەری بنیاتنراوە.

جـ– گرێدانی دانیشتنێکی گوێگرتن، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو هۆیانەی دەبنە مایەی پێویستی گرێدانی دانیشتنێك بۆ یەکلایی کردنەوەی سکاڵاکە.

## ماددەی 4 : ئاگادارکردنەوە بە پێشکەشکردنی سکالاٌ بە ئە نجومەنی پێداچوونەوە

لـە کاتی پێشکەشکردنی سکالاٌ بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە بە پلـەی یەکەم پێویستە لـەسەر پێشکەشکاری سکالاٌ کۆپیەکی تەواوی سکالاٌکە (بە گشت دۆکیومێنتە پالٌپشتەکانیشەوە) پێشکەش بە دەسەلاٌتی گرێبەستکردن بکات.

## ماددەی 5 : گرێدانی ئە نجومەنی پێداچوونەوە

**یەکەم**– دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەخێراترین کاتی لە توانادابوو لە رووی کردارەکییەوە گرێ دەدرێت لە دوای وەرگرتنی سکالاٌکە بە شێوەیەکی بنەمایی.

**دووەم**– ژمارەی یاسایی گرێدانی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی دێتە کایەوە.

**سێیەم**– بڕیارەکانی ئەنجومەن بەزۆرینەی ژمارەی ئەندامە ئامادەبووەکان وەردەگیرێن.

**چوارەم**– لـە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان، ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆکی ئەنجومەن دەنگی لـەگەلٌداوە.

## ماددەی 6 : رەتکردنەوەی سکالاٌی پێداچوونەوە

سکالاٌ لـەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە رەت دەکرێتەوە:

**یەکەم**– پابەند نەبوون بە هیچ حوکمێك لـەوانەی لە هەردوو (ماددەی 65 و 66)ێ رێنمایی و حوکمەکانی ئەم پاشکۆیە هاتوون.

**دووەم**– پێشکەشکردنی چەند بانگەشەیەك (ادعاءات) کە بنەمایەکی دروست بۆ سکالاٌ ناهێننەدی، یان چەند بانگەشەیەك روونکردنەوەیەکی یاسایی و واقیعی تێروتەسەل پێشکەش ناکەن.

**سێیەم**– لـەگەلٌ رەچاوکردنی حوکمەکانی (ماددەی 64 یەکەم و دووەم)ی رێنمایی، لـە کاتی پێشکەش نەکردنی سکالاٌ لـە ماوەی دیارکراودا چ بە دەسەلاٌتی گرێبەستکردن بە پلـەی یەکەم یان لـەوەی پەیوەستە بە وادەی کۆتایی بۆ پێشکەشکردنی سکالاٌ بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە.

**چوارەم**– پەیوەستبوونی سکالاٌ بە جێبەجێکردنی گرێبەست یان بەڕێوەبردنی لـە جیاتی رێکارەکانی گرێبەستکردن.

## ماددەی 7: داواکاریی مامەڵەکردن بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ زانیاری نهێنی

وەك بەدەنگەوەهاتنی داواکاریی مامەڵەکردن بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ زانیاریی نهێنی، ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆی هەیە ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر لە نێوانیشیاندا بۆ نموونە:

**یەکەم-** داواکردن لە لایەنی پەیوەندار (پێشکەشکاری سکاڵا یان دەسەڵاتی گرێبەستکردن) کە داوای مامەڵە دەکات بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ زانیاریی نهێنی، کە داواکارییەکە بە ڕاشکاوی هەڵبستێت بە دیارکردنی زانیاریی پەیوەندار و هۆی ئەم داواکارییە ڕوون بکاتەوە.

**دووەم-** داواکاریی ئامادەکردنی پووختەیەکی نانهێنی بۆ ئەو زانیارییانەی پێویستە بە شێوەیەکی نهێنی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بەجۆرێك بتوانرێت ئەم پووختەیە ئاشکرا بکرێت. هەروەها پێویستە ئەم داواکارییە بە وردەکاریی تێروتەسەل پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی زانیارییەکان تێگەیشتراو (مفهوم) بێت.

**سێیەم-** داواکاریی پێشکەشکردنی وێنەیەکی نهێنی لە دۆکیومێنتە پەیوەندارەکان (بە نیشانەی "نهێنی" ئاماژەی لەسەر کرابێت) و کۆمەڵێکی پاکنووسکراوی (منقحە) دۆکیومێنتەکان.

**چوارەم-** ڕێگەدان بە پارێزەرانی هەردوولا بە تێڕامانی (معاینە) زانیاریی نهێنی ملکەچ بۆ پابەندبوونی نهێنی و ئاشکرانەکردنی لەو حاڵەتانەی پێویست بەمە دەکات.

## ماددەی 8: پشکنینی بەرایی سکاڵا

لە دوای پشکنینی بەرایی سکاڵا، ئەنجومەنی پێداچوونەوە، لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی، هەڵدەستێت بە پێڕاگەیاندنی پێشکەشکاری سکاڵاو دەسەڵاتی گرێبەستکردنی پەیوەندار بە بڕیاری قەبولکردنی سکاڵا یان ڕەتکردنەوەی، بەپێی (ماددەی 66 سێیەم-أ)ی ڕێنمایی.

## ماددەی 9: تێبینییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەربارەی سکاڵا

**یەکەم-** لە دوای ئاراستەکردنی ئاگاداری بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەربارەی پێشکەشکردنی سکاڵا بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە، پێویستە ئەنجومەنی پێداچوونەوە لە دوای قەبولکردنی سکاڵا داوا لە دەسەڵاتی گرێبەستکردنی پەیوەندار بکەن بە پێشکەشکردنی تێبینییەکانی دەربارەی سکاڵاکە لەو ماوە زەمەنییەی ئەنجومەنی پێداچوونەوە دیاری دەکات.

**دووەم–** پێویستە تێبینییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن ڕوونکردنەوەیەك لەخۆ بگرێت بەو ڕووداوانەی پەیوەندارن، لە نێوانیشیاندا باشترین مەزەندەکردنی بەهای گرێبەست، و هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو بانگەشانەی لە سکاڵاکەدا هاتوون، و لیستێك بە گشت ئەو دۆکیومێنتانەی پەیوەندارن بە ڕێکارەکانی گرێبەستکردن. وە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە هەمان کاتدا وێنەیەك لە تێبینییەکانی دەربارەی سکاڵاکە لە ماوەی (1) یەك ڕۆژی کارکردن لە پێشکەشکردنی تێبینییەکان بە ئەنجومەنی پێداچوونەوە، بداتە پێشکەشکاری سکاڵاکە.

**سێیەم–** ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆی هەیە داوا لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن و پێشکەشکاری سکاڵا بکات کە هەر دۆکیومێنت یان بەشێك لە دۆکیومێنتی بەردەستیان کە ئەنجومەنی پێداچوونەوەی بە پەیوەنداری دەزانێت، بداتە ئەنجومەنی پێداچوونەوە.

**چوارەم–** ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆی هەیە داوای پێشکەشکردنی داتای سەربار بکات لە لایەن هەردوولاوەو لایەنی دیکەی نابەشدار لە سکاڵا، بەگوێرەی پێویست، لەپێناو یەکلاییکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی سکاڵاکە.

**پێنجەم–** وەك بەدەنگەوەهاتنی داواکاریی ئەنجومەنی پێداچوونەوە بە دەستکەوتنی تێبینی، دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە داواکاری بە ڕەتکردنەوەی سکاڵا پێشکەش بکات، ئەگەر بڕوای وابوو هۆکار هەیە بۆ ئەم کارە بەر لە پێشکەشکردنی تێبینی داواکراو بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا، ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆی هەیە دەرفەتێك بداتە پێشکەشکاری سکاڵا بە توانجدان (تعليق) لەسەر داواکاریی ڕتکردنەوەکە، مەگەر هەر گومانێك هەبێت لە لایەن ئەنجومەنی پێداچوونەوە بەوەی داواکاریی ڕەتکردنەوەکە بەپێی پێڕەوە.

**شەشەم–** دەرفەتێك دەدرێتە پێشکەشکاری سکاڵا بۆ ڕوونکردنەوەی تێبینییەکانی لەسەر تێبینییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەربارەی ئەو سکاڵایەی پێشکەشی ئەنجومەنی پێداچوونەوە کراوە. پێشکەشکاری سکاڵا بۆی هەیە تێبینییەکانی دەربارەی تێبینییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە ماوەیەك کە ئەنجومەنی پێداچوونەوەی دیاری دەکات و نابێت لە (7) ڕۆژ لە دوای وەرگرتنی پێشکەشکاری سکاڵا بۆ تێبینییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن تێپەڕ بکات، پێشکەش بکات، لەگەڵ وێنەیەکی کە پێشکەشی دەسەڵاتی گرێبەستکردنی دەکات.

## ماددەی 10 : دانیشتنەکانی گوێلێگرتن

**یەکەم–** ئەنجومەنی پێداچوونەوە، ئەگەر بەگونجاوی زانی، لەسەر داواکاری یەکێك لە هەردوو لایەنەکە یان بە دەستپێشخەری ئەو، بۆی هەیە دانیشتنێکی گوێلێگرتن دەربارەی سکالاکە گرێ بدات. وە لە حاڵەتی رەتکردنەوەی ئەنجومەنی پێداچوونەوە، پێویستە هۆیەکانی ئەمە لە بڕیاری ئەنجومەنی پێداچوونەوە دەربارەی سکالاکە باس بکرێن.

**دووەم–** دانیشتنەکانی گوێلێگرتن بە زووترین کاتی لە توانادابوو لە رووی کردارەکییەوە گرێ دەدرێت پاش وەرگرتنی لایەنەکان بۆ تێبینی و دۆکیومێنتەکانی پەیوەندار لە دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە.

**سێیەم–** پێویستە گشت لایەنەکانی بەشداربوو لە سکالاکە بانگهێشت بکرێن بۆ ئامادەبوونی دانیشتنی گوێلێگرتن. وە نابێت دانیشتنەکانی گوێلێگرتن بە ئامادەبوونی یەکێك لە لایەنەکان بەبێ پێدانی دەرفەتی ئامادەبوون بە هەردوولا، گرێ بدرێت. وە ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆی هەیە ئامادەبوون لە کاتی دانیشتنەکە هەمووی یان بەشێکی کۆتکراو بکات.

**چوارەم–** لە کاتی ئامادەنەبوونی یەکێك لە لایەنەکان لە دانیشتنی گوێلێگرتن، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی پێداچوونەوە گرێدانی دانیشتنەکە بۆ تەنها یەکجار دوابخات.

**پێنجەم–** وەقائیعی دانیشتنەکان تۆمار دەکرێن و / یان دەنووسرێنەوە. وە هەر لایەنێك بۆی هەیە وێنەی دەست بکەوێت لەسەر تێچووی تایبەتی خۆی ئەگەر وەقائیعی دانیشتنەکە تۆمار و/ یان نووسرابێتەوە.

## ماددەی 11 : پەنابردنە بەر شارەزایان

ئەنجومەنی پێداچوونەوە بۆی هەیە پەنا بباتە بەر شارەزایان لە کاتی پێداچوونەوەی سکالا کاتێك ئەمە بەپێویست دەزانێت بۆ یارمەتیدانی لە گرتنەبەری بڕیاری دروست.

## ماددەی 12 : قەرەبووکردنەوەکانی پێشکەشکاری تەندەر

هەر قەرەبووکردنەوەیەکی دارایی شایستە بۆ پێشکەشکاری سکالا تەنها تێچووەکانی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی تەندەر یان بەدواداچوونی سکالاکە بەپێی مافی پێداچوونەوە دەگرێتەوەو لە دەستدانی قازانج لەخۆ ناگرێت. وە تەنها دەکرێت ببەخشرێتە پێشکەشکاری تەندەرێك کە دەبووە براوەی سپاردنی گرێبەست ئەگەر رەفتار یان پشتگوێخستنی (إغفال) دەسەڵاتی گرێبەستکردن نەبا.

## ماددەی 13 : رادەستکردنی خێرای نووسراوکاریی (مراسلات)

گشت نووسراوکارییەکانی پەیوەست بە سکالاکان لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەی خێرایی گەیاندن مسۆگەر دەکەن رەوانە دەکرێت.

## ماددەی 14 : بڵاوکردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی پێداچوونەوە

بڕیاری ئەنجومەنی پێداچوونەوەی پەیوەست بە سکالا لە نزیکترین دەرفەتدا لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی بەپێی (ماددەی 70 دەیەم)ی ڕێنمایی، بڵاو دەکرێتەوە.

## ماددەی 15 : پابەندبوونەکانی پارێزگاریکردن لە دۆسیەو تۆمارەکان

**یەکەم–** پێویستە بڕیارەکانی تایبەت بە سکالاکان، چ ئەوانەی لە دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە دەرکرابێت یان لە ئەنجومەنی پێداچوونەوە، بخرێنە ناو تۆماری ڕێکارەکانی گرێبەستکردن کە پێویستە لەسەر دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن دابینی بکەن بۆ هەر حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن بەپێی (ماددەی 18 سێیەم)ی ڕێنمایی.

**دووەم–** پێویستە تۆمارەکە هەروەها سروشتی سکالاو ڕێوشوێنەکانیش لەخۆ بگرێت، ئەگەر هەبێت، کە متمانەیان پێدراوە بۆ چارەسەری سکالا. وە ئەگەر سکالاکە رەتکرایەوە، پێویستە هۆیەکانی پێویست بۆ ئەمە بنووسرێنەوە.

**سێیەم–** پێویستە دۆکیومێنتەکانی پەیوەست بە سکالاکان بە رەفتارو بڕیارەکانیشیانەوە بخرێنەناو دۆسیەی گرێبەست کە بەپێی (ماددەی 18 یەکەم)ی ڕێنمایی داواکراوە دروست بکرێت.

## ماددەی 16 : دۆکیومێنتکردنی حاڵەتەکانی لێسەندنەوە یان یەکلاییکردنەوەی سکالا

پێویستە هەر لێسەندنەوەیەك یان یەکلاییکردنەوەیەکی سکالایەکی پێشکەشکراو بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان ئەنجومەنی پێداچوونەوە بەنووسین دۆکیومێنت بکرێت و لە تۆماری ڕێکارەکانی گرێبەستکردن تۆمار بکرێت وەك کارکردنێك بە (ماددەی 18 سێیەم)ی ڕێنمایی، لە نێوانیشیاندا روونکردنەوەی هۆیەکان یان مەرجەکانی هەر لێسەندنەوەیەك یان یەکلاییکردنەوەیەکی سکالاکە.

**ماددەی 17 : ئاگادارکردنەوە بە ڕێکارە ڕاستکارییەکان**

پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەنجومەنی پێداچوونەوەو بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستکردنە گشتییەکان لە وەزارەتی پلاندانان لە نزیکترین دەرفەتدا ئاگادار بکاتەوە بەو ڕێکارانەی گرتویەتەبەر وە وەڵامدانەوەیەك بۆ بڕیاری ئەنجومەنی پێداچوونەوە کە سکاڵاکە یان هەر بەشێکی پاڵپشت دەکات.

**ماددەی 18 :**

**یەکەم–** ئەم پاشکۆیە (و) بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکانی ژمارە (2)ی ساڵی 2016.

**دووەم–** ئەم پاشکۆیە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**سێیەم–** لە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (60 ڕۆژ) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی کار بەم پاشکۆیە دەکرێت.